رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپ و بلاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

هاوکاری

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

(٨) لاپەرە
نرخی
(٢٥) فلس
لە (دار الحرية)
چاپ ئەکرێ

ژمارە (٣٥٣) ٧-٢-١٩٧٥

مامۆستا صدام حسین پیرۆزبایی لە بەرێز شوێنلای ئەکات

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئەم بروسکە پیرۆزباییەی بۆ سەرەک وەزیرانی چین نارد : بەرێز شوێنلای سەرۆکی ئەنجومەنی دەولەت – پەکین .

بەوبۆنەیەی کەسەرلەنوێ بەسەرۆکی ئەنجومەنی دەولەتی کۆماری گەلی چینەوە دانرانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێئەکەم .

صدام حسین
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

تەواو بوونی کاروباری کۆنگرەی گەلی ی کۆمەڵ کردن بەگەلی عیراق

دوژمن بڕوامان بەتوانای نەتەوەکەمان پتەوە

لە جیاتی سەرۆکی فەرماندەیکۆشەر رەفیق ئەحمد حسن بەکرلەسەعات شەشی ئێوارەی شەممەی ١-٢-١٩٧٥ مامۆستا صدام حسین جێگری سکرتیری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەهۆدی زانستەکانی – مستنصریە – لە بەغدا کۆنگرەی گەلی کۆمەڵ کردن بە گەلی عیراق دی دەست دێژەکانی ڕێبەرایەتی کۆنەپەرستەکەدا ئەرانی کردەوە ، وە لە کۆنگرەکەدا (٢٥٠) نوێنەری (٥٠) ڕێکخراوی سیاسی و بیشەیی و گەلی عەرەبو دۆست و بێنەی تیدا بەشداربوون ، کاروباری کۆنگرەکە سێ ڕۆژی خایاندو جگە لەوتارەکەی مامۆستا صدام نوێنەرانی ڕێکخراوەکانیش وتاریان خوێندەوە لەکۆتایی داکۆنگرە بیانناممەیەکی سیاسی و چەندین بڕیاری دەرکرد ٥٠٠٠ وشە ڕاپۆرتەکە دەربارەی ئەوکۆنگرەیە و کاروبارو بڕیارەکانی کە ڕۆژی دووشەممە کۆتایی هات :

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی :

خوشکان .. برایان :

بەناوی سەرۆکی خەباتگێڕ ئەحمد حسن بکرو بەناوی شۆڕشی تەموزو جەماوەری گەلو هێزە نیشتمانیپەروەرو خەباتکەرەکانی لەم – قطر – هدا سلاوێکی گەرمتان لێئەکەمو لە بەغدا بەخێرهاتنتان ئەکەمو هیوادارم کە کۆنگرەکەتان سەربکەوێ لە جێبەجێ کردنی ئامانجە پیرۆزە نەتەوەییەکانیدا

خوشکان .. برایان :

هەر لەسەرەتاوە .. ئەڵێین ئێمە بڕوایەکی پتەومان بەنەتەوەی عەرەبمان هەیە لەبەرەنگاری کردنی هەموو پیلان و دەستدرێژیو نەخشە دوژمنلە یەنگاریەکان ئەگەر ئێمە هەموو توانایەکی نەتەوە بخەینە مەیانی جەنگ و بەرێکوپێکی ڕێکی بخەین و ئاراستەکردنێکی ڕاستی نەتەوەیی ئاراستەی بکەین .. وە تاقی کردنەوەی زۆرەکانی نەتەوەکەمان ئەم بڕوایەمان ساغ ئەکاتەوە .

ئەم کۆنگرەیەتان .. خوشک و برایان .. کەنموونەی بەیەک گەیشتنێکی باشی هێزەکانی گەلی عەرەبماز و نیشانەیەکێتی نەتەوە تێکوشەرەکەمانەو هێزو توانای ساغ ئەکاتەوە بۆ ڕێکخستنی هێزو توانای بەرەو ڕاستینی دەسەلاتو نابڕوییو بەربەستکردنی هەموو جۆری پیلان و دەستدرێژیەک کە بکرێتە سەری .

ئەو دەستدرێژیەی ئەکرێتە سەر – قطر – ی عیراقتان ، وە کەئیمپریالیزم ئەیکاتو کاربەدەستانی ئێران بەشێکی ترسناکی لێجێبەجێ ئەکەن و بەشێوەی ڕاستەوخۆو ئاشکرا گیروگرفتێکی عیراق نیە ، وە گیروگرفتی نێوان عیراق و ئێران نیە . بەڵکو گیروگرفتی عەرەبییە چونکە ئالقەیەکی ترسناکی ئەو دەستدرێژیو پیلانانەیە کە نەتەوەی عەرەبمان و بەرژەوەندە سەرەکیەکانی لەسەر بەخۆیی و پێشکەوتن دا دووچاری هاتووە .

ڕێژیمی ئێران چەندین دەستدرێژی کردە سەر – قطر – ی عیراقو لەمانە یەکلایەنانە پەیمانی سالی ١٩٣٧ی هەڵەشاندەوە و بەهەش یاساو ڕێڕەوە نو دەوڵەتی و کاتی پرۆتۆکۆلی کردو دژخێکی گرنبووی لەناوچای – شط العرب – و بەدرێژی سنوری ڕۆژهەڵاتمان خولقاند .

جا لەوکاتەوە ڕێژیمی ئێران ڕێبازە دژمنایەتکاریەکەی دژی ئێمە توندتر کردەو پەیتا پەیتا بە لەشکر دەستدرێژی ئەکاتە سەرسنوری ڕۆژهەڵاتمان و هێرێکی گەورەی لەشکری لەسەر ئەوسنورە کۆکردۆتەوەو چەکی نوێی ئەمەریکا بەکارئەهێنێ بۆ لێدانو خستنەخوارەوەی فرۆکەکانمان لەکاتێکدا لەسەر خاکو سنوری خۆمان ئەرکو فەرمانی خۆیان بەدی ئەهێنن و تۆبی مامناوەندی و قورس بەکار ئەهێنێ بۆلێدانی هێزی چەکدارمان لە ناوخاکو سنورەکەماندا .

وابووبەچەند ساڵێک ڕێژیمی ئێران بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ فراوان دەست لەکاروباری ناوخۆمان و ەرئەداو ئەو هێزە عەسکەریەئێران لەم کاتەدا بنیاتی ئەنێت لەکەڵ قەوارەکەیدا ناگونجێ وەکو دەوڵەتێک لەناوچەکەو لە بنەماڵەو خێزانی نێو دەوڵەتانداش ئەمەش بەهیچ جۆرێک لەگەڵ پێویستیەکانی بەرگری نیشتمانی ڕەوادا ناگونجێ سەرەڕای ئەوەی بەپێچەوانەی پێویستیەکانی مل هەراکانی ئێرانە کە پێویستیان بە پێشکەوتن و زیاتر باشتر هەیە . بنیاتنانی ئەو هێزە میلیتاریستە لەڵ دەست دێژی کردنە سەر عیراق و دابەزاندنی سێ دووڕگەی (طنبی گەورەو بچوک و ابو موسی – لەگەڵ هەوڵدانی ئێران بۆ دەست بەسەر دەراوی – مضیق هرمز – دا گرتن ، ئەمانە هەمووی ڕوویداو نەتەوەی عەرەبمان دوچاری دژخێکی ناخۆش بووە لە بەرەنگاری کردنی دەستدرێژیەناپاکەکانی سەهیونی و لەکاتێکدا تێکڕای گەلی عەرەبمان و گەلی عەرەبمان لە فەلەستین بەتایبەتی هەموو هێزو توانایەکی ئەخاتە کار لە پێناو ڕزگارکردنی خاکە زەوت کراوەکەی ... ئەمانە هەموو پێکەوە ، براینە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە وتمان ئەو دەست دێژیەی ئەکرێتە سەر عێراق بەتەنیا گیروگرفتی عیراق نیە بەڵکو گیروگرفتی عەرەبییە . ئەو دەستدرێژیانەی ئێران شان بەشانی جموجۆڵی سەهیونیەکان دەستدرێژیەکی تیرە کە لە زرۆفێکی مێژووی زۆرخزش دا ئەکرێنەسەر نەتەوەی عەرەبمان . هەروەها ئەم دەستدرێژیانە بەشێکی گرنگی توانای ئەم نەتەوەیە لەبەرەنگاری بژنەیەدا بەوانە ئەڵێین کەباسی داگیرکردنی سەرجاوەی بەوت لەوکاتە کەماندا بەکار ئەهێنن ، ئەگەر دۆستەکانیان وابزانن کە مەسەلەیەو داگیرکردنە ئاسانە ئەوا ئەڵێین ئەمە زۆر گرانەو خۆنەگەر کارێکی وابکەن ئەوا دۆزی توندوتیژیان جموجۆڵی ئێمپریالیستەکان بەرەبەرەکانیەکی لێئەکرێتو گەلی گەلانی دنیای ناوچەکە هەڵوێستێکی هاوکاریانە لەبەرژەوەندیەیە لەبەرەنگاری ئەو هێرشە فراوانەی ئێمپریالیزمی ئەمەریکاو سەهیونیەتو کۆنەپەرستی ناوخۆ بووە ..

ئەگەر گەلەکەمان بەسەر کردایەتی سیاسیەیە هۆشیارو بەرە نیشتمانیەکەیەوە ڕێگای خەباتو بەرەنگاری کردنی پرۆژە خۆبەدەستەوە دەرەکانی گرتبێتەبەر لەگەڵ ڕێگای ڕزگارکردنی سامانە نەوتیو سروشتیەکانی لەژێر چنگی کۆمپانیا مۆنۆپۆلیەکان ئەوا نەترساوەو ناترسێ کە ئەو ڕێگایە پێویستی بە ئاگاو هوشیاریو قوربانیدانو فیداکاری هەیە .. وە ئەو هەڵوێستە خۆیانەی ئێرانو ئەودەست دێژیەیە ڕەواکاندا ئەیکەن .. وە کە هەرئەبێ سەریش کەوێ ڕاستەوخۆ بە مەسەلەکە تایبەتەکانەوە بەستراوە تەوەو پەیوەندی بەمەیانی نێو دەوڵەتانەوە هەیە ، چونکە ئەم خەباتەدا ئیمپریالیزمی جیهانی دوژمنی سەرەکیمانەو ئێمە ئەمە لەفەلەستینو لەعیراقو لەخلیجو هەموو بەشێکی خاکی عەرەبدا بەدی ئەکەین .

جا بۆیە ئیمە بەتوندی ئەو ڕێبازە هەڵانەئاگادار ئەکەینەوە کە ئەیانەوێ خەباتو تێکۆشانمان لەدۆستانمان دابڕن لەجیهان ، لە وڵاتانی سوشیالیستیو لەکۆمەڵەی وڵاتانی بێلایەنو وڵاتە دۆستەکانیتر .. وە لەم ڕووەوە ئەو هێزانە بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە ئێمە پشت بە هێزێکی دیکتاتوری شادا ئەبەستین کە ئەوە بەرژەوەندی ئێران ئەپارێزێ و ئەوە بەرژەوەندی ئەو هێزانەیە کە ئەیانەوێ ئەو ڕاستیە بشێوێنن کە ئێمە پشت بە هێزی گەلی خۆمان ئەبەستین و پشتگیری عیراقی شۆڕشو پێشکەوتنتان کرد .. هەروەکو تاوانێکی گەورە بەرامبەر نەتەوەکەمان کراو فەلەستینیش داگیرکراو قەوارەی سەهیونی دامەزرا ، بەڕۆژی ڕونی گیراوی سیاسی لەبەندیخانەکانی ئێران وبەفرمانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا سەهیونیەت تاوانێکی تر دژی نەتەوەی عەرەب ئەکەن . داگیر کردنی سێ دورگەکەی عەرەب لە خلیجی عەرەب دا نەتەوەی عەرەبی ئاگادارکردەوە کە نەخشەکانی ئێران ئالقەو زنجیرەی لە دواوەیەو ئەوە بوو ڕووداو یەک لە دوای یەک **ڕوویان** دا ئێران بە لەشکر دەستی خستە ناو کاروباری خلیجی عەرەبەوەو بەئاگرو ئاسن بەگژ شۆڕشگێڕانی عوممان دا ئەچێو دوژمنایەتی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن ئەکات .. وەترسناک ترین ئالقەی زنجیرەی پیلانەکانی کۆنەپەرستانی ئێران ئەورێبازە دوژمنایەتکاریو دەست دێژی کردنە بوو کە دژی سەربەخۆیی عیراقی دیموکراتو سەربەخۆ گرتبانەبەر . بڕیانی خۆشەویست : بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کە نوێنەری هەموو پارتیو دەستەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازە لە – قطر – ی عیراق دا هەموو توانایەکی ئەخاتە گەڕ بۆ پاراستنی سەربەخۆیی عیراقو سیادەکەی .

بڕیارەکانی کۆنگرەو بەیاننامە سیاسییەکە

وە لە کۆتایی کۆنگرەکە دا بەیاننامەیەکی سیاسیو چەندین بڕیاری گرنگ دەرچون کە ئەمە

بڕوانە ل ـ٧ـ

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران

وە دوو نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بەکوردیو عەرەبی وتاریکیان خوێندەوە تیایدا باسی ئەوە زۆروفو دۆخە ناخۆشەیان کرد کە لەلی کورد لەکوردستانی ئێران دا وە لەسای ڕژیمی دیکتاتوری شادا ئەیچێژن و ئەژیان و وتیان پێنج ملیون کورد لەکوردستانی ئێران دا هەیەو لەهەموو مافێکی مرۆڤایەتی بێبەش کراوەو ئێران بووەبە بەندیخانەیەکی گەورەی ترسناکی گەلانی ئێران و داگیرکراو قەوارەی سەهیونی ئیستاکە زیاتر لەبیست هەزار گیراوی سیاسی لەبەندیخانەکانی ئێران وبەفرمانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا سەهیونیەت تاوانێکی تر دژی نەتەوەی عەرەب ئەکەن . داگیر کردنی سێ دورگەکەی عەرەب لە خلیجی عەرەب دا نەتەوەی عەرەبی ئاگادارکردەوە کە نەخشەکانی ئێران ئالقەو زنجیرەی لە دواوەیەو ئەوە بوو ڕووداو یەک لە دوای یەک **ڕوویان** دا ئێران بە لەشکر دەستی خستە ناو کاروباری خلیجی عەرەبەوەو بەئاگرو ئاسن بەگژ شۆڕشگێڕانی عوممان دا ئەچێو دوژمنایەتی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن ئەکات .. وەترسناک ترین ئالقەی زنجیرەی پیلانەکانی کۆنەپەرستانی ئێران ئەورێبازە دوژمنایەتکاریو دەست دێژی کردنە بوو کە دژی سەربەخۆیی عیراقی دیموکراتو سەربەخۆ گرتبانەبەر . بڕیانی خۆشەویست : بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کە نوێنەری هەموو پارتیو دەستەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازە لە – قطر – ی عیراق دا هەموو توانایەکی ئەخاتە گەڕ بۆ پاراستنی سەربەخۆیی عیراقو سیادەکەی .

بڕیارەکانی کۆنگرەو بەیاننامە سیاسییەکە

وە لە کۆتایی کۆنگرەکە دا بەیاننامەیەکی سیاسیو چەندین بڕیاری گرنگ دەرچون کە ئەمە

بڕوانە ل ـ٧ـ

بەرەی نیشتمانی

وە مامۆستا نعیم حداد سکرتیری بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز وتاریکی خوێندەوە تیایدا باسی چەندین مەسەلەی گرنگی کرد وتی : بەناوی هێزەکانی بەرەوە پرپەدڵ شانازی بەوە لەسای ڕژیمی دیکتاتوری شادا خۆپێشاندانە نەتەوەییەکەی فراوانەتان ئەکەین کە تیایدا پشتگیری عیراقی شۆڕشو پێشکەوتنتان کرد .. هەروەکو تاوانێکی گەورە بەرامبەر نەتەوەکەمان کراو فەلەستینیش داگیرکراو قەوارەی سەهیونی دامەزرا ، بەڕۆژی ڕونی گیراوی سیاسی لەبەندیخانەکانی ئێران وبەفرمانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا سەهیونیەت تاوانێکی تر دژی نەتەوەی عەرەب ئەکەن . داگیر کردنی سێ دورگەکەی عەرەب لە خلیجی عەرەب دا نەتەوەی عەرەبی ئاگادارکردەوە کە نەخشەکانی ئێران ئالقەو زنجیرەی لە دواوەیەو ئەوە بوو ڕووداو یەک لە دوای یەک **ڕوویان** دا ئێران بە لەشکر دەستی خستە ناو کاروباری خلیجی عەرەبەوەو بەئاگرو ئاسن بەگژ شۆڕشگێڕانی عوممان دا ئەچێو دوژمنایەتی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن ئەکات .. وەترسناک ترین ئالقەی زنجیرەی پیلانەکانی کۆنەپەرستانی ئێران ئەورێبازە دوژمنایەتکاریو دەست دێژی کردنە بوو کە دژی سەربەخۆیی عیراقی دیموکراتو سەربەخۆ گرتبانەبەر . بڕیانی خۆشەویست : بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کە نوێنەری هەموو پارتیو دەستەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازە لە – قطر – ی عیراق دا هەموو توانایەکی ئەخاتە گەڕ بۆ پاراستنی سەربەخۆیی عیراقو سیادەکەی .

بڕیارەکانی کۆنگرەو بەیاننامە سیاسییەکە

وە لە کۆتایی کۆنگرەکە دا بەیاننامەیەکی سیاسیو چەندین بڕیاری گرنگ دەرچون کە ئەمە

بڕوانە ل ـ٧ـ

Archive de parisa
institut kurde

سەرنجێکی سیاسەتی میلیتاریستی حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران

● کەمال ●

بەشی یەکەم :-

لەڕێبەندانی سالی ١٩٧١ داشا بەئاشکرا رایگەیاند کە « بەشێک لە نەخشی ڕاندارمی نیو نەتەوایەتی لە ناوچەی خەلیج داوە ئەستوی خۆدەگرێ »لە مانگی ڕەزبەری سالی ١٩٧٣ « پاراستنی ئەمنیەتی ئێرانی »تا ئوقیانوسی هیندپەرەپێ دا ٠ هەر لە مانگی ڕەزبەری ئەوسالەدا گوتی : « باشترە ولاتمان نەمێنی و لە بەینیی بەرین و بیفەوتێنین ، نەک تەسلیمی بکەین » تەواوی ئەم قسەوڕپنە بۆ ئەوە بوە ، کە سیاسەتی میلناریستی (بەلەشکر خوڕین) خۆی دەگەل ستراتیژی سیاسی - نیزامی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیز بکاتەیەک و لەم ناوچەیەدا ببیتەدارددەستی ئیمپریالیزم ٠

میلیتاریزم و سروشتەتایبەتیەکانی

میلیتاریزم (بەلەشکرخوڕین) بەمانای بەربڵاوی میژوویی بریتیی یە لە سیاسەتی کۆنەپەرستی و بەهێزکردنی توانای عەسکەری لەلایەن چینەدەستەلاتدارەکانی چەوسێنەرەوە ٠٠ بۆ دوو ئامانج و مەبەست :

١ - سەرکوت کردنی جوڵە-نەوەی ڕزگاریخوازی و خەباتی و بەربەرەکانی گەلۆچینەکانی چەوساوە وە لە ژوورەوەی وڵات دا ٠

٢ - خۆسازکردن بۆ شەڕی پەلامارددەرانەو داگیرکەرانە ٠

میلیتاریزم بەمانای سەردەمی ئێستا بەگوێرەی فیرکردەکانی لینین «بەڕووی سەرمایەداریە»کە بە دوو شکڵ خۆی دەنوێنێ : « بەشکڵی هێزی عەسکەری کە دەوڵەتەکانی سەرمایەداری کانێ پێک هەڵپژان لە نێوان خۆیان دا بەکاری دەهێنن و بەشکڵی چەکێک بەدەست چینە چەوسێنەرەکانی خاوەن دەستەڵاتەوە کە هەموو جوڵانەوەیەکی ڕابووری و سیاسی پڕۆلیتاریای پێ سەرکوت دەکەن »(١) ٠

میلیتاریزاسیون پەرەپێدان و بەجێگەیاندنی ئەو سیاسەتەیە لە مەیدانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیدئولوژیکی و هەموو بەشەکانی ژیان دا ٠

میلیتاریزم ریشەیەکی میژوویی هەیە ٠ ڕەگ و ریشەی میلیتاریزم لە نەزمی کۆمەڵایەتی خاوەن چینی چەوسێنەرو چەوساوەوە دایە ٠ لە سەردەمی نەزمی کۆیلەتی دا ، لە ولاتی سپارت و ئیرانی قەدیم و ڕۆمی دان دا پەیدابوە ٠

لە سەردەمی دەرەبەگی دا میلیتاریزمی پروسیس نموونەیەتی ٠ لە نەزمی سەرمایەداری دا ئەو کاتە دەوڵەتەکانی سەرمایەداری دەست بە داگیرکردنی موستەعمەرات دەکەنی و دنیا بە ناوچەی ژێر دەستەلاتی خۆیان بەش دەکەن ، میلیتاریزم لە سیاسەتی کۆنەپەرستی دەستەلاتدارەکانی سەرمایەداری دا شوێنێکی گرینگ داگیر دەکا ٠

وشەی میلیتاریزم « بەلەشکر خوڕین » هەر لە سەردەمەدا ، یانی لە سەرەتای سەدەی نوزدەوە ، دێتە نارقاموسی سیاسی ٠ لەگەڵ تێپەڕبوونی سەرمایەداری ، بۆقوناخی ئیمپریالیستی (دوایی-یەکانی سەدەی ١٩) کاتێک بەشکردنی دنیا لە نێوان ولاتەکانی سەرمایەداری داتەواو دەبێ و بۆ بەشکردنەوەی سەر لە نوێی دنیا خەباتدەستپێدەکرێتەوە ، میلیتاریزم دەگاتە پلەی سیاسەتی حکومەت لە ولاتەکانی سەرمایەداری و تەنانەت ئابووری ولاتیش بۆ میلیتاریزە کردن بەکار دەهێندرێ ٠

ئەڵمانیا لە سالەکانی پێش شەڕی هەوەڵی جیهانی و ئیتاڵیا و یابان و ئەڵمانیا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی نموونەی میلیتاریزمن ٠ پاش شەڕی دووهەمی جیهانی میلیتاریزم لە ولاتانەیەکگرتوەکانی ئەمریکاپەرە دەستینێ ٠

لە سەردەمی قەیرانی (نەزم) گشتی سەرمایەداری دا ، دەگەڵ پەیدابوونی هەوەلینی ولاتی سوسیالیستی و پاشان پەیدابوونی سیستەمی جیهانی سوسیالیستی ، میلیتاریزم دەبێتە خسووسیاتی گرینگی ولاتەکانی سەرمایەداری ٠ پێکهێنانی پەیمانە عەسکەریەکانی (ئوتو - سێتو - و ٠٠) بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و بە مەبەستی گەمارۆدانی یەکێتی سۆڤیتی دیاردەی میلیتاریزمە ٠ ئامانجی نهێنی میلیتاریزم شەڕە ٠ بەڵام ئیمڕۆ لە دنیادا هیزی بەتەوژمی ولاتە سوسیالیستیەکان ، هێزی چینی کرێکاری ولاتەکانی سەرمایەداری و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی ، گەلانی جیهانی توانای ئەوەی هەیە کە میلیتاریزم قەمتەر بکا و ببیەستێتەوە ٠ ئیمپریالیزم ئەمجارە کەوتوتە چەکدارکردنی ولاتەکانی هاوپەیمانی و حکوومەتە دەستنێژەکانی خوی چەکدار دەکا ٠

ستراتژی سیاسی - عەسکەری ئیمپریالیزم و میلیتاریزم لە ئێراندا ٠

لەشکری ئێران هەر لە هەوەڵی دامەزرانیەوە ، لە بەردەستی ئەفسەرانی بیگانەدا بوە ٠ لەسالەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی بەتەواوی تەنگیان بەڕێژیم و دەسەڵاتی سایگون هەڵچنیوە بەجۆرێک کە حکومەتی سایگون دەپەوێت بە پالپشتی ئەمریکاوە ئەم شوێنانە لە ژێر دەسەڵاتی جەنگاوەران دەربهێنێ بۆیە ناچار بووە کە دەکەن ٠

قەفقاسیان دەکیشا ٠ لەشکری ئێران ببووبەمەکوی جاسووسەکانی هیتلەرو چاوەڕوانی لەشکری فاشیزم بوو بگاتە ئێران ٠

باش تیکچوونی حکوومەتی ڕەزاخان و هاتنە سەرکاری حەمەڕەزا شا ئەم جارە لەشکری ئێران کەوتە ژێر دەستی ئەفسەرانی ئەمریکایی و بەگوێرەی پەیمانێکی کە لە ٣٠ی نوامبری سالی ١٩٤٣ دا لەنێوان سەرەکەوەزیری ئیران (ساعید) و (لوئیز دریفوس) نوێنەری ئەمریکا لە تاران ئیمزا کرا ڕاوێژکاری ئەمریکایی دەبوایە لەشکری ئێران ڕێکبخەن ٠ لەمەوبەدوا لەشکری بەرین و عەسکەری و ڕابەرایەتی بە ئەفسەرانی ئەمریکایی بە تایبەتی لە پیرەدرا ٠ ئەمەش ڕێبماگون دەجۆرێکیان ڕێکخراوی لەشکری ئێران دادەمەزرا ، کە بە تایبەتی ئەمریکا وەک (گۆشتی دەمی توپ) کەلکی لێ وەربگیری و هەر لە سەرەتاوە پەلامارددەرو دژی گەلیان دە عاملانە ٠

هەروەها کردەوەی پەلامارددەرانەی لەشکری ئێران و دەست تێوەردانی ئەفسەرانی ئەمریکایی پاش زالبوونیان بەسەر لەشکری ئێران دا ، پەلامارێکی چاکدار بوو ، بۆ سەر جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستان و ئازربایجان و کوشتاری خەڵکی بێ تاوان لە ٣١ی سەرماوەزی سالی ١٩٤٦ دا ٠

ئەنجامەکەی ترەی زالبوونی ئەفسەرانی ئەمریکایی بەسەر لەشکری ئێران دا کودیتای عەسکەری گەلاوێژی سالی ١٩٥٣ بوو ، کە بەنەخشەوپلانی ریکخراوی جاسووسی ئەمریکا کردبان و حکوومەتی دوکتور مصدقیان ڕووخاندو بە کوشتاریکی خوێناوی لەشکری ئێرانیان لە ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز پاککردەوە ٠

نوامبری سالی ١٩٥٥ دەوڵەتی ئێران هاتە نێو پەیمانی بەغدا (سەنتۆ) و لەشکری ئێران ئەم جارە بە لەشکری هاوپەیمانەکانەوە بەستراوەو (حسینی عەلا) سەرەکی وەزیری ئەو دەمی ئێران گوتی:

« پاش ١٥٠ سال بێلایەنی ئازایانە ریگای خومان هەلبژاردو هاوپەیمانی خومان دۆزیەوە » ٠٠

حکوومەتی ئێران کە لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران نەترەی چوو بوو ٠ تەنیا بەچوونی ناو پەیمانی بەغدا کۆلووکۆڕی دانەمەرکاو لە بەیاننامەیەکدا (دوکتورینی ئەیزنهاویر)ی تەئیدکرد ٠ ڕێژیمی ئێران بەو کارە ، ئیجازەی دەدا بە دەوڵەتی ئەمریکا ، کە لە کاتی پێویست دا بۆ بەپوالەت بەرگری لە ئێران لەشکری خۆی بێنێتە ئەم وڵاتە ٠ لە بەرامبەر ئەوە دا وڵاتە یەک گرتوەکانی ئەمریکا ، وەستۆی خۆی گرتبوو ، کە لەشکری ئێران بەخیرایی چەکدار بکا ٠

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی عیراق هاتنەدەری ئەم وڵاتە لە پەیمانی بەغدا ، ڕژێمی دیکتاتوری ترسی لێ پەیدابوو ، ئەوەندەی هوا بەو پەیمانە لەقو لۆقە نەما ٠

لە مانگی مارسی ١٩٥٩ دا پەیمانێکی دووقۆڵی لە گەڵ ئەمریکا بەست ٠ بەستنی ئەو پەیمانە بە جارێک دەرەتانی دا بەپێنتاگون کە بەپاشکاوی دەست لە کارو باری ئێران وەربداو تەواوی کارو باری لەشکری ئێران کەوتە بەردەستی ئەفسەرانو نوێنەرانی وڵاتانی ئەفەریقا بەتوندی پشتگیری ئەوپڕۆژەیەیان کرد کە (٧٧) دەوڵەتی لەشکری ئێرانی پڕ چەکتروپەرداختر کرد ٠ لە سەرەتاوە چەک و قۆرخانەی ئەمریکا بە ناوی یارمەتی بەخوڕایی دەدرا بە لەشکری ئێران ٠ سالی ١٩٦٤ مافی « پاراستنی سیاسی و قەزایی » درا بە ئەفسەرو عەسکەرەکانی ئەمریکایی کە لە ئێران دابوون لەگەڵ پەسندکردنی ئەم قانوونە ئیتر ئەفسەرانی ئەمریکایی هەرچی لە ئێران دا کردبایان کەس نەیدەتوانی پرسیاریان لێ بکا ٠ ڕۆژنامەی « پتریت » چاپی دیهێلی نووسیبووی :

« وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تەنگ و چەلەمەیەکی زور مەترسی داری خستە

بڕوانە ل -٧-

بڕیارەکانی کۆنگرەی وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپێک

ڕۆژی ٢٦-١ کاروباری کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەو دارایی و نەوتی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێک دا لەشاری جەزایر کۆتایی هات وەلەسەر داخوازی بەڕێز هواری بۆمیدین سەرۆکی جەزایر بڕیاردرا کە لە نێوان ٢١ی شوبات و ٨ی مارتی ئەم ساڵ سەرۆکی وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپێک لەجەزایر کۆببێنەوە ٠

وە لەبەیاننامەی کۆنگرەکەدا ڕاگەیەنرا کە لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنراوە بۆ گەڵاڵەکردنی بەرنامەو ئەو ڕاپۆرتانەی پێشکەش بە کۆنگرەی بەرز ئەکرێن ٠ ئەم کۆنگرە بەرزەش بۆ دانانی ستراتیجیەکی هاوبەشە سەبارەت بە تۆندوتیژبوونی گیروگرفتی ئابووری وڵاتانی سەرمایە داریەو بڕیارەکانی کۆنگرەیەو بەسەرکەوتنی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپێک ئاوەکۆ ئەمریکا ، ئیجازەی دەدا بە دەوڵەتی ئەمریکا ، کە لە کاتی پێویست دا بۆ بەپوالەت بەرگری لە ئێران لەشکری خۆی بێنێتە ئەم وڵاتە ٠ لە بەرامبەر ئەوە دا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرگری لە ئێران دابوون لەگەڵ پەسندکردنی ئەم قانوونە ئیتر ئەفسەرانی ئەمریکایی هەرچی لە ئێران دا کردبایان کەس نەیدەتوانی پرسیاریان لێ بکا ٠ ڕۆژنامەی « پتریت » چاپی دیهێلی نووسیبووی :

« وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تەنگ و چەلەمەیەکی زور مەترسی داری خستە

بڕوانە ل -٧-

جەنگاوەرانی ڤیتنام بەردەوام لە تێکۆشان دان دژی ڕژێمی سایگۆن

محمود حاجی
ئامادەی کردووە

بە فرۆکەی هەلیکۆپتەر پیویستی شەڕ بۆ سەربازەکان بێنێرێ ، لەلایەکی ترەوە ڕژێمی سایگون زیاتر لە ٢٥٠٠ کەسی بەتانک و چەکەوە نارد تە سەر هەرێمی بلوک لونگ بۆ پاراستنی شوێنگەی فەرماندەیی ئەمریکا لە ڕۆژی ٢٦ی ئەم مانگەدا (دوکتورینی ئەیزنهاویر)ی تەئیدکرد ٠ ڕێژیمی ئێران بەو کارە ، ئیجازەی دەدا بە دەوڵەتی ئەمریکا ، کە لە کاتی پێویست دا بۆ بەپوالەت بەرگری لە ئێران لەشکری خۆی بێنێتە ئەم وڵاتە ٠ لە بەرامبەر ئەوە دا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرگری لە ئێران دابوون لەگەڵ پەسندکردنی ئەم قانوونە ئیتر ئەفسەرانی ئەمریکایی هەرچی لە ئێران دا کردبایان کەس نەیدەتوانی پرسیاریان لێ بکا ٠ ڕۆژنامەی « پتریت » چاپی دیهێلی نووسیبووی :

« وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تەنگ و چەلەمەیەکی زور مەترسی داری خستە

بڕوانە ل -٧-

له‌ژێر ڕۆشنایی خه‌باتی گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست به‌دوژمن خه‌فه‌ناکرێت

سالی پار گەلانی ئەفەریقا لە خەباتیان دا دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و سەهیونیەت و لە پێناو ڕزگاری نیشتمانی دا سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناو بەم تێکۆشانەشیان بەشداریەکی کاریگەرانەیان کرد بۆ بەتەووژم هێنانی بەرەو پێش بردنی خەباتی مەسەلە ڕەواکانی گەلانی وڵاتانی سێیەمی جیهان و سەرنجڕاکێشی دەورو فۆرسایی پارستنگی هێزی گەلە چەوساوەو نەتەوە زور لیکراوو نەلانی سێیەمی جیهانیان لەسەر شانۆی نێودەوڵەتان قورستر کرد ٠ هەر لە سالی پار دا (١٩٧٤) دوای خەباتێکی سەختی درێژ خایەن ڕژێمی پورتوگال بە چۆکداهات و بە ڕەسمی دانی بەکۆماری گینیا - بیساو و مافی سەربەخۆیی گەلی مۆزەمبیق دانا ٠ وەلەمەنگی تشرینی دووەمدا لە گەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی سان تومبی و پرنسیپ ریککەوتێکی مۆر کردو بەم پێیە لەم ساڵدا (١٩٧٥) دوور نیە ڕێی سان تومبیو پرنسیپ سەربەخۆیی تەواوەتی خۆیان وەرنەگرن ٠

لەلایەکی ترەوە خەباتی وڵاتانی ئەفەریقا بەتەووژم و گەلانی ئەو پەڕی دنیا لە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و پتەوکردنی سەربە خۆیی ئابووری و چەندین نموونە لەم مەیانە دا بەدی دەکرێ : ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٤ دا حکومەتی کۆنگۆ ئەمتیاز ەی پەک خست کە دابووی بە هەشت کۆمپانیای یەگانەی نەوت و تۆنگو مولک و سهم ی بیگانەکانی لە کۆمپانیای - کانزای بینین - میللی کردو ، وڵاتی لیبیا سێ بەرژەوەندی گەلەکەی بەکاری بهێنێ ولەم مافانەش مافی میللی کردن و کردن بە مولکی گەل ٠٠

ئیمڕۆش کەگەلانی ئەفەریقا لە ڕیزێکی پتەوو لەیەکتری نەبڕاو دا لەگەڵ تێکڕای گەلو وڵاتانی سێیەمی جیهان دا چاکی خەباتیان لێ کردوە بەلادا هەر بەرەوپێش ئەچن و دوا ڕۆژێکی خۆش بۆ ئادەمیزادی پێشکەوتن خواز دەهێننەدی و ئەوەندەی تر ئیمپریالیزم و دوژمنان لە ڕۆخی گۆڕ نزیکتر ئەکەنەوە ٠

لە مێژووی پرشنگداری خەباتی گەلانەوە
نۆ سەد ساڵ خەبات دژی
داگیرکەرە ئینگلیزەکان

مەسەلەی ئێرلەندە

- وەرگێڕ : ڕەئوف -

- ٥ -

ڕێگو پێکی سیاسی

لە چوار بەشەکەی پێشوداکورتە باسێکی خەباتی گەلی ئیرلەندمان کرد ، وە بۆتێگەیشتنی باری ئەمڕۆی ئیرلەندە وامان بە باش زانی پێشەکی سەرنجێک لە ڕێکوپێکی سیاسی گەلی ئیرلەندەبدەین تاکو باشتر لە خەباتی ئەمڕۆی ئەم گەلە قارەمانە بگەین ٠

یەکەم : سوپای کۆماری ئیرلەندە :

باسمان کرد کە سەرەتای دامەزراندنی لە ڕاپەڕینە چەکدارەکەی ١٩١٦وە دەست پێ دەکات ، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە پارتی (سن‌فاین)وجەنگاوەرە ئازادیخوازەکان سەر لە نوێ خۆیان ڕێکخستەوە ٠

لە ١٩٥٦ دووبارە کەوتەوەخەبات پاش ئەوەی کە بۆی ساغ بوەوە، مەسەلەی ئیرلەندەبەیەک باکورو باشور لە یەکتر جودا ناکرێتەوە ٠

لە ١٩٦٩ سوپای کۆماری بوو بە دوو کەرتەوە واتە بوو بە دوو سوپای کۆماری ، یەکەمیان خۆی ناونا سوپای کۆماری ڕەسمی (سوریشی پێ دەلێن) دووەمیشیان (سوپای کۆماری وەختی) ٠

سوپای کۆماری ڕەسمی :

هەڵە بە بەکارهێنانی خەباتی سیاسی دەکات بۆ ڕاکێشانی گەل بو ئەرمەی تێکۆشان لە بەر ئەوە هاوبەشی دەکات لە هەموو چالاکیەکی چینی کرێکار و بەشەکانی تری گەلدا هەر وەکو (کاتاڵ کولدنگ) سەرۆکی ئەرکانی ئەم سوپایە گوتی : ئیمەدەمانەوی بە شێوەی ئاشتی و سیاسی میللەتی ئیرلەندەرزگار بکەین ، بەڵام دوژمنەکەمان هەموو دەرفەتێکی لێ گرتوین و ناچاری کردوین کە دەبی هەر گوللەو ئاسن بەکار بهێنین ٠ ئیمە تەنها لەو کاتەدا دەست دەدەینە چەک کە هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا کوناو کون بە دوای تێکۆشەرەکانی سوپای کۆماریدا دەگەڕێن و گوللەیان پێوە دەنێن ٠

بەڵام (سوپای کۆماری وەختی) :

تەنها خەباتی چەکدار بەرێگا دەزانێ بو لە ناو بردنی حکومەتەکەی (بلفاست)وناچار کردنی بەریتانیا بوملدان بو یەکخستنی ئیرلەندە ٠

هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە جیاوازیەکی تەواو هەیە لە نیوان هەردوو سوپای کۆماریدا ٠ سوپای وەختی بروای بە (سوشیالیزمی مەسیحی)هەیە ٠٠ ئەوەبو (جوکاهیل) کەیەکیکە لە سەرکردەکانی داوای کۆمارێکی ئیرلەندەی بێ سوشیالزم و کومیونزم دەکات کە (دەبلن) ئەمەی پێ خۆش بوو ٠

بەڵام سوپای کۆماری ڕەسمی (سور) بۆتە چەقی چاوی دەبلن وبلفاست و لەندەن ، هەر وەکو یەکێک لە فرماندەرەکانی سوپای بەریتانیا گوتی : سوپای کۆماری ڕەسمی زور خەتەرترەلە سوپای کۆماری وەختی ، چونکە پروگرامێکی ئاشکرای هەیە بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی ئیرلەندە ٠٠ ئەو پروگرامەی کە لە کۆنگرەی پارتی (سن‌فاین)بەشی چەپ بڕیاری لە سەر درا کە ئامانجی دانانی کومارێکی یەکگرتوی دیموکراتی سوشیالیستە لە هەردووبەش ئیرلەندە دا بەو مەرجەی چینی کرێکارودۆستەکانی دەست بگرن بەسەر حوکم و ژیانی ئابوریدا ٠

گومانی نیە دوژمنانی گەلی ئیرلەندە سوود لەم جیاوازیە دەبینن لە نیوان هەر دوو سوپای کۆماریدا هەر وەکو (شون کینی)سکرتیری گشتی (سن‌فاین) گوتی :

« بیستومانەتەوە کەواحکومەتەکەی (دەبلن) لە ژێرەوە ، هانی تۆکەرەی« ڕاستەکی »یەکانی سوپای کۆماری وەختی دەدەن بوڵێدانی هێزەکانی سوپای

بروانە ل ٧

بۆ سەربەستی چەند سەرنجێك لە : تاریك و روون لە بۆچوونێكی مرۆڤانەدا .

کەمال غەمبار

مامۆستا دڵشاد لەوتاری سێیەمیا دەڵێت : هێمن تووشی (دەردە پۆژهەلاتی) یێکەدەبێت کە ئەویش کەس پەرستیە کە زۆر جار ئەو دەردە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵانی لەژێردا دەپلمێشێتەوەوا رادەبینێ کە پێشەوا بوونی وەکو سەر کۆمارێکیان وە کورابەرێک بەسە بۆ ئەوەی هەموخەلکی بگەنە ئامانج و ئاواتە کانیان :

میللەتی ئێمە هومێدی زۆر بەکاری پێشەوایە

٠٠ ٠٠ ٠٠ ٠٠

٠٠ ٠٠ ٠٠ (١)

لەکاتێکا کە من دژی کەس پەرستی (عبادة الفرد)م ، بەڵام نابی ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئەو پۆژەی هێمن بەو ڕێبازە هەنگاوی ئەنا ، بەدەیان پارتیەیە پێشکە وتنخوازە چەپ ڕەوەکان تووشی ئەم دڵەڕاوکێ و دوودڵیە هاتبوون ئاخۆ کەی ئەم دەردە چارە سەرکرا ؟! ئێستا ئەم دەردە لەناو بزوتنەوەی گەلانا باوە یاخودنا ؟! ئەگەر هێمنێك چەند دێرێك شیعری بۆ پێشەواقازی وتبێت زۆر نەپۆشتووەو لەخەت لای نەداوە کە بەهەلەیەکی گەورەی دابنێین ، جگەلەوە کەپەیوەندی یەکگیانی و سیاسی هەبووە لە نیوان هەردووکیانا ، سەرەڕای دەوری پیشەوا قازی لە دروست کردنی کۆماری مەهاباد ، ئەگەر (هێمن) تووشی ئەم دەردە بووبێت ئەبێ بە مایکۆفسکی بلێین چی کە لە سالی ١٩٢٤ دا شیوەیێك بۆ لینین دادەنێت و دەڵێت :

ئەگەر من و هاوارەکانم پێشمیل کراین
نەفڕەت لە ئاسمان ئەکەمو
بۆمبایەك بە (کرملین)
ئەدەمو هاوار ئەکەم بروخێ
کۆمیتەی ..

٠٠ ٠٠ ٠٠ (٢)

مامۆستا دڵشاد لە ئەلقەی پێنجەمدا نووسیویەتی : کاتێك شاعیر بڕی هەیە خۆشەویستی بۆ ئافرەتێك یان کەسێك لەتەك خۆشەویستی بۆنیشتمان وگەلوشتەکانی تر دابنێت و پێکیانەوە ببەستێ کە پەیوەندی یەکی جەدەلی (ماددی) بدۆزێتەوە لە نیوانیان داودیاری بکات و بیکاتە مەرکەزیکی بەهێز بۆ پێکەوەلکاندنی هەردوو خۆشەویستی ڕێکە « واتە خۆشەویستی بۆزاتێك لەگەل خۆشەویستی بۆ کومەڵێك یانیشتمانێك »لەدوایدا بۆ چەسپاندنی ئەم ڕایەی نموونەی شیعری شاعیری ئافرەت لی کراو بۆ دلیر دەهێنێتەوە ، لە پاشاباسی جیگای چینایەتی شاعیرو ئیلتیزامی فیکری و تەنزیمی وسەرەڕۆیی و سام کردن لەهەندی شتی دیاری کراوەکات ودەڵێت : هێمن شاعیریکی بورجوای چاوکراوەیە .. .. .. (٣)

لیرەدا دەموێست کاکی نووسەر (بۆ دڵێرێك) نەکاتە ڕەمزێك و نیشانەیێك بۆشی کردنەوەی شیعرەکانی هێمن و بیرو باوەرەکانی شاعیر ، چونکە بۆدلیر وەکو شاعیریك ، بیروڕاو هەڵوێستی لەهی هێمن پێشکەوتنخوازترو شۆڕشگێڕتر نەبووە کەبیکەینە نابی باسی خەمی تیدابێت ، وەردی سەرزمانمان و شادەی پی خەمیشی تێدابێت دەبێ دواینە هەڵسانەوە بێت (٨) لێرە دەمەوێت ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەمەوە کە کاك دڵشاد بۆی چووە ، ڕاستە شاعیر زۆر جار وەرەبەرئەدات و ئەچێتەوە قاوغێکی ترو تووشی ڕەش بینی و نائومیدی ئەبێت ، بەڵام پیشرەوە سیاسی یەکەی لەم کەندەڵانە رزگاری ئەکات و ئاسۆیەکی تری بۆ ئەکاتەوە کە گۆشەگیری و خەم خواردنەوەی شاعیر دەردی کۆمەڵ چارەسەر ناکەن و بریندکانی ساریژناکەن .. بۆیە هەنری لۆڤاڤەر دەڵێت : وازهێنان لەشێوەکۆنەکانو دروستکردنی شیوەنوێیەکان بەئەزموونی ڕاست کراوەو بەکردەوەی هەستکردن بە ڕووداوەکانی نوشوستی و کەوتن و ڕەخنە لەخۆگرتن نەبێت نایەتەدی ، وە لەم ئەرکە گرانەدا کە مەبەستە هۆش وەرگرتنە (ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن) هونەرمەند ناتوانێ بەتەنیا بێت ، وە هەر چەندە خۆی لەگۆشەگیری دەربازکرد سەربەستی پترئەبێ ئەمەش پێویستە بەوە ئەکات کە هەست پە (حەڵك) واتە بەگەڵو جەماوەرو پیشرەوە سیاسی یەکەی بکات » (٩) ... من لەگەڵ کاکی نووسەر نیم ئیلتیزام ئەوەیە کە ئەدەب ئابی باسی خەمی تیدابێت ، گەر باسی خەم نەکرێت و مرۆڤ خەمو پەژارە بەخۆ وە نەبینێ تام لە ژیانی خۆشی ناکات ، بەڵام مانای ئەوەنیە بە چاوێلکەیەکی ڕەش سەیری ژیان کات و تەنیا تارمایی ڕەش و ترش و تاڵی تێدا ببینی و هێچی تر ، چاویش لە ئاستی ڕووی گەش و ڕووناکی دا بنوقینی وەك بڵێی مرۆڤ دروست بووە کە هەردەم کڵۆڵ و خەمنشین بێ لەم جیهانە بیزاربێ و خەمو پەژارە دای بگرێت لەم ڕووەوە نموونەمان زۆر بەدەستەوەیە ماوتسی تۆنگ دەڵێت ئەدەبی سوفیەتی لە سەردەمی بنیادنانی سوشیالیستی دا بەشبۆەیەکی سەرەکی لە ڕووی ڕووناکی ئەدوێت ، لەسەرەوەش دەربارەی کەموکوریەکان لە ژیان و کاروشەخسیاتی سەلبی ئەنووسێت ، بەڵام ئەوە تەنیا بۆنیشان دانی ڕووی ڕووناکە بەتەواوەتی ، بەم شیوە هەر دوولا بەیەك چاوو یەکسانی باس ناکات » .. ڕاستە کە شاعیر باسی خەم ئەکات ئەبێ دوایینەکەی هەڵسانەوە بێت ، چونکە هەروەکو لینین دەڵێت : دایلیکتیك ئەو تیئورەیە کە چۆنیەتی دژەکانمان - الاضداد - نیشان ئەدات کە ئەبنو لەوانەیە بە شیوەیێکی ئاسایی یەکگرن ،وە لە چ کاتێکا یەکگرتوونە ، وە کەیەکێك ئەبێتە ئەوی تر بەڵام ناکۆکی نیوانیان و ململانێیان شتێکی موتلەقە ، هەردژێك ئەیەوێت بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێت و دژەکە لەبن بێنێ »(١١) .. نووسەری بەناوبانگی سوفیەتی مەکسیم گۆرکی زۆر جار ئەکەوتەژێر باری ئائومێدی و کلپەی شۆڕشگێڕی لە دڵو دەروونیا کز ئەبوو لە تێکوشان سارد ئەبۆوە بەڵام لینین وەك ڕاهێنەرێکی ئەزمونخواز ئەو بارە قورسەی لەسەر شانی ئەگرت و لە گێژەنەی شپرزەیی و وەرەبەردان ڕزگاری دەدا و بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕێنمایی دەکرد بۆیە وتویەتی :

« حەز لە ئەدەبی هاوچەرخ ناکەم لەبەر ئەوەی بەچاوێکی ڕەش بینی سەیری ژیان ئەکات .. ژیان لەهی ناو کتێبەکان جوانترە ، ئەگەر کتێبەکەش نایاب بێت »(١٢) .

وەکە کاك دڵشاد هۆنراوەکانی هێمن بەقسەی ناوکتێب تێئەگات وابزانم هێمن شانازی بەوەوە دەکات کە کتێب ڕابەری شاعیرەو بینینی خۆی لە ژیانی گەلی کوردو گەلانی جیهانو خونیەنەوەی ئەو کتێبانەی بەرهەمی شەونخۆنی و ئەرکورەنجی، ڕوشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانەو لەم ڕێگەوە مێشکی خۆی ڕوشن ئەکاتەوەو ڕێگەی خۆی پێ دەرئەکات بەپێچەوانەی نزار قبانی کە دەڵێت : « شیعر کردەوەیەکی سەرەو ژێرکردنە کە مرۆڤیکی توڕە ئەیکاتو جی بەجێی ئەکات .. شیعر بزوتنەوەیەکە لەناومەندی (سکون) کتێب و کەلپوورو زماندا ، شیعر بەشۆڕش و منالیەتی و شیتی بەستراوەتەوە » (١٣) .

کاك دڵشاد لە کۆتایی دوا ئەلقەی نووسینەکانیدا دەڵێت « باوانەکەم .. بەبڕوای من شیعر کارەباییکی مرۆڤانەیە بەگوێرەی یاساییکی دایلیکتیکی ئاشکراو ڕەوان لە سالبو مووجەبێك پێکهاتووە سۆزێك کەزادەی وەعی بێت + توانای داهێنانی هونەری = بەو کارەبا مرۆڤانەیەی شیعری پێ دەڵێن » لە دواییدا دەڵێت : شیعر مادەیێکە بە گوێرەی وەعی چینایەتی خۆی و تێکە یشتنی لە مرۆڤ گەردوونو کارەساتەکانی ناوی دەیخاتە کار بو خزمەتی ئەو فەلەسەفەیەی باوەڕی پێهەیە» کە دەڵێین کارەباو سالبو مووجەب ، ئەبێ چۆن لەم دوو سەرەی تەلی کارەبا بگەین - گەرمو سارد - کامیان ساردنو کامیان گەرمن ؟! فۆرمەکە یا ناوە ڕۆکەکە ... ئاخۆ مەرجە کارەبایەکە مرۆڤانە بێت .. زۆر شیعر

بڕوانە ل -٧-

چی بەجێ دێڵین

هۆنراوەی شاعیری ئەڵمانیا
جونتر کونرت

کاتێك لەو خۆڵ دامان دەڕژێو ،
بە ئەسپایی لە ناودەچین ..
ئەو کاتە ..
چی بە جێ دێڵین ...!
: ● :
دیواردکانم تازە کردەوە ...
کورسی یەکانم دانان
چەپکێك و شەم بە جۆرێك ڕیکخست کە ئەم واتەیە ببەخشیت
« دەتوانین زەمین بە چەشنێك لێ بکەین
کە مرۆڤی لێ بژیەت »
●*●
لە خواستی کۆیلەکاندا ..
لە بیرو باوەرو کرداری شۆرشگێڕاندا
دەبینن چی بە جێ دێڵین
: ● :

ڕەفیق
کردویە بە کوردی

کتێبی بەسەرهات و ژیانی مەلا محەمەدی کۆیی و چەندێتی بینیەك

کەریم شارەزا

لەدووڕەوە ، هەڵوێستەنەترسەکانی (مەلای گەورە)ی تۆمار کردووەو پشتی بەتێبینیە ووردەکانی مامۆستا « مەسعوود محەمەد »بەستووەوسوودی لە یادداشتەکانی مامۆستا « عەبدول مەجیدنوردەین جەلی زادە» وەرگرتووەو بەڵای منەوە لایەنە باشەکانی کتێبەکە لەم چەند باس و شوێنانەدا سەر هەڵدەدەن :-

١ - نووسەر لە لاپەڕە(٢١) دا بەوردی چەند ڕاستیەکی تازەی لە بارەی پەیوەندی (مەلای گەورە)و (سێمان نەزیف)ی والیموسڵ لە ساڵی ١٩١٣ دا تۆمار کردووە ، لەو کاتەی کەجەلی زادە کراوە بە ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ .

٢ - لە لاپەڕە ٢٣ و ٢٤ داڵە سەردەمی ئەندامێتی مەلای گەورە لە (ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق)دا چەند هەڵوێستێکی ئازایانەی تری تۆمار کردووە .

٣ - لە لاپەڕە ٢٦دا ڕوون کردنەوەیەکی مامۆستا عەبدول مەجید نورەدینی جەلیزادەی بلاوکردۆتەوە لە بارەی چونیەتی گەیشتنی (دیاری مەلامحەمەدی کۆیی) بەدەست (مەحموود جەودەت) و (حوزنی موکریانی) و چاپ کردنی لە چاپخانەی زاری کرمانجی لەرەواندز لە ساڵی ١٩٢٧ دا بۆیەکەم جار .

٤ - لە لاپەڕە ٢٩دا لەبارەی کۆچی مانی ئاوایی مەلای گەورەدا بە ووردی لە بەسەرهاتەکانی دوا ڕۆژی ژیانی یەوە دەدوێ و بۆمان ئاشکرا دەکات کە لە ئەنجامی ئێش و ئازارەکانی (قورحەی مەعیدە) وە لەچێشتەنگاوی ڕۆژی ١٢-١٠-١٩٤٣ دا کۆچی دوایی کردووە .

٥ - لە لاپەڕە ٤٢ دادۆستایەتی و وەفاداری مەلای گەورە لەگەڵ پیاوە دانا وقسەخۆشەکانی کۆیەی وەك (کێخوا حەوێزی شاخەپیسکە)و(حوسێنی حەسەنی)و (حاجی ئاغا مستەفا)و (حاجی محەمەدی عەلە) دەر دەبڕێ و چەند یادگارو بیرەوەریەکی ئەمەگدارانەمان بۆ تۆمار دەکات .

٦ - لە لاپەڕە (٤٧)دا لەبارەی گیانی نەبەردی و سەربەرزی جەلیزادەوە پێنج هۆی بەجێی دەست نیشان کردووەو نهێنیەیەکانی بوونی گیانی شۆڕشگێڕی مەلای گەورە بۆ خوێنەران ئاشکرادەکات و لەم باسەیدا سەرکەوتنی وە دەستهێناوە .

٧ - وە لە لاپەڕە ٥٥ و ٥٦دا لە باسی مەلای گەورەو باری سیاسی ، هەندێ زانیاری ووردی مامۆستا مەسعوود محەمەدمان دەخاتە بەردەست کە یەکەم جارە پەردەی لەسەر لادەدرێ لە بارەی دەنگەوەرگرتنی کورد لەلایەن کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبة الامم) و گفتو گۆی مەلا محەمەد لەگەڵ (سەبیح نەشئەت)ی وەزیری کورددا لە بارەی صیغەی دەنگەوەرگرتنەکەوەو هەڵوێستی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە شیخ مەحمود و بیرو ڕای مەلای گەورەش بە ڕامبەر بە مافی کوردو شیخ مەحمودی نەمر ، ئەم باسانە چەند لاپەڕەیەکی بە نرخو بە کەلکن بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێ لە بیروباوەڕی مەلا محەمەد بگەن .

لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم کتێبە ڕاستیەکمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە : مامۆستا عبدالخالق توانیویەتی لە لایەنە میژوویی یەکانی باسی (مەلا محەمەد)دا سەرکەوێ ، بەڵام کە خوێنەر دەگاتە سەر باسە ئەدەبی یەکانی دەبینی ئەو تام و سەرکەوتنەی نامێنێ و لەوانەشە لەبەر ئەوەبێ کە خوێنەری کورد گەلێ باسی وای لە بارەی شیعرو شاعیریەتی مەلاوە خوێندبێتەوەو بارەی میژووی ژیان و هەوڵی سەردەمی جەلی زادەی زانای شاعیرو هەڵوێستە بەجەرگەکانی نەبیستبێ .

دوای دەست نیشان کردنی لایەنە سەرکەوتووەکانی کتێبەکە ، دەمەوێ بەخێرایی چەند کەمو کوورپی و هەڵەیەکی زەق و ناشکرایشی دەست نیشان بکەمو بەپێی زانیاری خۆم ڕاستیان بکەمەوە

١ - خوێنەر هەر لەسرنجدانی بەرگی یەکەمی کتێبەکەوە بۆی دەردەکەوێ کە ئەوانەی سەرپەرشتی لە چاپدانیان کردووە ، هیچ بایەخێکیان بە لایەنی هونەری نەداوە ، دەنا هیچ نەبێ دەبوایە هەستیان بەوە بکردایە کە باسەکە لەسەر (مەلا محەمەدی کۆیی)یە و پێویستە ئەو سەرناوە لەچاو ناوی نووسەر گەورەتر بنووسرێ ، نەك ناوی نووسەر بە جۆرێکی وا درشت لە نێوچەوانی بەرگی یەکەمدا بچەسپێنرێ و وا لە خوێنەر

بڕوانە ل -٧-

کەگۆرانی بەڕۆ ئەگرێ..!

« تۆش وەك هەموو کەسێ ئەگەر نە ووتن و گوێ نەگرتن لە گۆرانی بەڕۆکت نەگرێ ..ناچار خۆر دا دەبەزێتە خوارێ و دەبێتە میوانی زەری و گوێ بۆ گۆرانی سووتانی دەگرێ ..! »

× ×

لە چاوەڕوانی ووتن .. و .. گوێ گرتنا ..!!

- چاوەڕێتم
گۆرانی یەکم بۆ بڵێی..!
- ئارام بگرە .. ئارام بگرە
- ئارامی چی ..؟ لەتاو دووری ..
ئارام پەپی دەرکردفڕی ..!

× ×

کەی گۆرانی نوێ ئەووترێ ..؟

کە بڵێندە هێلانەکەی ..
جێ نەهێڵێ .. و .. ئارام بگرێ ..!
کە شاعیر هەناسەکانی :
شەوو ڕۆژی .. سەرپەك بنێ .. و ..
گەراو شیلەی ڕۆشەکانی :
شادی بگرێ ..!
کە باران لە سەرتڕپەی دڵ ..
نۆتە بۆ ئاوازی ڕێك خا
خۆش نەکاتەوەو ..
بباڕێ ...هەر بباڕێ ...
هەر بباڕێ .. !
تا خۆر وەرس ئەبێ .. و ..
ناچار .. دێتەخورای ..
گوێ بۆ گۆرانی سووتانی :
زەوی ئەگرێ .. !

مارف ناسراو

Institut kurde de paris

کردنەوەی چەند پرۆژەیەك لە پارێزگای بابل

بەرێوەبەرایتی اشغالی پارێزگای بابل خریکی جێبەجێ کردنی هەندێ پرۆژەی تەندروستی و رۆشنبیریە لە پاریزگاکەدا لە گەل هەندێ پرۆژەی کردنەوەی رێگەو بان و شەقام لە هەمان پارێزگادا ٠٠٠ وە نیازیشی وایە دوای تەواو کردنی ئەم پرۆژانە لە دوارۆژێکی نزیکدا چەند پرۆژەیەکی تر بکاتەوە ، کە سەرجەم دەورو بەری پێنج ملیون دیناریان تێ دەچێت ٠٠

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی کاك قیس العزاوی بەرێوەبەری أشغالی پارێزگای بابل رایگەیاندووە کە بەرێوەبەرایەتێکەی خەریکی کردنەوەی خەتێکی ترەبۆ جادەی نیوان بەغداو حلە بۆ ئەم پرۆژەیە ملیونێك و ١٠٠ هەزار دیناری داناوە لە گەل رێگایەکی نوێی لە نیوان دوریانەکەی پرۆژەی مسیب و ناوجەرگەی شاری بابلدا بۆ ئەمیشیان ملیونێك دیناری داناوە هەروەها کردنەوەی رێگای نیوان نوعمانی یەو شۆمەلی کە ئەم رێگایەش ملیونێك دیناری تێدەچێت ٠

هەروەها بەرێوەبەرایتی ناوبراو خەریکی کردنەوەی رێگای نیوان پرۆژەی ئەلموسەیەب و سوێرەیە بۆ ئەم کارەش ٧١٠ هەزار دیناری تەرخان کردووە ٠٠ هەروەها ریگایەك لە نیوان مەتحەتی یەو شۆمەلیدا دروست دەکات لەو پرۆژەیەدا ٢٤٢ هەزار دیناری تیادا خەرج دەکرێت هەروەها دروست کردنی رێگای نیوان هندیەو - رجیبە - خان ئەلربعدا کە ئەمانەش ١٢٠ هەزار دیناریان تێ دەچێت ٠

هەروەها بەرێوەبەرایەتی اشغالی پارێزگای بابل ئیستا خەریکی دروست کردنی بارەگایەکە بۆ دادگای قەزای موسەیەب لە گەل دروست کردنی خانەیەکدا لە قەزای مەحاویل ئەم دوو پرۆژەیە ١١٦ هەزار و ٩٢٤ دیناریان تێ دەچێت ٠٠ بەرێوەبەرایەتی ناوبراو هەندی وردە پرۆژەی تریش بە دەستەوەیە کە خەریکی جێبەجێ کردنیانە وەك دروست کردن و کردنەوەی موختەبەرێك و کۆرێکی تەندروستی و فراوان کردنی قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی لە حلە ودروست کردنی کۆرێکی لاوان کورێك بۆ فێرکردنی جوتیارانی پارێزگاکە کە ئەم چەند پرۆژەیەش ٣٤٣ هەزارو ٨٥٠ دیناری بۆ تەرخان کراوە ٠

بەرێوەبەری بەری بەرێوەبەرایەتی اشغالی پاریزگای بابل ئەوەش راگەیاندووە کە کەبەرێوەبەرایەتێکەی دوای ماوەیەکی کەم دەست دەداتە جێبەجێ کردنی ، دروست کردنی دادگای بدایەلەکەفەل لە گەل دروست کردنی خەستەخانەیەکو دوو قوتابخانەی پیشەسازی لە قەزای هندی یەو موسەیەب لە گەل کردنەوەی چەند گەراج و فیتەرخانەیەکدا لە شاری حلە بۆ تەواو کردنی پرۆژانە ٧٤٩ هەزارو ٧٢٠ دینار تەرخان کراوە ٠٠

ئەوەی شایانی باسە ئەو بەرێوەبەرایەتی یە ماوەیەك لەمەوپێش لە دروست کردنی رێگای نیوان مەحاویل و ناحیەی ئەلئیمام بۆتەوە ، تەواو کردنی ئەو رێگایە ١٠٧ هەزار دیناری تێ چوو بوو ٠

پەرەپێدانی پیشە سازی شەکر لەوڵاتدا

ئەنجومەنی هێڵکێشان قایل بووە ، لە سەر پرۆگرامی پەرەپێدانی بەرو بووم و پیشەسازی شەکر لەوڵاتدا پرۆگرامەکەش برێتی یە لە دروست کردنی کێلگەیەك بۆ چاندنی چەوەندەری شەکر لە ناوچەی کەلەکی یاسین ئاغادا ، وە یا هەر جێگایەکی تر کە دست بدات بۆ ئەوەی رۆژی ٢٠٠٠ تەن چەوەندەری شەکر بەرهەم بهێنێت ، ئەویش بۆ پڕ کردنەوەی بەشێك لە پێویستی کارگەی شەکری موسڵ ئەنجومەنی ناوبراو داواشی لە وەزارەتی پیشەسازی کردووە کە لە پارێزگای سلیمانی پرۆژەی کێلگەی شانەدەری جێبەجێ بکات بە مەرجێك وزەی بەرهەمی ئەو کێلگەیە رۆژی لە ٢٠٠٠ تەن چەوەندەر کەمتر نەبێت ، ئەویش بۆ راپەراندنی پێویستی ی کارگەی شەکری سلیمانی ٠ هەروەها داواشی لە وەزارەت کردووە کە کێلگەکانی قامیش شەکری لە میسان ئەوەندە پەرەپێبدات کە بەرهەمەکەی ساڵی بگاتە ٤٠٠ هەزار تەن قامیش شەکر ، ئەویش بۆ هەڵسوراندنی پێویستی کارگەی شەکر لە (المجر الکبیر) ٠

ئەنجومەنی هێلکێشان داواشی لە هەر دوو کۆمپانیای گشتی شەکری موسڵ و سلیمانی کردووە ، کە پێویستی تەواوی خۆیان بە چەوەندەری شەکر بەیان بکەن ، هەتا وەکو پرۆژەکان بە هەموو وزەیان بخەنە کارو وا پەرەیان پێ بدەن کە پێویستی ئەو دوو کۆمپانیایە مەیسەرکات ٠

ئەنجومەن قایلیش بووە لەسەر پێك هێنانی سێ پرۆژەی شەکری چەوەندەر لە ناوچەی ئیسحاقی و دوجەیلەو موسەیەب الکەبیردا ، بە وزەیەکی ئەوتۆکە هەر یەك لەو پرۆژانە رۆژی پێنج هەزار تەن بەرهەمیان بێت ٠٠ واش نیازە لە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەدا تەواو پەلە بکرێت ٠

دامەزراندنی دەرچوانی قوتابخانە ئامادەییەکانی پیشەسازی .

کۆمپانیای گشتی پیشەسازیە میکانیکێکان بڕیاری داوە کە قوتابی یە دەرچۆکانی ساڵی ٧٥ لەقوتابخانە ئامادەیی پیشەسازێکان بەش (میکانیك و کارەبا) بخاتە کار ، بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆ شایانەی لەم جۆرە شارەزای یەدا هەیەتی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی میهەنی داوای لە قوتابخانە پیشەسازیکانی وڵات کردووە کەلیستەی ناوی قوتابیانی پۆلی سێهەمی بەش میکانێك و کارەبابدات بە وەزارەتی پیشەسازی بۆ ئەوەی کۆمپانیای ناوبراو ئەوقوتابیانەی ئەمساڵ قوتابخانە تەواو دەکەن و ئەیانەوی لیش بکەن دایان مەزرێنێت ٠

تکایەك لە گۆڤاری بەیانەوە

لەبەر ئەوەی نیازی جزوبەندکردنی هەموو ژمارەکانی (بەیان)مان هەیەوژمارە (١)ی تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٦٩ و ژمارە (٢)ی شوبات و (٣)ی نیسانی ساڵی ١٩٧٠ مان ناتەواوە ، چونکە لەسەرەتاوە (بەیان) لای ئێمە نەبوەو چەند گەڕاین بەدوای ئەو ژمارانەدا بۆمان نەدۆزرایەوە تکایەکی گەرم لە نووسەران و خوێنەرانی بەرێز ئەکەین ، وەك دیاری یەکی دەستیان ئەگەرهەیانە ، ئەو ژمارانەمان بۆ رەوانە بفەرموون بەناونیشانی (بەغدا - شارع الجمهوریة - ساحة الخلانی - دار التضامن للطباعة والنشر الکردیة - مجلة بەیان) مایەی پێزانین و سوپاسێکی تەواو قووڵە ٠ ئێمەش ئامادەین بۆ پێشکەشکردنی پاداشت ٠

جەمال بابان

سەرۆکی نووسینی گۆڤاری بەیان

١-٢

پاشماوەی هەر جارەی نوسینێك

(ئەرستۆ) گۆتەنی (ئەی مرۆڤ ، تولە سەرتە چاك بیر لە خۆت بکەیتەوە خۆت رەخنە لە کردەوەکانت بگری ، تا خۆت بناسیت و بە هەڵەکانت دابچیتەوە) لەلایەکی دیکەوە (بێرك)ی رەخنەگر دەڵێ (تۆ ئەگەر راستیت خۆش ئەوێ ، رەخنە لە هەڵەکانت بگرە) !!

ئێمە پێویستیمان بەلێکۆڵینەوەو بەراوردکردنی (راستی)و (ناراستی) و (رەش) و (سپی) یە ، بۆ ئەوەی شانۆیەکی نوێی بەربەڕەڵڵاو چاورۆشن بۆ سبەینێی مرۆڤایەتیمان بخەینە سەرپشت !!

کۆچی دوایی

ام کلثوم -

هەفتەی رابوردوو بڵاوکرایەوە کە گۆرانی بێژی بەناوبانگ و هونەرمەندی لێهاتوو خاتون أم کلثوم لەتەمەنی ٧٧ ساڵی داو بەنەخۆشی نەزیفی مێشك کۆچی دوایی کرد ، خوالێخوش بوو بەمردنی بۆشایی و کەلەبەرێکی گەورەی خستە جیهانی هونەرو مۆسیقاو گۆرانی یەوە أم کلثوم لەساڵی ١٨٩٨ لەگوندی (طمای الزهایرە) لەمەڵبەندی - السنبلاوین - لەدایك بووە ، هەر لەسەرەتای مناڵیەوە دەنگ خۆشی یەکەی سەرنجی خەڵکی راکێشاوە ٠

٦٩ ملیون دینار لە بودجەی چەند پرۆژەیەك زیاد ئەکرێت

هەیئەتی رێنیشاندەری ئەنجومەنی هیلکێشان لە کۆبوونەوەیەکی دواییدا بریاری داوە کە ٦٩ ملیون دینار تەرخان بکرێت بو کردنەوەی چەند پرۆژەیەکی نوێ و بودجەی چەند پرۆژەیەکی لەوەو پێشەی پێ زیاد بکرێت ٠

هەیئەتی ناوبراو بڕیاری لەسەر ئەوە داوە کە ئەو ئەپارتمەنە گەورانەو لە گەل خەستەخانەو بەرژەوەندیە بازرگانێکاندا ، کە چاوەروان ئەکرێت لە پلانی داهاتوودا جێبەجێ بکرێن ، بە بۆری گازیان بە سەردا دابەش بکرێت ٠

هەروەها داواشی لە وەزارەتی نەوت کردووە کە مەسەلەی زیاد کردنی غاز بکۆلێتەوە ، بەڵکو ئەو وەزارەتە بە هۆی کارگە نوێ کەیە وەژمارەی کیتەلەی (قنینە) گاز لە ساڵێکدا بگەیەنێتە ٣٠٠ هەزار کیتەلە بومەیسەر کردنی پێویستی خەڵکی ٠٠

وە بەشێك لەو پرۆژە نوێیانەی چاوەڕوانی جێبەجێ کردنیان دەکرێت کردنەوەی سێ کارگەی ماست و شیرەمەنی یە لە تکریت و مقدادیەو دیوانیەدا ، کە وزەی بەرهەمی ئەو کارگانە خۆی دەدات لە ٩٦ تەن شیرەمەنی ٠

هەروەها بە گوێرەی ئەو بڕیارانە ٢٥ ملیون دینار دەدرێت بە کۆمپانیای گشتی (مقاولاتی ئینشائی) بۆ کرینی پێویستی خۆی لە مەکینەو کەرەسەی هەمە چەشنە ٠٠ هەروەها بریار لە سەر ئەویش دراوە کە ئەو ٢٥ ملیون دینارەی دانرا بوو بۆ پرۆژەی کرینی (حەفارە)ی دەریایی بکرێت بە ٥٠ ملیون دینار ، وە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەش سیپیر دراوە بە وەزارەتی (مواسڵات) لە گەل ئەو پرۆانەشدا بریار لە سەر کردنەوەی دوو پرۆژەی سندوق و قاپ و قاجاخی پلاستیك دروست کردن دراوە کە لە پارێزگای بەغداو میساندا جێبەجێ بکرێن بۆ دروست کردنی ٤ ملیون سندوقی پلاستێك لە ساڵێکدا ٠ جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیەش سپیر دراوە بە وەزارەتی (الصناعەوالمعادن) ٠

ئەمانەو گەلێك پرۆژەی گەورەی تری هەمە جۆرە بریار دراوە لە سەریان کە بە گوێرەی پرۆگرامی بەرهەم هێنان لە ساڵانی داهاتوودا جێبەجێ بکرین ٠

دروست کردنی ١٦ ئەپارتمان لە ناوچە کشتوکاڵیکانی وڵات دا .

وەزارەتی کشت و کاڵ وچاك کردنی کشت و کاڵ بریاری داوە کە لە ناوچە کشت و کاڵیکانی پارێزگاکانی وڵاتدا ١٦ ئەپارتمەنی چوار نهۆمی دروست بکرێت ٠٠ هەتا وەکو بکرێن بە بارەگای سەرۆکایەتی ناوچەکان ٠٠ وەزارەتی ناوبراو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژیە ٤ ملیون دیناری تەرخان کردووە ٠٠

ئەو ئەپارتمەنانە لەو ناوچانەدا دەکرێن بە بارەگای دایەرە کشت و کاڵیکان و هەموویان لەو جێگایانەدا کۆ دەکرێنەوە بەوە ئەو گیروگرفتە چارەسەر دەکرێت کە بە هۆی دووری نیشتەجێی ئەو دایرانەوە لە یەکتر ترشی جوتیاران و کرێکاران و فەرمانبەرانی ئەو ناوچانە دێت ٠٠

واش بڕیارە کە خانوو بەرەلە نزیك ئەو ئەپارتمەنان بۆ فەرمانبەران و کرێکاران دروست بکرێت ٠٠ لە گەل جۆرە عەمارێکی وادا کە جێگای ٢٥ تەن لە بەروو بوومی کشت و کاڵی تیادا بێتەوە ٠

پاشماوەی گۆشەی مناڵان

وەخولانەوە ٠٠ مناڵەکان دایگیرساند ، دەستە خەرێك بوون کۆتایی بەیاری ورەقەکانی نایەبەر پێ ستێنە یەکانیان بینن ، تاك و تووك لە شڕۆلەکەی و هەناسەیێکی دەرەوە مابوون ، هەر ئافرەت و ساردی هەلکێشاو وتی : توخوا کچۆڵەکە چیخی بانەکانیان رێك لێم مەگرە ، گەر شیتیش بم ! دەخست و جێگەی ئارمی باوکم وتی : ئێ دەبڵێ ئاخر ئەوە شەویان رادەخست ٠ چی یە ؟!

هەر پیاوە کیسەیەك ترێ یا وتی : کوڕم ئەوە برنجە ٠٠ شووتی یەکی لە ژێر باڵ ناوەو برنج ، شەش مانگە لیم تۆراوەو بەرەوماڵ ئەکشێت ٠٠ ئا لەو سەری بە ماڵی من دانە کردوە کاتەدا دەمێك بوو باوکم بێ بە خوا تۆڵەی هەر شەش مانگی ئیش بوو ، ژیانێکی زۆر لێ دەکەمەوە باوکم لەسەر خەم ناڵەبارمان بە سەر ئەبرد ، وپەژارەی خۆیەوە لە قاقای نەیدەزانی رۆژ چۆن ئاوا بکات ، پێ کەنینی دا ووتی : بە خوا باوکم هەر لە ماڵەوە پیاسەی ئەکرد ، هەقتەو گلەییت لێ ناکرێت ٠٠ لە هەیوان بۆ حەوشە ، لە حەوشە بۆ هەیوان ، جگەرەشی لە دەمی نە ئەکردەوە ، ئەو ئێوارەیە لە بەر دڵتوندی خۆی لە ماڵەوە هاتەدەر ، منیش لە بەر دەرگا کەمان هەلتو تا بووم ، لە دوورەوە سەیرمان کرد (مام حەسەن) شتێکی داوەتە بەر شەق و بە پێش خۆی داوەو هەر لە بەر خۆیەوە دەیگوت ، لێم دەتۆرێ و خۆم لێ ئەشاریتەوە ، ئاوات لی ئەکەم و بەم دەرەدەت ئەبەم ٠٠ کاتێ لێمان نزیك بۆوە سەیرمان کرد کیسەیەکی زارك بەستراوە ، باوکیشم بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی ، ئەوە چی یە کوڕە ، هەی مردووت مرێ خۆت وا پێ هیلاك کردووە ، مامە پیرە لە جێگەی خوی وەستاو بە بێ دەنگی لە فەیێکی پێچایەوەو

***

(١) ئەم گۆشەیە دەرگا ئەکاتەوە لەبەردەم چیرۆکی کورت و هۆنراوەو ئەو جۆرە بابەتانەی لە گەل هەست و نەستی مناڵان دەگونجین بە تایبەتی بەرهەمی کوردیمان زیاتر بە لاوە پەسندە ، خۆ ئەگەر بەرهەمەکە زادەی بیرو خولیای لاوەکانیش بێت ئەوە باشتر ، بۆیە بەرهەمی ئەم جارەمان نووسینی لاوێکە کە تازە دەستی داوەتە نووسین ، ئومێد ئەکەین ئەم هەنگاوە رێچکە بکاتەوە بۆ مناڵان و لاوە خۆشەویستەکانمان کە گۆشەکەیان وەك کۆرپەیەکی ئازیز بگرنە باوەش ٠٠

لێکۆڵینەوەی گورجوگۆڵ کردنی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری



کاك محمد محجوب وەزیری پەروەردەو سەرۆکی هەیئەتی بەرزی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری رۆژی دوو شەممەی ریکەوتی سێی ئەم مانگە لە بارەگای وەزارەتەکەیدا ، کوبوونەوەیەکی لە گەڵ هەیئەتی بەرزی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواریدا کردووە ، لەوەیان کۆلیوتەوە کە گورجووگوڵی بکەن لە جێبەجێ کردنی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری لە وڵاتدا ٠٠

لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو ئەندامانی هەیئەتی بەرزی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری و نوێنەرانی پارتی و رێکخراوە میللی و کارامەیەکان لە گەل نوێنەری وەزارەتەکاندا بەشداریان کردووە ٠

لە کۆبوونەوەکەدا لە پرۆگرام و پلانی ئەمساڵی هەیئەتی ناوبراویان کۆلیوتەوەو ٠٠ بە گوێرەی هەڵسەنگاندی ئەو هەیئەتە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆگرامانەی کە دایان ناوە بۆساڵی ١٩٧٥ پێویستی بە دوو ملیون و ٦٧٠ هەزارو ٢٤٥ دینارهەیە ٠

لەو کۆبونەوەیەدا باس چالاکی کۆرەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە وڵاتدا کراوە ٠

ئەوەی شایانی باسە کۆرەکانی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری هەتاکو کانونی یەکەمی ساڵی پار ژمارەیان ٢١٨٣ کۆڕ بووە ، لەو کۆرانەدا (٨٥٠) هەزارو ٨١٠ قوتابی کورو کچ تیایاندا خوێندووە ٠

٢٤ ملیۆن دینار بودجەی پەلەوەر بەخێو کردنە

کۆمپانیای گشتی ی پەلەوەر ، نیازی وایە لە نێوان ساڵی ٧٦-١٩٨٠دا لە ناوچەی ژوورو چەند پرۆژەیەیەکی پەلەوەر بەخێو کردن جێبەجێ بکات ، ٢٤ ملیون دیناری ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە وەلاناوە ٠٠

یەکێك لەو پرۆژانەی کۆمپانیای ناوبراو دەیەوێت لە هەولێرو سلیمانی و دهۆکدا جێبەجێی بکات ، پرۆژەی هیلکەیە ، ٩ ملیون دیناری بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان کردووە ، وزەی بەرهەم هێنانی ساڵانەی ئەو پرۆژەیە خۆی دەدات لە (٣٠٠) ملیون هێلکە ٠٠ هەروەها پرۆژەی بەخێو کردنی مریشکی هیلکەکەر لە پارێزگای هەولیرو دهۆکدا دەکرێتەوە ، بۆ ئەمەشیان ٤ ملیون دینار تەرخان کراوە ، وە جێبەجێ کردنی پرۆژەی مریشکی گوشت لە پارێزگای نەینەواو سلیمانیدا ئەمیش ٤ ملیون دیناری تری بۆ وە لاخراوە ، هەروەها لە نیوان ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٨٠دا لە پارێزگای کەرکوکدا پرۆژەیەك بۆ پەروەردە کردنی جوجەڵە دەکرێتەوە ، وزەی بەرهەم هینانی ساڵانی ئەم پرۆژەیە خۆی دەدات لە دوو ملیون جوجەڵە ، جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەش حەوت ملیون دیناری تێ دەچێت ٠

کۆمپانیای گشتی ی پەلەور بەخێو کردن حاڵی حازر لە پارێزگای سلیمانی و کەرکوك و نەینەوادا خەریکی جێبەجێ کردنی سێ پرۆژەیە ، بۆ بەرهەم هێنانی هێلکە ٠

پرۆژەکان نۆ ملیون دیناریان تێدەچێت ، وزەی بەرهەمیان ساڵی ٢١٠ ملیۆن هیلکە دەبێت ٠

رونکردنەوەیەك

داخمان ناچێ کە لە ژمارەی پێشومان داو لە وتاری «رۆژێکی پرشەنگداری مێژووی نەتەوەی کورد » هەڵەیەکی چاپەمەنی روویداو راستی پەرەگرافەکە بەم شێوەیەیە کە لە ستونی حەوتەمی لاپەڕە حەوت دایە :

« حکومەتی تاران لە جیاتی مەدرەسەو دەرمانگا نەخۆش خانەو کارگەی پیشەسازی و ٠٠٠ سەربازخانەو فرۆکەخانەی عەسکەری لەکوردستان دروست ئەکات » جاداوای لێ بوردن لە خوێنەرانی بەرێز دەکەین ٠

هاوکاری

ئاوبەستی موسڵ ٢٠٠ ملیۆن دیناری تێ ئەچێت .

وەزارەتی رەی بەر لە ماوەیەك پێنج نامەی لە پێنج کۆمپانیای گەورەوە پێ گەیشتوە ، کە شارەزایی دروست کردنی بەنداوو کاروباری ئاودێرین ٠٠ کۆمپانێکان هەر پێنجیان ئەوەیان نیشان داوە کە ئامادەن بە پوختی بەنداوی موسڵ بە ٢٠٠ ملیون دیناردا تەواو بکەن

پرۆژەی بەنداوی موسڵ بەپێنج ساڵ تەواو دەبێت ئەو بەنداوە وزەی ئەوەی دەبێت ئاوی ملیونێك مەشارە زەوی بدات وا نیازە لە جێگایەکدا کە ئەکەوێتە ژووروی شاری موسڵ لە سەررو باری دیجلە دروستی بکەن بەنداوەکە لە گل دروست دەکرێت ، بڵندی لە بنکی روبارەکەوە تا تەوقەسەریی بەنداوەکە خۆی دەدات لە ١٣٥ مەترە ، بەدرێژیش خۆی دەدات لە ٣ی سێ هەزارو ٥٠٠ مەترە ، واتە ٣ سێ کیلۆمەترەو نیو درێژی ئەو بەنداوە دەبێت ، لەتوانایدا دەبێت ٧٣ر١٠ ملیار مەترە موکەعەب ئاو گلدادتەوە ، وە لە هەر سانی یەیەکدا دەتوانێت ١٧ هەزار مەترەموکەعەب ئاو فریدات ٠

ئەو بەنداوە گەلێ کەڵکی لێ وەردەگیرێت لەو کەڵکە گەورەو ئاشکرایانەی لەو بەندارەدەبینرێت ٠٠ لە پیش هەموشتیکدا شاری موسڵ لە مەترسی لافاو دوور دەخاتەوە ، ئەو ئاوەش کە زیاد دەبێت و گلی دەداتەوە لە کاتی پێویستیدا بۆ کشت و کاڵ بەکار دەهێنرێت ، هەروەها بە روباری دیجلەدا رێگای هاتووچۆو کردنی نێوان شاری بەغداو موسڵ خۆش دەکات لە گەل ئەوەی وزەیەکی کارەبای زۆری لێ وەردەگیرێت ، هەروەها بەرەویش دەدات بە زۆر بوونی سامانی ماسی ٠٠

بە هۆی ئەو بەنداوەوەمحەتەیەکی کەهرۆئاویی لێ پێك دەهێنرێت کە لە هەرسەعاتێکدا دوو ملیون و ٣٣٠ هەزار کیلۆوات کارەبا پەیدادەکات ٠٠

وەزارەتی رەی لیژنەیەکی پێك هیناوە بی لێکولینەوەی بەرنامەی ئەو کۆمپانیایەوهەلبژاردنی چاکترینیان ٠٠ تا وەکو بەزوترین کات دەست کات بە جێبەجێ کردنی بەنداوەکە ٠٠

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کەلە ٨ تا ١٤ی شوبات ئەگرێتەوەو رێکەوتی ٢٦ موحەڕەم تا ٣ی سەفەرە هەروەها رێکەوتە لەگەڵ ١٩ تا ٢٥ی رێبەندانی کوردی ئەم روداوە گرنگانەی تیا دا بووە :

روداوی کوردی :

لە ٨ی شوباتی ١٩٧٣ دا لە هۆڵی زانکۆی (مستنصریە) لە بەغدا نووسەرە لاوەکانی کورد کۆرێکی ئەدەبی یان گێڕا ٠

لە ٩ی شوباتی ١٩٢٤دا لە نەخچەوان کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی دامەزرا ، دانیشتوانی ئەم کۆمارە بریتین لە ئەزربایجانی و ئەرمەنی و کورد ٠

لە ١٠ی شوباتی ١٩٧٠دا یەکێتی نوسەرانی کورد دامەزرا ٠

لە ١٠ی شوباتی ١٩٥٩دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری رزگاری بڵاوکرایەوە ٠

لە ١١ی شوباتی ١٩٤٦ دا حکومەتی کوردستان لە کۆماری کوردستانی ئێران دامەزرا ٠

روداوی عیراقی و عەرەبی :

لە ٨ی شوباتی ١٩٤٩ دا ئەدیبی میسری (عەلی جارم) کۆچی دوایی کرد ٠

لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٩ دا تیکۆشەران (فەهدو حازم و سارم) لە سێدارەدران ٠

روداوی جیهانی :

لە ٩ی شوباتی ١٨٦٣ دا کۆمەڵی خاچی سووری نێو دەوڵەتان دامەزرا ٠

لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٦ دا (دودان وان لوین) منداڵێکی سیازدە ساڵانی ڤیتنامی بە بۆمبایەك ٩ سەربازی ئەمەریکی کوشت ٠

insititut kurde de paris

راست کردنەوەی
هەڵەیەکی میژوویی

کاك ئەحمەد خواجە لەبەرگی ئەنجا جلەوی ولاخیان سوراند یەکو بەشی‌یەکی (چیم دی)دا بەرەو خورمال ئاوزەنگی یان نوسیویەتی کەلە سالی ١٩٢٢ی لیدا ، یەك سەلەف نەوەستان ، میلادیدا فەرماندەی هێزی (بال بازوی) سولەیمانی تاکو پاش نوێژی شێوان گەیشتنە خورمال مالی حەسەن کاپیتان (فیش گفین) لەلایەن بەگی کوری یار ئەحمەد بەگ شێخ فەرەجی بانی بنۆکەوە کەبن ئامۆزای ئەحمەد بەگ ، گوژراوە . ئەمە شتێکی هەڵەیەو لەوێ ناردیان بەشوێن رۆستەم راستیەکەی ئەمەیە کەوا ئێمە بەگو حەمە سەلیم بەگی بە کورتی لای خوارەوە پشێنانی برایانی حەسەن بەگ کە خوێندەوارانی بەڕێزی دەدەین . دێیەکانیان بەناوی خۆیانەوە لە سالی ١٩٢١ دا شێخ بوو ، هەریەك بیست دەقیقەیەك محمودی نەمر لە هیندستان بەند لە خورمالەوە دوورن ، هەر ئەو بوو وە هیچ کەسیك تەوانای شەوە کۆبونەوە کراو بریار درا سەربزوتنەوەی بەرانبەر بە کە ئەحمەد بەگ لەمالی روستەم ئینگلیز نەبوو ئەحمەد بەگی بەگ بمێنێتەوە وخۆیان حەمەد بەگی قادر بەگی روستەم بەرانبەر بەهەموو تەنگ بەگی وەڵەد بەگی جاف کەناو وچەلەمەیەك ئامادە کرد بەو پانگی بە ئەحمەد بەگی ریشیمی بۆرە جولانەوە . لە نێوانی دەر کردبوو وەلە هەڵەبجە پایزو زستاندا کارژی بەفر دادەنیشت ، بەهۆی ئەوەوە کە باری‌و زۆر سەرما بوو (فیس سەر بەشێخی نەمر بوو ، گفین) فەرماندەی هێزی بال ئینگلیزەکان ڕقیان لێ دەبوەوە . بازو بە ٢٠٠سوارەوە ئابڵۆقەی کاپتان (دگلیس) حاکمی ئاوایی روستەم بەگیدا سیاسی جاف و هەڵەبجە ، سەعاتێکی شەوی مابوو کە تەفە بەشەو ناردی ئەحمەد بەگ دەستی پێ کردو تاسەعات نۆی وعەلی بەگی کوڕیان گرت‌و بەیانی شەر دریژەی کێشا ناردنیە سولەیمانی وەلەوی بەکوشتنی (فیس گفین) و٣٦ خانە شاری کردن . ناو براو بال بازو ١٠ کەس دیل لەگەل ماڵەکەشی بردە سولەیمانی ، بۆ ئەفسەرێك کەناوی عیزەت بووە ڕاو وگەران ئازاد کرابو ، لە بەهەڵاڵی پاشماوەی هێزەکەی پایزی هەمان ساڵدا خۆی وعەلی ئینگلیز شەر دوایی هات بەگی کوڕی وچوار سواری لاشەکەی (فیس گفین) لەبەر ترکە حەمە سالحی عیسا‌و دەمی چۆگەی (دەڵێن) لای خەسرەو ناوێکی هارونی‌و دارتوەکانی شاری لای «ئاوایی ئەورەحمانی حەمەد بەگ‌و روستەم بەگ » خرایە چاڵەوە ، ئەحمەدی عەلی بەگ بوون (کە پاش چەند ڕۆژێك دەرویش دوانەکەی دوایی خزمی خەڵکی کەریمی وەیسە ناوێك خەڵکی بوون) بەرەو تانجەرۆ بەناوی ڕاوەوە لەشار هاتنە دەرەوە کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بە

گۆشەی هونەرمەندان



یادی ١٠٠ ساڵەی مۆرس ڕافیل

ئەم بلیمەتە ، یەکێکە لەمۆسیقا ناسەکانی کۆمەڵەی دیپۆسی ئەندامێکی هەرەدیاری دیپوسیەکانە ، لە هێنانە کایەی قوتابخانەی (انطباعی) لە مۆسیقادا .

ساڵی (١٨٧٥) لە دێی‌سیپۆری فەرەنسا نزیك سنوری ئیسپانیا لە دایك بوەباوکی ئەندازیارو یەکێکیش بوو ، لە لایەنگرانی هونەری‌مۆسیقا .. لە منالیەوە (ڕافیل) فێری لێدانی پیانۆ بووو(فورێ)ی مامۆستای دەورێکی گەورەی لە ژیانی‌ئەم منالەدا بینی ، هەر لەو کاتەی کە مۆسیقا ناسەهەرە دیارەکانی فەرەنسا (ڕافیل)یان هەڵئەسەنگاندڕافیل وەکو هونەرمەندێکی لێهاتوی جیهانیش هاتەمەیدانەوە ووردە وردە بەرهەمە گرنگەکانی لە نێو خەڵکا بڵاوبوەوە ، کە ناو دار ترینیان (نافورەی ئاوو)و (چوارینەی‌ژێ)و - شارەزاد - بوون .

تا لە ساڵی ١٩٠١دا خەلاتی(روما) یان پێ بەخشی بەڵام قبوڵی نەکرد .. بەڵکوهەر خەریکی کارو بەرهەم بوو ، بەرهەمێکی‌وا کە هەمودەورو پشتی خۆی حەپەساند بوو ، لەمانەیش (ئۆپیرای ناودار) (کاژمێری ئیسپانیایی) کە لە ساڵی ١٩٠٧ دا لەپاریس پێشکەش کرا . دوا بە دوای ئەم (بالێ)یەکی‌بە ناوبانگی خۆی لە ساڵی ١٩١٢ ولە ژیر ناوی (داڤیس)دا خستە بەر چاوو .. لە ڕۆژگارەکانی جەنگی یەکەمی‌جیهانی‌دا ڕووی کردە سویا بەڵام لەبەر لاوازی وەر نەگیرا.١کەچی ئەم هەر پشتی سازد نەبوەوە بەڵکو تا دەهات‌گەرمترو بە جۆشتر دەبو ، تا لە ساڵی ١٩٢٨دا ناودارترین‌گورانی ئورکیسترالی ، لە ژێر سەر ناوی - بۆلیرۆ - داداهێنا . ئینجا (کۆنسرتۆ پیانو)و (کونسرتۆ پیانۆ)ی‌بۆ موسیقا ژەنی نەمسایی - پۆل ڤیدند - دانا .. سەیرئەوەیە : کەڕافیل ئەم کونسرتۆیانەی وەها دانابوکە - پول - بە دەستی چەپەی لێ بدات ، چونکە لەجەنگا قولی ڕاستی بەر دەست ڕێژ کەوتبوو برابوو .

لەو دەمەی کە تەمەنی ڕافیل گەیشتبوە ٦٢ سال یانی (ساڵی ١٩٣٧) لە (عەمەلیاتی‌مێشك)دا ، دەرنەچوو بە هەزار نالەو ئاوازەوە ژیانی‌بەجێ هێشت ورۆیی ..!

- دلشاد جابر -

لاپەڕە - ٥

سیزانۆ

(دیلا کروا)ی پەسند کردوە وە لە یەکتر جیا ئەبنەوە لە گەل (جاشێ) لە ڕادەبەدەر بە (ڤان کوخ)ی مەزن کە خۆشەویستی جاشێ بوو هەموو تابلۆکانی لە مالی خۆی پاراستبو تاکو کۆپەکەی بە مۆزەخانەی لۆفەری بەخشی وە هەر لەم کاتەشدا بەیارمەتی ڕینوار بە فیکتور شوکی گەیشت لە ساڵی ١٨٧٤ لە دوای کۆبونەوەیەکی هونەرمەندە ئازادەکان لە سەر تابلۆیەکی تایبەتی لای وێنەکار نادار کە ئەم تابلۆیە ئەبێتە لە دایك بونی بزوتنەوەیەکی هونەری بە ناو نیشانی کارتێکراو وە هەر لەوێشدا بە مامۆستاکانی مۆزەخانە گەیشت وەکو فیرنیز - شاردان بەلام لە هەموو کارەکانی خۆی دوو دڵ بوو بلیمەتە یا شێتە وە نەفرەت کردن لە تابلۆکانی هاوڕێی ژیانی بوو تا ساڵی ١٨٨٢ توانی یەك لە تابلۆکانی نیشان بدات بە هاریکاری وێنەگر جینێ ئەندامی کۆمیتەی دادگەری ئەبێ وە لە ساڵی ١٨٨٩ بەیارمەتی جوستان شوکێ تا بلۆیەکی لە پیشانگایەکی جیهان هەڵواسی کە هونەرمەندەکان شانازیان پێوە ئەکرد بەڵام لە ساڵی ١٩٠٠ دەستکردەکانی سیزان لە هەموو پیشانگاکان نیشان ئەدراو ڕێزی ئەگیرا تاکو تابلۆیەکی لە هونەرمەندەکانی لێی فێرببن وەکو (بیکاسۆ) ، وە ڕۆر هونەرمەندەکان بڕۆن بەم ڕێگایەی کە سیزان پیادا ڕۆیشت پێش ئەوەی بگەنە مەبەستە تایبەتیەکانیان .

هونەری مۆزەخانە

ئیبراهیم بایز

گرنگ بۆ سیزانو زۆربەی تابلۆکانی لە مالی خۆی ئەپارێزێ ئەم هونەرمەندە دەسکردەکانی لایەن (مۆریس دینیس) پێش لە گەل ئەوەی باوکی هەوڵوتەقەلای ئەوە بوو سیزان لە بانق لە گەلیا ئیش بکات بەڵامهونەرمەند لە ساڵی ١٨٥٢ لە نەمەنی ١٣ ساڵیدا ئەچێتە چاکترین قوتابخانەی (ئێکس)ەوە لە وێوە هاودۆستایەتی لە گەل (ئەمیل ڕولا)ی نوسەری بەناوبانگی فەرەنسائەبەستێ . وە بە یەکەوە خەریکی مۆسیقاو گۆرانی‌وشیعرەکانی (هیگۆ مۆسێ) ئەبن بەڵام (زۆلا) ڕوو ئەکاتەپاریس‌و جێ‌نشین ئەبێ‌و داوا لە سیزان ئەکا بۆ ڕووکردنە ئەوشارە . بەڵێ باوکی سیزان بەم کارە ڕازی نابێ وە ئەڵێ بلیمەتی‌هەژاریە سەرو سامان هەموو شتێکە ، هونەریش پوچە) وەلەدوایدا باوکی بە ناچاری ڕازی ئەبێ سیزان بەیارمەتی دایکی‌وخوشکی ڕوو ئەکاتە پاریس وە لەم شارەدا چوونە دەرەوە لەبنکەو دەستوری وێنە کێشان لە ڕووی دەر بڕینی هونەر بە ناڕەسەن دائە ناو نکۆڵی لێ ئەکرا بەڵام سیزان ڕێگا بەڕووێنەگایەکی سویسرایی ئەگرێتە بەر کە جۆرە سەر-بەخۆیی‌و نەبەستنەوەیەك لەم وێنەگایەدا هەبوو بەڵای هونەرمەندا نیشەوە جیهانێکی پەسندی بێ نیگایە لەو کاتەداسیزان پەیوەندی لە گەل هونەرمەندانی پیشانگای (یاخی‌بوەکان) ئەبەستێ کە ناپلیۆنی سێیەم لە ساڵی ١٨٦٣ بریاری‌کردنەوەی ئەو پیشانگایەی دا بۆ سیزان بەوردی لە سەرتابلۆی (خواردن لە سەر سەوزە گیا)ی هونەرمەند مانێ‌دەدوێ وە دۆستایەتی لە گەل پیسارۆ پەیدا ئەکات بەڵام لە بەر نەبوونی تابلۆکانی ناچێتە هۆڵی هونەرو دوور ئەخرێتەوە**تابلۆکانی (سەماخانەی ئاشتی** لاجالێت)ی ڕێنوارو (ئافرەتی‌دەرەوەی گەرماو)ی دێگاو (دروێنە)ی بیساروو (ئێستگەی‌سان لازار)ی مۆنێ کە سیزان هاو دۆستایەتی لە گەلیانابەستبو لە چاپخانەی (جیربوا) مەلەبەندی هونەرمەندانی ڕێبازی ئیمپریونیزمەکان بوو کە تەم کۆمەڵە تابلۆکانی ئێستا مۆزەخانەی لۆفەر شانازیان پێوە ئەکات .

(هۆر تیتز) کە مۆدیلێ‌زۆربەی تابلۆکانیتی ئەیخوازی وە لە پاشا بەرەو دێی (ئۆ فیر) ئەگەڕێتەوە وە پەیوەندی لە گەل (جاشێ)ی پزیشك پەیدائەکات کە بە یەکێك لە دامەزڕێنەرەی هونەری نوێ ئەژمێر-درێت وە ئەبێتە هاندەرێکی دوو جۆر بۆچونی جیاواز کە لە پێناویدا هەوڵی ئەدا بۆ بە هەیە لە سەر لە دایك‌بوونی سەرکەوتنی نیشتمانەکەی .

(مۆنێر) یەکەم ئەڵێ مۆلێر جان بوکلای باوکی هەمیشە لە شاری پاریس لە شەقامی لە کارکردن نەئەوەستا ، جگە « لانۆیێلیری » لە خانووی ژمارە لەوەی کە لەناو ماڵەکاندا نیگاری ٣١ لە دایك‌بوە ، ئەم بۆچونە نە سەر دیوارەکانی ئەکێشاو کەلو دووهەم ڕاستڕە کە ئەڵێ مۆلێر پەلی ناو ماڵی دروست ئەکرد لە لە پاریس لە شەقامی (سانت) هەمان‌کاتدا لە نزیك بازاری لە خانوی ژمارە ٥٦ نە سەوزە فروشان لە پاریس دایك‌بوە . دوکانێکی بچکۆلەشی هەبوو

لەگەل ئەم کارانەشدا ئەو ئەم پیاوە بەناوبانگە ، دایکی‌و گەرەکە گەلیانەی ئەو کاری تیا باوکی لە ژیانێکی کەم دەرامەتیدا ئەژیان بە پێچەوانەی هەرا باوکی مۆلێر ئاوا لەپێناوی ژیانی کۆپەکەیدا ئەژیا . دایکیشی لە هەمان چیندا ، واتە لە گەڕەکە گەلیەکاندا ، یارمەتی مێردەکەی ئەداو وەك گشت دایکێکی دڵسۆز هەوڵی ئەدا کۆرەکەی (مۆلێر) لە ژیر چاودێری‌و پەروەردەکردنی خۆیدا گەورە بێ ، بەتایبەتی کاتێ کۆپەکەی خەریکی ئەدەب‌و هونەر بوو ، مۆلێر لە تەمەنی دەسالیدا لە نازو خۆشەویستی دایکی بێبەش بوو مردنی دایکی پتر هانی ئەدا ، بۆ بیرکردنەوەو شی‌کردنەوەی پرواوەکانی کۆمەڵ . بۆیە هەستی بە نەخۆشیەکانی کۆمەڵ ئەکرد .

پاشان مۆلێر ئەچێتە قوتابخانەی (جزوین) و لەگەڵ منالە ئرۆستۆکراتەکاندا ئەخوێنێت .

باوکی پارەی زۆری ئەدایە ، بۆ نەوەی بە لاوێکی ڕۆشنبیرو تێگەیشتو لە ناو ئۆروستوفرا-تیەکاندا هەڵکەوێ لەم قوتابخانەیدا توانی هاوڕێیەتیکی بەهێز لەگەڵ میر « دی‌کونتی » بگرێ کە لە پاشەڕۆژدا یارمەتیەکی زۆری مۆلێرو تیپە شانۆگەڕۆکەی ئەدات ، وە زۆر ئاگاداری ئەگاو ئەیپارێزێ . هەروەها لەگەڵ « جلسندی » فەیلەسوفدا پەکتریان ناسی . لەبەر ئەوەی مۆلێر زۆر زیرەك بوو باوکی ڕێگای لە بەردەمیدا خۆش‌کرد بۆ ئەوەی خوێندنی بەرزی تەواو کا ، ئەوە بولە ژانکۆی « ئۆرلیان » خوێندی ، باوکی زۆر حەزی ئەکرد کە کۆرەکەی یاسا تەواو بکات .

پاش ئەوەی مۆلێر خوێندنی بەرزی تەواوکرد ، ڕوی کردە هونەری شانۆگەری ئەوە بوو لە ساڵی ١٦٤٣ دا بزوتنەوەیەکی شانۆگەری بەناوبانگی بەڕپاکرد کەدەورێکی بااڵی هەبوو لە فەرەنسا دا . مۆلێر لەگەڵ خێزانی « بیجار »دا پەیمانی بەست ، بۆ ئەوەی هەندێ ئەکتەری هەڵکەوتویان لێ‌بەکرێ بکرێ . لەبەر ئەوەی مۆلێر حاوەنی پارەی خۆی نەبوو ، ناچار بوو کە داوای ئەو میراتیە بکات کە دایکی لای باوکی بۆی بەجێ هێشتبوو .

مۆلێر بە هەموو توانا‌و خۆبەخت کردنێکەوە لە ساڵانی ١٦٤٣ - ١٦٤٥ لەگەل تیپەکەیدا لە پاریسدا مایەوە دەوری ئەبینی لەگەڵ ئەمەشدا هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا ، زۆر جار لەو شوێنانە دەریان ئەکرد کە دەوری تیا ئەبینی قەرزێکی زۆری کەتبوو بەسەردا ، تا دەست بەسەریان کرد بەڵام بەرگدا ئەبینران زۆریان زۆر دڵ تەنگ‌و زۆریان ڕوخۆش ، هی وای هەبوو هەتا بێنێی ڕەوشت ناشیرین بوو ، زۆر بەشیان خاوەنی ڕەوشتی‌بەرزو جوان بوو ، مۆلێر خاوەنی ئەدەبی بوو ، لە هونەری شانۆگەریدا سەرکەوتنێکی تەواوی بەدی هێنا ، دوو ساڵ لەو ناوچەیە مایەوە ، لە ساڵی ١٦٤٧ دا بەرەو « تولوز »و « کارکاسون » ڕۆیشت‌و وە لە ساڵی ١٦٤٩ بەرەو « تولوز » و « ناریون »و لە ساڵی ١٦٥٢ بۆ شاری « لیون » بو بە شوێنی هەمیشەیی بۆ شانۆگەریەکانی ، بۆ هەرچ شارێکی تر بچوایەو شانۆگەری پێش‌کەش کردایە لە دوایدا ئەگەڕایەوە بۆ « لیون » بابەتی شانۆگەریەکانی :

ئەو مرۆڤانەی لە شانۆ گەری لەسەر دەستی مۆلێردا گەیشتە مۆلێر دا ئەبینران لە دوو جۆر ڕێزی شانۆگەری ئینگلیزی .

مۆلێر

ئاوات هۆشمەند ئامادەی‌کردوە

پارچە شیعرێکی فۆلکلۆری

جعفر بەرزنجەیی

ئەم پارچە شیعرەفۆلکلۆریەم لە زاری پیاوێکی بەساڵا چوو وەرگرتوە . ئەمشیعرەش لە ناوچەی خانەقین زۆر باوە وە بۆ ئەوەی لەفەوتان ڕزگاری ببێت وام بە باش زانی بڵاوی بکەمەوەوبیخەمە پێش چاوی خوێنەری بەڕێز فەرمون ئەمەش شیعرەکەیە .

ئەوسا جایەڵ(١) بووم ، بە سەودای دڵ بووم
لە لای نازداران وەك پەڕەی گول بووم
ئەوسا جایەڵ بووم وەپانانەوە
نازداران لەڵێم مەلاڵانەوە
ئێستە پیر بوومەو قوش(٢) دام وەبەردا
وێنەی بەڕەزا وەسایکەمەردا
دوودی تەماکۆ سمێڵم‌کرد زەرد !
من مەقۆزنم(٣) کچان‌وەپێم واچەن دەرد
خاڵۆی ڕیش چەرمۆوتەك بە بەو لاوە
مەنواری تێمان شەرمت‌نەماوە
پیری کەکاڵەی پێناڕەوایە
هە مردن دێنی ، ئەوی‌لە دوایە !
جایەڵی خۆشە بەو شەرت خۆشت بێ
سەوزەی بااڵ بەرز لەتەرکەشت بێ

١ - جایەڵ : گەنج . لاو
٢ - قوش دام وەبەردا : قۆنگم داوەتەوە .
٣ - مەقووزنم : دەناڵێنم .
٤ - چەرموو : سپی .



ڕیاری وکتۆر ڕشۆ

لەلاوی بەپیری تەکەڵچنی
خۆشیم تیا نەبینی جیهانی دەنی
دەسپێ بەوە ناگیتی پێی‌ناڵێنی
وەکوو ئاشنا گەڵکی لالاتوو غەنی
خوایا لەمن خۆشبە هەرتۆم هەنی
١٩٧٤/١١/٦

institut kurde de paris

کتێبی هاوکاری

مێژووی ماد

٢٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
برهان قانع لە فارسیەوە
کردویە بە کوردی

- ٤٣ -

بونی کار سەرپەرشتی خواروی‌دو روباریان ئەکرد . نووسراوێکی (ئوما) کەدراوسێی لاگاش بووە دەست کەوتوە کە میژوی سەڵتەنەتی(سیوما) نوزدەهەمین پادشای گوتی پێوەیە (٧٨) .

« ئوتوخگال » پادشای‌شاری (ئوروك) (٧٩) دەسەڵاتی گوتیەکانی لەناوبرد ، دو پارچە نووسراوەی روونوسی نووسراوەکانی ئەولە شەڕی لە گەل گوتیەکانا ئەگێڕنەوە (٨٠) سەرپیچی‌ودەرچونی (ئوتوخگال لە سەردەمی ئاڵۆگوڕکردنی‌پادشایانی گوتی دەستی پێ‌کرد . (بە پێی ئەو باس‌ورووداوە کۆنانە کە لە ناوەڕۆکی پادشاهانی سومەری‌دادەرئەکەوێ دواین فەرمانفەرمای گوتی کە ناوی (تیریکان)بووە تەنیا ٤٠ رۆژ سەڵتەنەتی کردوە) . سیاسەتی‌پادشایانی گوتی خەڵکی سومەریان زور بێزارو قین لەدڵ کردبو وە (ئوتوخگال) لە لایەن هەمو کۆمەڵانی خەڵکەوەپشتیوانیان ئەکرد ، ئەو لەشکرانەی کە لە دژی(ئوتوخگال) کەوتبونە شەڕەوە ئەو شەرکەرە ئارەزوخوازانە نەبون کە لە ناو هۆزکانەوە کۆ بوبونەوەوهاتبون ولە گەل (نارام - سوئن)دا شەریان ئەکرد .

لەو کاتەدا هەندێك پیاوگەورەی سومەری‌و ئاکادی سەرکردایەتی لەشکری گوتیە-کانیان ئەکرد وەکو (نەبی ئەنلیل)ی ئاکادی‌و (ئور-نینازو)ی سومەری - ئەوانە رەنگە لە ئەمیران‌و پیاوەگەورەکانی ژوروو خوارووی دو روبار (بین النهرین) بووبن‌کە لە ژیر چاودیری گوتیەکان ولە سەر ریکەوتنی‌ئەمیرانی (لاگاش) حوکمی کیشوەرەکەیان ئەکرد .گومانی تیا نیە کە لە ناو ئەو لەشکرە باسکراوەداچەند دەستەو تاقمیکی تایبەتی سەر بەگوتیەکان هەبووە . ئەوکارەی کە یەکەمین سەرکردەکانی گوتیەکان بە ئەنجامیان‌گەیاند واتا کۆکردنەوەی کومەڵانی خەڵکی هۆزەکان بەمەبەستی فەرمانڕەوای کردنی دو روباری دەوڵەمەندی پرلە نیعمەت ، بە تەواوی لەوە ئاسان‌تر بو کە ئەو کۆمەڵەبۆ پاریزگاری کردنی زەویە داگیرکراوەکانی‌تر کۆ بکرێنەوەبە تایبەتی کە دەرامەتی ئەو زەوی‌وزارانە هی ئەندامەوردەکانی عەشیرەتی گوتی نەبون ، بەم هۆیەوە شەڕوشوری (ئوتوخگال)و (تیریکان) کە دو لەشکری‌چەکداری بەرامبەر بە یەکیان بە دەستەوە بو دەستی پی‌کردبەڵام ئەوانەی لایەنگیری (ئوتوخگال) یان ئەکردبە گیان‌و دڵ پشتیوانیان ئەکردو لە دژی زوردارانی‌ناوچەی‌و بیگانە خۆیان پڕ چەك کردبو . لەو شەرەداکە لە ساڵی ٢١٠٩ی پیش زاینیدا دەستی پی‌کرد(ئوتوخگال) زۆر بە ئاسانی سەرکەوت . (تیریکان) لەمەیدانی شەڕدا رای کردو زۆر هەوڵی‌دا لە ئاوایی(دوبروم) خۆی بشارێتەوە بەڵام خەڵکی ئاوایی گرتیان‌ودایان بە دەست (ئوتوخگال)ەوەو کوشتیان .

بەم جۆرە (ئوتوخگال)سەڵتەنەتی سومەرو ئاکادی زیندوو کردەوە بەڵام هەموئەو خەڵکانەی کە یارمەتی ئەویان دابو سودیان لەبەروبومی ئەو سەرکەوتنە وەرنەگرت . نەختێك لەوسەرکەوتنە بە سەر (تیراکان)دا تێ‌نەپەڕی (لەساڵی ٢١٠٨ی پیش زاینی) کە (ئوتوخگال) خنکاو ،دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لە دو روبار (بین النهرین) کەوتەدەست (ئور-نامو)ی حاکمی (ئور) ودامەزرینەری‌سێیەمین زنجیرەی (ئور) ئەم زنجیرەیە بە شیوەیەکی زۆرستەمگەرانەو بێ رەحمانە حوکمی وڵاتیان ئەکردوخیرو خۆشیان لە خەڵکی ئەو ناوچەیە تاڵ‌کردبوو .

ئاشکرایە بە پیشکەوتنی‌گوتیەکان لە دوای گرتنی دوروبار (بین النهرین) ستەم بووشتیکی پایەدارتر پەیدابیت . پیشەوایانی گوتی‌و سەرۆك هۆزەکان ، هەندیك خەڵکی هۆزەکانیان تی‌خرۆشان‌و هێنانیانە جوڵە ، لە سەرەتاوە پیشکەوتنی گوتیەکان هۆی ئەوەبو کە خەڵکی ناوچەی دوروبار بەتەواوی پشتیوانیان لێ ئەکردن بەڵام ئەوەدەرکەوت کە سەرکردەکانی گوتی لە دواییدا هەر خەریکی سامان‌کۆکردنەوەو خۆدەوڵەمەند کردن بوون ، وەدەستیان کرد بەتاڵان کردنی شارەکانی ناوچەی دوروبار (بین النهرین) . پیاوگەورەکانی هوزەکانی گوتی دەمودەس لەگەل دەسەڵاتدارەکانی سومەرو ئاکادا یەکیان‌گرت‌وریکەوتن وە هەمو خەڵکی ناوچەکەیان هینایە ژێر رکێفی ستەمگەرانەی خۆیانەوە وە بەپیچەوانەی سودی زوربەی خەڵکی هۆزەکانی گوتیەوە کەوتنە (خیانەت) گزی کردن ، وە بونەهۆی توڕەبون‌و بیزاربوونی کومەڵانی خەڵك . لە ئەنجامدا گوتیەکان چون بۆ کێوەکانی‌ئازربایجانی ئیستای ئیران وە زیانێکی زۆریان لێ‌کەوت وە هەروەها نزیکەی سەردەمی سەدساڵەی فەرمانڕەواییان لە ناوچەی دو رووبار تەنیا ژیان‌و کات بردنە سەربوو ، وەهیچ جۆرە گۆڕانێکیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەونا وچەبەدا پێك نەهێناو هیچ ئیسلاحاتێکی کۆمەڵایەتیان نەکرد . ئەو پیاوە گەورانەی گوتی‌یەکان کە دەوڵەمەند بوبون

بڕوانە ل -٧-

لاپەڕەیەکی شاراوە لە ئەدەبی کوردی

مێژوی ئەدەبی کوردیمان هەر لە کۆنەوە بگرە تاکو ئێستا بەچەند قۆناخ‌و مەزارگەیەکی پر لە مەینەت‌و دژوار تێپەریوە .. تاکو گەیشتۆتە رادەی ئێستای .. وە لە هەر دەورو زەمانێکدا توانیویەتی بەپێی توانا دەوری خۆی لە پێشکەوتنی کۆمەڵ‌و ووریا کردنەوەی بیرو هۆشی لاوانی کورد ببینێ‌و بە هیچ جۆرێك درێغی نەکاو کەمتەر خەمی نەنوێنێ لەم مەیانەدا .. ئەدەبی کوردیمان بگەیەنن‌و بەرەو شاری‌مەبەست بچن .. ئێمەی کورد گەر بەتەواوەتی خوڵقوو سەلیقەی خۆمان بدەینە ئەدەب‌و عەوداڵی کۆکردنەوەی فۆلکلۆرو بەرهەمی شاعیرە نەناسراوە کانمان بین‌و دەنگی زولاڵیان بەجەماوەر رابگەیەنین ئەو ساکە بەتەواوەتی بۆمان روون ئەبێتەوە کە کورد لە ئەدەب خاوەنی چ جۆرە خەزێنەیەکی پرشنگدارە .

من بەش بەحاڵی خۆم لەو ماوەیەی کەمتوی ئەدەب بەگشت لقێکیەوە لەسەدەی نۆزدەهەمدا .. گەیشتە سەر شاچڵی پێشکەوتن‌و گەشەدارییەتی .. هەربۆیە ئەم سەدەیە بە سەدەی زێرین لە ئەدەبی کوردی‌دا لە قەڵەم ئەدرێ .. لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمە : حاجی قادرو ناڵی‌و مەولەوی‌و چەندانی تربون .. وە لەگەڵ ئاوا بوونی خۆری پرشنگداری سەدەی نۆزدەم دەست‌پێ‌کردنی سەدەی بیستەم گەلێك‌شاعیری شۆرش گێرو جگەر سۆز هاتنە مەیدانی خەباتەوە چەشنی : پیرەمێرد ، بێ‌کەس، گۆران ، قانیع ، ئەسیری .. کە توانیان ئەم کەلێنە بەتاڵە لە ئەدەبی کوردی پربکەنەوە کە : حاجی‌و ناڵی‌و مەولەوی لەپاش خۆیاندا بە جێیان هێشتبو .. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە پاش مردنی ئەم شاعیرانەو چاو هەڵهێنانی نەوەی نوێ ئەدەبی کوردیمان جۆرە کەمی یا نزمیەکی نواندبێ .. بەڵکو تاق‌و لۆق شاعیرانی وامان تیادا رسکاون کە توانیویانە تارادەیەکی ئەو تۆ ئەرکی پۆزی سەر شانیان بەجێ بوم‌و شەیدای کۆکردنەوەی فۆلکلۆرو بەرهەمی شاعیرە نەناسراوەکانمان بوم .. توانیم بەرهەمی گەلێك لەو شاعیرانە کۆبکەمەوە کە تاکو ئێستا بەدەگمەن ناووبەرهەمیان بیستراوە ..

ئەم شاعیرانەش ئەمانەن (خلیل مخلص - ١٩١٠ - شێخ عبدالقادر شێخ عزیز نازناو بەفیغانی ١٩٠٨ -١٩٦٦ مەلا علی محمد سوریژەیی نازناو بەغریب - ١٩١٦) .

جا ئەو شاعیرە کە ئێستا باسی لێوە ئەکەین‌و یەکەم جار مێژوی ژیانی‌و شیعرەکانی بڵاو ئەکەینەوە .. شاعیری دەشتی هەولێر مامۆستا مەلا علی کوڕی محەمەدی کوڕی شریف کوڕی عبدالله کوڕی خدری سوریژەیی‌یە ..

لە ساڵی (١٩١٦)ی زایینی بەرامبەربە - ١٣٣٥-ی کۆچی لە گوندی سوریژەی سەر بەناحیەی قوشتەپە چاوی ژیانی هەڵهێناوە .. کە ئێستا لە تەمەنی (٥٨) ساڵیدایە .. نازناوی شاعیریشی « غریب»ەو لە تیرەی (لەك)ە .. هەر لە تەمەنی پێنج - شەش ساڵیدا باوکی ئەی نێرێتە بەر خوێندن .. سەرەتای زنجیرەی خوێندنی ئایینی لە حوجرە لەلایەن مەلاو زانا بەرزەکانی ئەو ناوەدا دەست پێ‌کردوە . دوا بەدوای ئەمەش بابەتە قورسەکانی لە نحوو منطق‌و صرف‌و تفسیری قورئانی لای مامۆستا (مەلا قادری سوریژەیی‌و مەلا تاهیری سەرگەرانی) خوێندوە ..

تاکە ئامانجی سەرەکی مامۆستا لە ژیاندا ئەوە بوە کە خوێندن تەواو بکات‌و ئیجازەی مەلایەتی پێ بسپێردرێ .. بەڵام داخی گرانم هەژاری‌و بێ‌درامەتی ئاواتەکەیان زیندە بەگۆر کردوە .

لە دوایدا بۆماوەی نزیکەی ١٥ سال لە گوندی -گورگە-و - دارە خورما -و - عەزە - مەلایەتی کردوە .. وە کە وەزعی ناوەخۆی ووڵات شلەژاو گوزەرانی نەما مامۆستا ناچار ما ئەویش تەبای ئەو عالەمە ماڵ بار بکات‌و بەرەو هەولێر بکەوێتەڕێ..ئیتر لەو ساکەوە نەگەرایەوە بۆ دەشت ..

(غەریب) پیاوێکی رووخۆشی دەم بەبزە پێکەنین‌و باڵا مام ناوەندی‌و رەنگ رەشەسمەرو برۆ تێیکەڵاوو چوست‌و چاپوك‌و زیرەکە .. لە هەمان کاتیشدا زۆر لەسەر خۆو کرو بێ دەنگ‌و خواناسە .. لایەنی ئایینی ئیسلامی زۆر لا بەهێزەو ریگەی قادری (الطریقة القادریة)ی گرتووە .. خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ‌و بەهرەیەکی بەپێت‌و پۆرە .. زۆر رقی لە زوڵم‌و زۆرو داگیر کەران ئەبێتەوە .. پیاوی راست گۆو خواناس‌و ساویلکەی خۆش ئەوێت‌و باوەشی رێزو حورمەتیان بۆ دەکاتەوە ..

غەریب‌و شیعر :-

« غەریب »ی شاعیر دیوانێکی دەستخەتی نایاب‌و پوختی هەیە کە بریتیە لە نزیکەی ٨٠٠ دێر شیعری تەرو پاراوو رەسەن کە لە ماناو شێوەی دارشتنیاندا هیچ جۆرە کەمیەکی ئەو تۆ نیشان نادەن بەرامبەر بە شیعری شاعیرانی تر ..

بەڵام ئەوەی کە زۆر لەبەر چاوەو خوێنەر لە دیوانەکەی (غەریب)دا هەستی پێ ئەکات ئەوەیە کە شاعیر زۆربەی زوری شیعرەکانی بە بەرگێکی ئاینی داپۆشیوە کە سەرجەم بریتین لە ئامۆژگاری‌و پارانەوەو دادو فیغان‌و های هو لە دەرگای خواوە .. بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا لایەنی دڵداری‌و پیاهەڵدانی سروشتی فەرامۆش نەکردوە بگرە لە شیعرە

(غەریب)ی شاعیر

دڵدارییەکانیدا شوێن پێی « ناڵی »و لە پیاهەڵداندا رێچکەی (مەولەوی) گرتووە.

هەروەکو لە پێشەوە وتمان - غریب - شوێن پێی ناڵی کەوتوە لە هۆنینەوەی شیعری دڵداری‌و پیاهەڵدان بە بەژن‌و باڵا قشتیل‌و جوانەکەی دوڵبەرە بێ رەحمەکەی ... چەشنی دێوانەی داغ لە دڵ بە دوای شەمی ئاواتی گەراوە .. دەمێك هاتوە برۆی بەقەوس‌و قەەزح‌و دوو چاوی بە ئەستێرەی وورشەدارو بەژن‌و باڵای بە شمشاڵ چواندوەو دەمێکیش تێکرای بەژن‌و باڵاو جوانی بەفریشتەو پەری چواندوە ..

دەفەرمون سەیری ئەم غەزەلە تەرو پاراوە بکەن :-

ئەی دڵ کە شادی دولبەری کە سادی یادی دولبەری
فیدا نەبی هەتا سەری بێ سەمەری بۆ سەمەری
توخووا بڵێ بەیارەکەت سلام کا لە غەمبارەکەت
عاجیز مەکە بێ چارەکە.

بەروحوگیانە موشتەری جارێ بڵێ جارجار وەرە تۆزی غەمم لە دل بەرە

غەریب »ی شاعیر

جلال سنجاوی

باغی‌توە پر لەبەرە بۆچی لەمن وابێ بەری
هەوا دری داگرتووە زەوقی لە تو وەرگرتووە
حەسرەتی بۆ وەسلی توە حەیفە برەنجێنی دری
قامەتەکەت سنەو بەرە یاخو سەروو عەرعەرە
تاقە جوانی بێ پەرە چەندی بڵێم زیباتری
جارێ ئەڵێم شەنگەبییە بەرو گوڵی گوڵ باغیە
گەردەنەکەی مامزییە هێشتا بەڵام شیرین تری
چاوو برۆ بازو سەقەر خونچە دەمی شیرین سەمەر
وەختە گیانم بێتە دەر ئەتوش بەچی هەڵناگری

« غەریب »ی کە سادو ناشاد لە کۆتایی دا بەتەواوەتی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنی کە مەحاڵە پیرێکی بە ساڵا چوی هەژارو بێ درامەتی وەك ئەو لەگەڵ کچە شوخێکی خونچە دەمی دەوڵە مەند پێك‌بگەن :-

کە عەبدەکی بێ قیمەتم بێ ماڵ‌و حارو سەروەتم
چ باکی بی بەحەسرەتم دوورە لە یەك پیرو پەری

لە کۆتایی دا هیوادارم بەم کورتە باسە ساکارە توانیبم ئەرکی سەرشانم بەرامبەر بە بوژاندنەوەی کەلەپورو کەلچەری گەلی کوردمان بەجێ گەیاندبێ ..

تاتانیا ئەریستۆڤیا...

بهاءالدین جلال
ئامادەی کردووە

کچە رۆشنبیری سۆڤیەت ، تاتانیا ئەریستۆڤا - یەکێکە لەلێکۆڵەرەوە مێژوویی‌یەکانی سۆڤیەت کە بەسەرچاوەی مێژووی کورد دەژمێردرێت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم .

تاتانیا .. لە خێزانێکی هەژار چاوی ژیانی هەڵێناوە باوکی‌ی کە ناوی (فیۆدرفیخ ئەریستۆڤا بوو ، مامۆستا بووە لە دراساتی سلاڤ لە زانکۆی مۆسکۆ . وە دایکی ئەرمەنی بووە ، وە دەستێکی باڵای هەبووە لە نیگارکێشان‌و پەیکەر تاشی .

تاتانیا .. سەردەمی ژیانی‌ی بەچەرمەسەری‌و ناخۆشی بەسەر بردووە .. کاتێ کە نازیەکان هێرشیان بردۆتەسەر رووسیا ئەم بچووك بووە .. وە لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا براکەی کوژراوە .. وە دوای کۆتایی هاتنی شەر خۆی بێ‌دایك‌و باوك دۆزی‌یەوە « بەڵام دەوڵەتی سۆشیالیستی مشوری خۆی‌و براکەی تری خواردوو گەورەی کردون .

هەر ئەم پەروەردەکردنە بوو کە وای لە - تاتانیا -و براکەی کرد کە ببن بە دوو رۆشنبیری هەڵکەوتوو .. لە ئەنجامدا بڕوانامەی دکتۆڕای‌وەرگرت لە لێکۆڵینەوەو دراساتی کوردی وە براکەشی‌پسپۆر بوو لە کیمیاو ریازیات .

تاتانیا .. پەیمانگای‌رۆژ هەڵاتناسی تەواوکرد کە تایبەتی بوو بەدراساتی‌ئێرانی لە ساڵی ١٩٤٩دا ، وە بڕوانامەی - گۆڕین -ی ، لەفارسی‌یەوە بۆ رووسی ، وەرگرت .

وە لە ساڵی ١٩٥٣دا پلەی‌زانستی (بی . ئێچ . دی)ی لە پەیمانگای ئەنسۆگراڤی لەئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی لە مۆسکۆ وەرگرتووە ، کەتایبەتی بوو بە دراساتی کورد، لە بەرئەوە بڵاوکراوەیەکی‌نووسی لە ژێر ناو نیشانی « کوردەکانی ئێران دراساتێکی‌مێژووی‌و ئەنسۆگراڤیانە » . وە لە ساڵی ١٩٥٤ وە بۆماوەی (٢٠) ساڵ لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی ، بەردەوام بووە ، وە بە شداری کرد لە دەرکردنی ژمارەیەکی‌زۆر لە راپۆرت‌و لێکۆڵینەوە سەبارەت ژیان‌و ڕەوشتی‌کورد ، تاوای لێ‌هات بوو بە سەرچاوەیەکی دراساتی‌زانستی چونکە یەکەم کچ بوو کە لەم مەیانەدا پلەیەکی‌بەرزی وەرگرت . بەجۆرێ هەتا (رۆدۆلف)ی مامۆستای‌ئەنسۆگرافی کوردیش لە زانکۆی بەرلینی رۆژئاواپەنای هێنایە بەر وە سوودی لێ‌وەرگرت‌وە لە کتێبەکەی‌دا« کوردەکانی ژووروی رۆژئاوای ئێران) کە لە ساڵی١٩٦٧ دا چاپێ کردووە دانی‌بەم حەقیقەتە داناوە لەلایەکی‌ترەوەکچە لێکۆڵەرەوەی ئەڵمانی (ن . هانس) لە کتێبەکەیدا(ژیانی ئافرەتی کورد) سوودی لێ‌وەرگرتووە کە لەساڵی ١٩٦١ بەزمانی ئینگلیزی لە کۆبنهاکن چاپ‌کراوە .

بەم جۆرە - تاتانیا - بوو بەسەرچاوەیەکی دراساتی کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت‌و دەرەوەدا .. بەجۆرێ کە هەر دراساتێك لە یەکێتی سۆڤیەت دەربارەی کورد نووسرابێتەوە مۆرکێکی دراساتی ئەم کچە مەزنەی پێوەیە :

وە بەناوبانگترین نووسینەکانی دکتور -تاتانیا- کە لە پەیمانگای ئەنسۆگرافی مۆسکۆ دەرچووە ئەم باس‌و کتێبانەی خوارەوەیە :-

١ - سەردانێکی کوردەکانی قەفقاسیا ساڵی - ١٩٥٨ - .

٢- دراسەتێك دەربارەی رۆشنبێری‌و ژیانی کوردەکانی ئێران ساڵی - ١٩٥٨ - .

٣ - مێژووی پەیدا بوونی گوندە نوێ‌کانی قەفقاسیا - ١٩٦٢ .

٤ - دراسەتێك دەربارەی جیاوازی ژیانی رۆشنبیری‌و ماددی کوردەکان ساڵی ١٩٧٠

وە باسێکی کورتی‌ی ئەم کتێبەی چوارەمی‌ی لە گۆڤاری - التراث الشعبی -ی بەغدا بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە

بەڵام بەناوبانگترین کتێبی - تاتانیا - « ئەو دیو قەفقاسیا)یە کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا دەرچووە کە تیایا باسی رۆژنامەگەری دەکات لە یەکیەتی سۆڤیەت‌و دەرەوە .. لە پاڵ نووسینی ئەم کتێبانەشدا بەشداری نووسینی ئەنسکلۆپیدیای سۆڤیەتی کردووە ، وە چەند ووتارێك دەربارەی رووی ئەنسۆگرافی کوردەکان ، وە هەروەها وتارێك دربارەی - هونەری کوردی - کە بەکورتی لە رۆژنامەی - التأخی - بڵاوکراوەتەوە .. وە دوا کتێبی کە ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ کتێبی « دراسەیەکی گشتی لە رۆشنبیری‌ی ماددی‌و روحی کوردەکان)ە کە بەیەکەمین‌و گرنگترین کتێب دا دەنرێت کە لە رەوشت‌و نەریتی کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دەکۆڵێتەوە .. وە نیاز وایە کە لە ساڵی ١٩٧٦ چاپ‌بکرێت کە باسێکە - تاتانیا - بڕوانامەی - فاووك (دی . سی . ئێس) لە ئەنسۆگراڤیا وەردەگرێت .

پۆستەی خوێنەران

× کاك عەبدولکەریم عارف هەواری :
ئەگەر پرسیار لە دانشگا بکەن باشتر لەمەسەلەکە ئەگەیت برا .

× کاکە شیروان :
تەماشای (دیاری پیرەمیرد) چاپی ساڵی ١٩٥٠ بکە نێچیری خۆت بدۆزەرەوە .

× کاك ع . ب . سورین
ناوەرۆکی شیعرەکانت خراپ نیە ، بەڵام ئایائەزانی ئەگەر بە نووسینێکی خۆماڵیانە بت نووسیبایە باشتر ئەت توانی هەستی خۆت دەربڕی‌و لەگێرەو کێشەی سەرواو کێش‌و سوزی شیعری خواگرتوش رزگارت ئەبوو .

× کاك دیار بەکر :
براگیان لە هەلبەستی (وەرەگیانەکەم) دا نەمان‌زانی مەبەستەکەت چیە ؟

× کاك عەتا زانا :
زور سوپاست ئەکەین دیارە خۆت ماندووکردوە ، بەڵام داخمان ناچێ‌گفتۆگۆکەتان بە شێوەی روژنامەگەری دانە ڕشتوەو پێویست بەدەستکاری ئەکات .

× کاك کازم عەبدوڵلا کۆی :
خوا هەڵناگرێ شیعری ئەمجارەتان خراپ نیە ، بەڵام لە گەل رێبازی رۆژنامەگەری ئەمرۆدا ناگونجێ .. ئەوەش ئێمە بڵێین چی ؟

× کاك روستەم کەساس :
سەبەب کارت بەکۆی زوخاڵ بێ .. ئەگەر ئێمەش بڵاوی بکەینەوە چارەسەری مەسەلەکەی تۆناکات .

× کاك دلێر عەونی کۆی :
دوپارچە فولکلورت بوناردوین ئەمە هەڵبژیردراوی پارچەیەکیانە :
رومەت مانگە شەو هەڵدێ لە شاخان .
بەژنت رەیحانە شەتڵە لە باخان
ئەگەر بۆم نابی دەمرم لە داخان

× کاك ئیسماعیل زێنوێی :
ئەمەیان پەخشانی ساڵی تازە بوو ، ئاخۆ هی ساڵی داهاتۆ چۆن بێ ؟
ئەگەر زۆرتر خۆت ماندوو بکەی باشتر ئەتوانی خزمەتی ئەدەبی نەتەوەکەت بکەی .

× کاك شیروان حەسەن حسین :
قوربان کەس باسی (مەخمور)ی نەکردوە !

× کاك هاشم ئەحمەد سەراج بەدڵدارەکەی ئەڵێ :
کاتێ ماچی نێو شەمامەی سینگت ئەکەم
کەزی زەردی ئاوریشمینت تێربۆن ئەکەم ..
نەشمیلەکەم
ئالەوکاتە
خۆشەویستیت یاسایەکە دیلم ئەکات ..

× کاك ئەنوەر مەحمود :
ئەبوا باسی ئەو سەرچاوانەت بکردابایە کە باسەکەت لێ‌وەرگرتوون هەرچەند هەندێك رستەی باسەکەتان لەگەل رەوتی رۆژنامەگەری ئەم کاتەدا ناگونجێ ..

institut kurde de paris

وەرزش لە هەفتەیەکدا

میدیا

خۆێندەری بەڕێز

لە گوشەکانی رابوردوماندا ناوچەکانی کوردستانا ٠ تکامان وەرزشیان بۆ بڵاو کردنەوە چەند شێوەیەکی پەروەردەو وایە کە تەنها هەواڵەکانی بنێرن ٠ بەم جۆرەو بەیارمەتی چالاکی وپەرەسەندنی شاری سلێمانیو دەورو هەمو لایەک ئەتواینن گۆشەی وەرزشمان بڵاو کردەوە ئەویش بەریمان بۆ بنێرێو داوای کەمان پڕ لە هەواڵو زانیاریو لێبوردنی ئەکەین لەبەر ئەوەی لەبەر گرنگی چەن زانیاریەکی پەروەردەی وەرزشو پێش مەبەستەی دەرمان بڕی ٠ خستنیەتی ٠ ئەمجارەش وجاریکی تر سوپاس بۆ کاك صدیق هیوادارین بەردەوام بێ لە ناردنی هەواڵەکانی خۆشەویست شاری سلێمانی بۆ هاوبەشی کردنی خوێنەران لەگەڵ ئەم گۆشەیدا بۆ هەروەها براەریکی تازەی وەرزش کاك عبدالله حمد چالاکی وەرزشی لە کوردستاندا بەرز کەنەوە ٠



هەغدید قەیسی لە دەهەنگبابەبۆنەی چەژنی نەورۆزەوە لەکویە ٠٠

هەواڵەکانی کوردستان

× سلێمانی : بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی داوای لە لاوانی وەرزشی (اعظمیە) کردوە کە سەر لە شارەکە بدەن بۆ چونەناو چەن کۆڕێکی یاریەوە لەگەڵ تیپە وەرزشیەکانمان لە ناوچەی گەرمێن بۆ بەشداری کردوەو تەمەنی (٤٣) ساڵەو ژنی نەهێناوە وتوانیوەتی بەهۆی هونەرمەندی وجولانەوەی سەیر خوی لای خەڵکی شارەکە خوشەویست کا ٠ هەر وەکو لە وێنەکەدا دەرکەوتوە وسەیرتر ئەوەیە لەسەر سنگی نوسیویەتی (لێم لادەن و لە پشتەوە نوسیویەتی (خطر) ٠

پاشماوەی : مەسەلەی ئیرلەندە

کوماری ڕەسمی لە باکووری ئیرلەندە ، هەروەها دەچن سەربازە ئینگلیزەکان راو دەکەن ، بێ ئەوەی لە مەڵبەندەکانی ئینگلیز بدەن ٠ وە ئەوان دژی هەموو چەشنە خەباتێکن لە باشووری ئیرلەندە لە گەڵ ئەوەی کە چەمسەری ژیانی ئابووری وا لە ژێر دەستی کومپانیەکانی ئینگلیزدا ، وە کردەوە کانیان یارمەتی ئینگلیزەکان دەدات کە مەسەلەی ئیرلەندە بکەن بە چەشنە (ناکۆکیەکی) ئایینی لە نیوان پروتستانتو کاسولیکەکاندا ٠ هەروەها سوپای کوماری ڕەسمی لە ٣٠٪ ئەندامە کانیو گەلێك لە سەر کردەکانی پرۆتستانتن چونکە لە پێناوی هەموو ئیرلەندە دا خەبات دەکەن ٠

دووەەم : ڕێکخراوی خەبات لەپێناوی مافە شارستانیەکاندا (الحقوق المدنیە) :

ئەم ڕێکخراوە پاش ١٩٦٧ بەهێز بو لەوکاتەوە کە دەزگاکانی بەریتانیا (شەلم کۆێرم ناپارێزم) هەرچی ئیرلەندەیی بێت دای ئەپلۆسن ٠

سێیەەم : پارتی کۆمیۆنستی ئیرلەندە :

لە ١٩٣٣ دامەزرا لە شێوەی دوو حزبدا لە باکوور وباشور بەڵام لە مارتی ١٩٧٠ هەر دوو لایان لە یەك پارتیدا یەکیان گرت ٠٠ بەرنامەی شیوعیەکان نەك تەنها رزگار کردنی ئیرلەندەی باکوور بەڵکو دەیانەوێت میللەت لەباشور رزگار بکەن لە حوکمی کۆنەپەرست ٠

چوار هەم : پارتی نیشتمانی :

داوای دامەزراندنی یەك دەوڵەت دەکات بۆ ئیرلەندە ٠ وەکو هەموو پارتییەکی بورژوازی ئەوەندە بەتەنگ خەباتی رۆژانەوە نیە ٠

پێنجەەم : ڕێکخراوی (ئورانج ئوردەر) لە ئیرلەندەی باکور :

ڕێکخراوی کۆنەپەرستە پروتستانتە کە لە شەقەکانە ، کە بە ناوی میر ئورانج حوکمداری بەریتانیاو یەکە دوژمنی کاسولیکە کانەوە ناو نراوە ٠٠ هەموو سەرەك وەزیرەکانی ئیرلەندەی باکور لەم ڕێکخراوە دان کە نوێنەری خاوەن زەوی و سەرمایە دارە پروتستانتە گەورەکانە ئەم پارتیە ڕێکخراوێکی سەربازی فاشستی هەیە بە ناوی « هێزی خۆ بەخت کەرانی ئەلستەر» کە لە هەموو دەرفەتێکدا دەچێ بەگژ هێزەکانی سوپای کوماری ڕەسمی وهێزە دیموکراتیەکانی دژی ئازار دانی کاسولیك وبەشەکانی گەل دەوەستن ٠

— ماوێتی —

سەرنجێکی سیاسەتی میلتاریستی — پاشماوە

سەر ریگای ئێران ٠ چارەنووسی تاجو تەختی بەستراوەتەوە بە چارکردنی ئەم گیرو گرفتە ٠ئەمریکاییەکان توانیان لە تاران هێندی نوێنەری پارلەمانی ئێران بکڕن ، تا قانوونی « پاراستنی سیاسیو قەزایی » عەسکەرەکانی ئەمریکا پەسندبکرێ ٠ پێڵیس و دادگای ئێران لەمەو دوا ناتوانن دەست لە کارو باری جاسوسەکانی ئەمریکایی وەربدەن ، کە ڕۆژ بەڕۆژ لە ئێران زیاد دەکەن » ئەڤەل لە « زارۆ بیژوم » ژمارە (٤٩ — ١٩٦٤) ٠

بەدوای پەسندکردنی ئەم قانوونەدا ، کە هێزە دیموکراتە کانی ئێران ناویان نابووە « زیندوو کردنەوەی کاپیتولاسیون » لایحەیەکی قەرزی ٢٠٠ میلیون دولاری لە ئەمریکا بۆ کڕینی چەك و قورخانە لە مەجلیسی نوێنەرانی ئێران پەسند کرا ٠ بەریوە بەرانی ڕێژیمی ئێران شانازیان پێوە دەکرد ، کە ئیتر یارمەتی بەخۆڕاییان پێ ناگڕی و دەتوانن خۆیان لەشکر چەکدار بکەن ٠

(هاردی جابلونسکی)

سەروکی دەستەی ڕاوێژکەرە عسکەرەکانی ئەمریکا لە ئێران ئێستا نەك هەر بەهێزی چەکداری خوی دەتوانی لە بەرامبەر پەلامار دا بەرگری بکا ، بەڵکوو دەتوانی بە ئەمنیەتی ڕۆژ هەڵاتی ناوە ٠ راستیش کو مەگ بکا ٠ ئێرانیکی بەهێزو خاوەن توانا زۆر بەرگری بۆ دنیای ئازاد دەکەن » (٢) ٠

— لێرەدا بەچاپی چوارەم (٢) ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ١٣-١٢-١٣٤٣ جەلدی ١٥ — لاپەرەی ١٦٩ ٠

— ماوێتی —

کتێب بەسەرهات — پاشماوە

بکات تا بە پێچەوانەوە تێڕی بگات و بڵێ :

کتێبەکە لەسەر (عبدالخالق علاءالدین) نووسراوە نەك ئەو نووسیویەتی ٠٠

٢ — لە لاپەڕە ٣ دا لە ژێر ناوێنەی مەلای گەورەدا چوارینێك نووسراوە بەبێ ئەوەی ناوی بڕیوە لە ساڵی ١٨٧٦ی زایینیدا لە دایك بووەو لە ٩٤٣ی زایینشدا کۆچی دوایی کردووە ٠ لێرەدا ئەگەر ئێمە ساڵی لە دایك بوونی لە ساڵی کۆچی دوایی دەربکەین تەمەنی ژیانی دەکاتە ٦٧ ساڵ کەچی مامۆستا عبدالخالق لە لاپەڕە ٣٠دا دەڵێ لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا گیانی پاکی بەخوا سپاردووە ٠ بە عبدالخالق نووسیویەتی (دایکی — واتا : دایکی مەلا محەمەد — ناوی (عائشە)ی کچی حاجی بابەکر ئاغای حەویزیە)و ئەمەش ڕاستە ، کەچی لە لاپەڕە (٥٠) دا ئەم ڕاستیەی لەبیر دەچێو بە هەڵە دەڵی مەلای گەورە (خوارزا)ی حاجی بەکر ئاغا بووە ، جاری یەکەم مەلا محەمەد بە کچەزای حاجی بەکرئاغا دادەنێو جاری دووەمیش بە خوشکەزای ٠٠ باوەریش ناکەم ئەمە لە هەڵەی چاپەوە هاتبێ ٠

٤ — نووسەر لە لاپەڕە ١٥ وە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك لە ناو مێژووی ژیانو وێنەی هەندێ لە مەلا ناوداراکانی کۆیە بە شێوەیەکی نارێك و پچڕاو ، بەبێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوەو پێمان بڵێ : پەیوەندی ئەمانە بە مەلای گەورەوە چیە ؟! لەوەش سەیرتر ئەوەیە لە باسی ئەو مەلایانەدا دەکەوێتە ژمارەو نا ناوی کوڕو کچو برازاو خوارزایان ، دیسان ئەمەش شتێکی پەیوەندیدار نیە بە باسی ژیانی مەلای گەورەوە هەرچەندە ئەوە نەبێ کە دەڵێ ئاوارەحمان پاشای بابان لە دەورو بەری ساڵی ١٢١٠ وەیا ١٢١٢ی زایینی دەبێ کە دێتە کۆیە ، خۆشەویست لەگەڵ ڕێزو لێرەدا بە هەڵەدا چووە لە سەر لەنوێ چاوبە پەیوەندی بەرهەم ئەکات کە هەڵوێستێکی بەرچاو بنوێنن بۆ پاراستنی کورد لە کۆتایی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ دا ٠

کتێبەکە لەسەر (عبدالخالق علاءالدین) نووسراوە نەك ئەو نووسیویەتی ٠٠

٢ — لە لاپەڕە ٣ دا لە ژێر وێنەی مەلای گەورەدا چوارینێك نووسراوە بەبێ ئەوەی ناوی بڕیوە لە ساڵی ١٨٧٦ی زایینیدا لە دایك بووەو لە ١٩٤٣ی زایینشدا کۆچی دوایی کردووە ٠ لێرەدا ئەگەر ئێمە ساڵی لە دایك بووەو لە ساڵی کۆچی دوایی کردووە ٠ لێرەدا ئەگەر ئێمە ساڵی لە دایك بووەو لە ساڵی کۆچی دوایی دەربکەین تەمەنی ژیانی دەکاتە ٦٧ ساڵ کەچی مامۆستا عبدالخالق لە لاپەڕە ٣٠دا دەڵێ لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا گیانی پاکی بەخوا سپاردووە ٠ بە عبدالخالق نووسیویەتی (دایکی — واتا : دایکی مەلا محەمەد — ناوی (عائشە)ی کچی حاجی بابەکر ئاغای حەویزیە)و ئەمەش ڕاستە ، کەچی لە لاپەڕە (٥٠) دا ئەم ڕاستیەی لەبیر دەچێو بە هەڵە دەڵی مەلای گەورە (خوارزا)ی حاجی بەکر ئاغا بووە ، جاری یەکەم مەلا محەمەد بە کچەزای حاجی بەکرئاغا دادەنێو جاری دووەمیش بە خوشکەزای ٠٠ باوەریش ناکەم ئەمە لە هەڵەی چاپەوە هاتبێ ٠

٤ — نووسەر لە لاپەڕە ١٥ وە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك لە ناو مێژووی ژیانو وێنەی هەندێ لە مەلا ناوداراکانی کۆیە بە شێوەیەکی نارێك و پچڕاو ، بەبێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوەو پێمان بڵێ : پەیوەندی ئەمانە بە مەلای گەورەوە چیە ؟! لەوەش سەیرتر ئەوەیە لە باسی ئەو مەلایانەدا دەکەوێتە ژمارەو نا ناوی کوڕو کچو برازاو خوارزایان ، دیسان ئەمەش شتێکی پەیوەندیدار نیە بە باسی ژیانی مەلای گەورەوە هەرچەندە ئەوە نەبێ کە دەڵێ ئاوارەحمان پاشای بابان لە دەورو بەری ساڵی ١٢١٠ وەیا ١٢١٢ی زایینی دەبێ کە دێتە کۆیە ، خۆشەویست لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا ٠

— ئەمەش کۆتایی بە بابەتەکە دێنێ —

تەواوبوونی کاروباری کۆنگرەی گەلی — پاشماوە

پوختەی ناوەڕۆکی بەیاننامەکەو بڕیارە سیاسیەکانە :- ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران دەڕێژە بەو دەست درێژیانە ئەدات کە ئەیکاتە سەر — قطر — ی عیراقو لە چوارچێوەی ئەونەخشە ئیمپریالیستی یە دا کە بۆ خولقاندنی گیروگرفتە لەبەردەم حکومەتە پێشکەوتن خوازەکەی عیراقو بۆئەوەی نەی پڕژێتەسەر گێرانی دەورە پێش ڕەوە میژوو — یی کە کەی لە شەڕی نەتەوەیی چارەنووسی دا کە نەتەوەی عەرەب دژی دەستێوەردانی ئیمپریالیزم وسەهیونیەت ئەگێڕێ کە خاکی عەرەبیان زەوت کردووە ٠

ئنجا بەیاننامەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیارەکان دەست نیشان ئەکات :-

یەکەم :- ئەو دەستدرێژیانەی ئێران ئەیانکاتە سەر عیراق :-

أ — کۆنگرە ئەیسەلمێنێ کە مەبەستەکانی کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی ئێران و ئەخشەکانی ئیمپریالیزمو سەهیونیزم توندو تۆڕ بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە ، بۆ مەشغوڵ کردنی گەلی عیراقو سەرکردە شۆڕشی گێرو لەشکرە دلێرەکەی ٠

ب — کۆنگرە داوا لە جەماوەری نەتەوەی عەرەبو هێزە نیشتمانیەکانی ورێکخراوە گەلیی و پیشەییەکانی ئەکات کە پشتگیری عیراق بکەن بە هەموو شێوەیەك دژی دەستدرێژیەکانی ئێران ٠

ج — کۆنگرە بە تونەدی سەرکێشی حکومەتی ئێران ڕسوا ئەکات لەگەڵ ئەو کرداره ناپەوایانەی کە بریتین لە پێشێل کردنی یاسانیێ دەوڵە تیەکانو ڕێز نەگرتنی دراوسێیەتی ٠٠

د — کۆنگرە داوا لە گەلانی ئێرانی دۆستو بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانیەکانی ئەکات کە خەباتی ناوکۆیو کۆمەك بکەن دژی کۆنەپەرستی فاشیزمی تاران ٠

دووەم — دەست درێژیەکانی ئێران لە خلیجی عەرەب دا :-

أ — کۆنگرە داوا ئەکات کە هێرشێکی تونەدی هوشیار کردنەوە بکرێ بۆ ڕسوا کردنی نەخشە وپیلانەکانی ئیمپریالیزم وئێران کە ئەیانەوێ کە سایەتیو شێوازی نەتەوەیی عەرەب لە ناوچەکە بسڕنەوە ٠

ب — هەروەها کۆنگرە داوا لە حکومەتانی عەرەبو دەزگای وڵاتانی عەرەب ئەکات کە کۆمەکی یەکتری بکەن بۆ بەرەنگاری کردنی هێرشەکانی بێگانەو ئێران ٠

ج — کۆنگرە داوا لە حکومەتانی عەرەب ئەکات کە نەوت وئەوانەی نەوت ناهێننە بەرهەم ئەکات کە هەڵوێستێکی یەك گرتوو بنوێنن بۆ پاراستنی سەربە خۆیی سیاسیانو بە گژا چوونی هەر سەرەڕۆیو هێرشێکی سەرشێتانە کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بیکات بۆ داگیر کردنی سەرچاوەکانی پترۆل ٠

ب — کۆنگرە داوا لە جەماوەری عەرەب ئەکات کە ڕادەی هوشیاریو ڕاپەڕینی تیژتر بکات بۆ بەرەنگاری کردنی جمو جۆڵیەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ئاگادار بێ لەوەی کە ئەگەر ئەمەریکا هەوڵی داگیر کردنی سەرچاوەکانی نەوتی عەرەب بدا ئەواکارەساتێکی جیهانی ئەخوڵقێ و بەربەرەکانیشی بەتوندی لێ ئەکرێ ٠

ئا٠ش٠ع

سەرنجێك لە تاریك و ڕوون ٠٠٠ — پاشماوە

وەکە شاعیر لە پیاهەڵدانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و چۆنیەتی داگیرکردنی ولاتانداا (داهێنانێك)ی وەدەست هێنابیت ، ئەبێ شیعرەکانی چ کارەباییکی مروڤانەیان و ئەگەر سالبو مووجەبەکە بەگوێرەی ئەو معادلەی کاك دڵشاد بوی داناون لە ڕێگەی وەعیەوە بگەن بە یەك تەوژمێکی مروڤانە سازئەکەن ؟ ئاخۆ ئەو تەعریفە بۆ هەموو شیعرێك دەگونجێت ؟! ٠٠٠٠ لێرەدا بەچاکی بۆمان ڕوون ئەبێتەوە سۆزی وەعی شاعیر دیارە کەچیە + توانای داهێنانی هونەری — کە نکۆڵیلەوە ناکرێت بەڵام ئەنجامەکەی ئەم موعادەلەیە ئایا کارەباییکی مرۆڤانەیە ؟ !

لەدواییدا دەڵێت : شیعر ماددەیێکی ٠٠٠ » بەپێی ئایدیۆلوژیەتی ماتریالیزم وەعی ڕەنگ دانەوەی ماددەیە هونەرو ئەدەبیش ڕەنگ دانەوەی ماددەن ، چونکە تەنانەت بیرو خولیای مرۆف هەرچەندە دوورکەونەوە لە چوارچیوەی واقیع دەناچن ٠٠ ژیان سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو ماددەیەکی بەپیتو فراوانی ئەدەبە ، بۆیە دەڵێم کە شیعر ماددەنیە ٠٠هەروەکو هێگل دەڵێت « شوێنەواری ئەوخۆشین بەو کۆمەکەی بۆ ناردوین لەگەل چەپکە خوێنەران لەگەڵمانا ئەیکەن هەواڵیکی شاری هەولێر چەند شێوەیەکی پەروەردەو چالاکی وپەرەسەندنی ڕۆژشمان بڵاو کردەوە ئەویش لەبەر گرنگی چەن زانیاریەکی پەروەردەی وەرزشو پێش خستنیەتی ٠ ئەمجارەش سوپاس بۆ کاك صدیق هیوادارین بەردەوام بێ لە ناردنی هەواڵەکانی خۆشەویست شاری سلێمانی خوشەویست هەروەها براەریکی تازەی وەرزش کاك عبدالله حمد لە کوردستانا بکەین ، وئیمە عبدالله پاوەندوزی کاغزێکی بەرز کەنەوە ٠

هەواڵەکانی کوردستان

× سلێمانی : بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی داوای لە لاوانی وەرزشی (اعظمیە) کردوە کە سەر لە شارەکە بدەن بۆ چونەناو چەن کۆڕێکی یاریەوە لەگەڵ تیپە وەرزشیەکانمان لە گەرمێن بۆ بەشداری کردوەو تەمەنی (٤٣) ساڵەو ژنی نەهێناوە وتوانیوەتی بەهۆی هونەرمەندی وجولانەوەی سەیر خوی لای خەڵکی شارەکە خوشەویست کا ٠ هەر وەکو لە وێنەکەدا دەرکەوتوە وسەیرتر ئەوەیە لەسەر سنگی نوسیویەتی (لێم لادەن و لە پشتەوە نوسیویەتی (خطر) ٠

سەرنجێك لە تاریك و ڕوون ٠٠٠ — پاشماوە

وەکە شاعیر لە پیاهەڵدانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و چۆنیەتی داگیرکردنی ولاتانداا (داهێنانێك)ی وەدەست هێنابیت ، ئەبێ شیعرەکانی چ کارەباییکی مروڤانەیان و ئەگەر سالبو مووجەبەکە بەگوێرەی ئەو معادلەی کاك دڵشاد بوی داناون لە ڕێگەی وەعیەوە بگەن بە یەك تەوژمێکی مروڤانە سازئەکەن ؟ ئاخۆ ئەو تەعریفە بۆ هەموو شیعرێك دەگونجێت ؟! ٠٠٠٠ لێرەدا بەچاکی بۆمان ڕوون ئەبێتەوە سۆزی وەعی شاعیر دیارە کەچیە + توانای داهێنانی هونەری — کە نکۆڵیلەوە ناکرێت بەڵام ئەنجامەکەی ئەم موعادەلەیە ئایا کارەباییکی مرۆڤانەیە ؟ !

لەدواییدا دەڵێت : شیعر ماددەیێکی ٠٠٠ » بەپێی ئایدیۆلوژیەتی ماتریالیزم وەعی ڕەنگ دانەوەی ماددەن ، چونکە تەنانەت بیرو خولیای مرۆف هەرچەندە دوورکەونەوە لە چوارچیوەی واقیع دەناچن ٠٠ ژیان سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوو ماددەیەکی بەپیتو فراوانی ئەدەبە ، بۆیە دەڵێم کە شیعر ماددەنیە ٠٠هەروەکو هێگل دەڵێت « شوێنەواری

Institut kurde de paris

جەژنە پیرۆزەی شێخ مەحمودی نەمرو وەڵامەکەی عەلی کەمال باپیر

لە ساڵەکانی ٩٣٥و ٩٤٠ دابوو ، خوا لێ خۆش بوو شێخ مەحموودی نەمر بە بۆنەی جەژنەوە کارتێکی جەژنە پیرۆزەی نارد بۆ خودا لێ خۆش بوو (عەلی باپیر ئاغا) علی کەمال • لەو ساڵانەدا کە شێخی نەمر لە بەغدا دەست بە سەر بوو لە چاخی پاشایەتیدا • ئەویش لە وەڵامی کارتەکەیدا ئەم چوارینە (رباعی)یەی بۆ ناردەوە کە ئەڵێت :

جەژنی کەسێ موبارەکە سەربەستو حوڕ بژی
پابەندی دەستی غەیر نەبێ چەشنێ کوڕ بژی
کوردی هەژار ئەسیری دەستی غەیرە ، جەژنی چی ؟!
کەی جەژنی تۆیە بڕۆ سەر بە قوڕ بژی

شێخ کاتی وەلامەکەی وەرگرتەوە دەستی کرد بە گریان پاش ماوەیێك ئەم چوارینە کرا بە کارتی جەژنە پیرۆزە ، بەڵام لە دواییدا قەدەغە کرا • عەلی کەمال وەکو شاعیرێکی کلاسیکی بەرزی کورد ، زور خیرا نووس و خەت خۆش بوو لە کوردی وعەرەبی و فارسی و تورکیدا هەروەها دەوری خەباتیشی زۆر بوو بە تایبەتی لە ٩٢٦ - ٩٣٠ دا لە خزمەت شێخ مەحموودی نەمردا ، لە دێی پیران و ئێراندا باوەڕ پی کراوی شێخ بوو ، بۆیە شێخ نامەی پیدا نارد بۆ لای باڵیۆزی روس لە تاران و تەورێز ، هەروەها نامەیێکی پێدا نارد بۆ لای رەزاشا •

خوا لێ خۆش بوو عەلی کەمال بۆی گیرامەوە وتی : لە تاران بووم چەند رۆژی دەرسیان ئەدامێ و فێریان دەکردم کە چوومە لای شا چ بکەم و چۆن کرنۆش بەرم پاش ئەوەی گەیاندمیانە بارەگای شا ، شا ڕووی تێ کردم و بە فارسی وتی : سواد داری ؟ واتە خوێندەواری ، لە وەڵاما وتم بەڵێ • ئەنجا وتی (کاغذو قلم را بردارید بنوسید) واتە قەڵەم و کاغەز هەڵ گرە بنووسە • لە ناوەراستی ژوورەکەدا لە سەر مێزی پارچەیێك کاغەزم هەڵ گرت لە گەل پێ نووسێ ، ئەو چی لە دەم دەردەچوو من کتوپڕ ئەمنووسی • چاوەروانی دانەیێکی تر بووم بۆ وتن و نووسین ، تۆزێ لێم نزیك بوەوە و بە تیلی چاو سرنجێکی دا لە کاغەزەکە ئەنجا پرسیاری لێ کردم چ زبان دەزانی ، لە وەڵاما وتم : فارسی و عەرەبی و تورکی بە وتووێژو نووسین وخویندنەوە ئەزانم لە گەل کوردیدا • ئەنجا پێی وتم :

بمێنەرەوەو مەڕۆرەوەو لاتی خۆتان لە وەڵامدا وتم بم بەخشن ژن و منداڵم بە جێ ماون ، روخسەتم بدەن بگەڕێمەوە ، ئەنجا ئەمری دا بە نووسینەوەی وەڵامی نامەی شێخ و گەڕامەوە بۆ پیران و بۆ خزمەت شێخ • وتی ئەگەر بە بەر خاتری شیخ و نیشتمان نەبایە نەدەگەڕامەوە ، سوودی نیشتمان و شێخم پێ مەبەس تر بوو نەك سوودی وەختی شەخسی •

مەعروف قەرەداغی

پیری بە تەنیا رەحمەتە
پیری و فەقیری زەحمەتە

ئەم پیرە میردە تەمەنی نزیکەی ١٢٥ ساڵ ئەبێت ، لەگەل ئەوەش دا ئیش ئەکات ، ئیشێکی دراوەتێ کە لەگەڵ تەمەنی دابگونجێ ••• چونکە ئیش کردن ژیانە ••• وائیستا لە باخچەی فیرگەی پیران پیران کارئەکات و هەر کاتیکیش ویستی بحەسێتەوەو هەست بە ماندوو بوون بکات ئەتوانێ بحەسێتەوە • « پیرەکانی ئێمەش ئەبێ دەستە پاچەو ئیفلیج لەسەر جێ سەر بنێنەوە •• » !! بەڵام ئەم پیرە ئەمرۆ لە پایتەختی رومانیا دا لاوەو مانای پیر بوون نازانێ •

لەم جیهانەدا

١ - قوتابی فەرەنسایی ستیڤ تالیفی ماوەی (٩) کیلۆمەتری لە ٨ سەعات و ٥٨ دەقیقەدا بڕیوە ، هەمووشی لەسەر هەر چوار چنگۆلەی ، لە پاشا وتویەتی ئەگەر راستیتان دەوێت من بۆ پارەوام کردووە !

٢ - سوودێکی نوێی ژەهری هەنگ :

زاناکان بۆیان دەرکەوتووە کە ژەهری هەنگ رەوشتێکی نائاساییانەی هەیە کە لەش ئەپارێزێت لەتیشکی (رینتجن)ی زیان بەخش ، ئەم ژەهرەش لەسەر چەند مشکێك تاقی کراوەتەوەو پێی نەمردوون •

٣ - بەبۆنەی میهرەجانی نۆیەمی گۆرانی سیاسی یەوە کە لە ٩ و ١٥ی مانگی داهاتوودا لە بەرلین سازئەکرێت لە زۆرلاوە تیپی مۆسیقاو گورانی بەشداری تیائەکەن • وەك هونەرمەندانی سوڤیەت و ئیتالیاو فینلەندەن و مەکسیك و پۆلەندەو تیپی ئەمەریکایی (ماسی ئەبروچ و (کومیکۆ یۆهـا)ی یونانی و گۆرانی بێژی فەلەستینی (زینب شعث) کە نوێنەری ریکخراوی رزگاری فەلەستینە وە بۆ یەکەم جار یەکیتی لاوانی یونانی و گورانی بێژی پورتوگالی خۆزی ئەلخۆنسۆ بەشداری تیادەکەن ئەلمانیای دیموکراتیش بەشداری ئەکات بەچەند تیپێکی بەناوبانگ وەکو تیپی (یانەی ئوکتۆبەر) •

٤ - دادگای (رەسڵ)ی دەولەتان :

لە ١١ی ئەم مانگەدا دادگای (رەسڵ)ی دەولەتان گیرا بۆ لێکولینەوەی ئەو چەوسانەوەی کە لەبەرازیل و چیلی و دەوڵەتەکانی تری ئەمەریکادادەکرێت ، گۆی دەگرێتە شایەت و راپورتی زۆر شایەت و شارەزاکان و هەشت رۆژ دەخایێنێ • دەستەی مەحکەمە لە ٢٥ کەس پێك هاتووە کە نوێنەری پتر لە دەدەولەتن و بەسەرۆکایەتی سیناتۆری ئیتالی (لیلۆباسۆ)یە

٥ - ئۆتۆمبێلی خۆش ڕەو :

یەکیەتی سوڤیەت خەریکی دروست کردنی ئوتومبیلێکی خۆش ڕەوە کەسەنگی ٥٠ تەن ئەبێت و درێژایی ٢٠ مەترەو دەتوانی دووسەد نەفەر هەڵگرێت و بەخیرایی دووسەد کیلۆمەتر لە سەعاتێك بروات ، ئەم ئۆتۆمبێلە لە رووی ئابوری یەوە پارەیەکی زۆریشی تێ ناچێت •

ئاوڕێك لە رابردوو

(رۆژنامەی ژیان (٢٠٤) رۆژی ١٧ تشرینی ساڵی ١٩٢٩ ئەمە کردۆتەوە) •

« زارا زێرین تاج

محترمە زهرا زرین کچی مصطفی پاشا کە تعیین کراوە بو مدیرەی کچانی سلێمانی روژی ٤ جاری مواصلتی سلیمانی ١٥ مانگی مذکور دامباشە بە أیش کردوە •

ژیان : عرض بە خیر ئەکەین أمیدمان وایە اقتدار ولیاقتی فوق العا مدیرەوە مکتبەکە لە جار ترقی بکات • وأمیدیش سعی بفرموی بو أوەی صنفی پینجمیش بکریت اوکچانەی پار لە چوارەمەوە ترفیعیان ک تیابخوینن و لە تحصیل نەکرین •

ئارام : ئەم زاراخانە حاجی مستەفا پاشای یا کە ناوبانگی (نەمرود بوو ، لە کاتی حوکمدار مەحمودی حەفیدا لە س ١٩٢٢دا وەزیری (معارف هەر وەکو لە بەرێز ع ملکی کوری مستەفا پا بیستوە ژنەکەی ئەو یە مدیرەی قوتابخانەی کچ لە سلیمانی • کەوا بو ماڵەیە ، هەمو خوێندەواری یان کردوە کاریان راست بێ •

• ئارام •

قسەی بەجێ

مناڵێکی قوڵە رەش لە دایکی پرسی :
دایە گیان بۆ ئێمە رەشین ؟!
- دایکی وەڵامی دایەوە :
لەبەر ماتەمی سپی یەکان
- کوڕەکە وتی :
کەی ئەم ماتەمینە دوایی دێت
دایکەکە وەڵامی دایەوە :
ئەوکاتەی کە ئێمە روومان سپی ئەبێت و ئەوانیش
لە شەر مەزاری ئێمە روویان رەش ئەبێت !!

هەر جارەی نوسینێك

با رەخنە لە خۆمان بگرین

شێرزاد نانەکەلی

لە ژیان و ئاکاری رۆژانەمان ، لە نووس هەڵس و کەوتمان ، لە وتاروقسەکردنی هەمیشەمان هەڵوێستمان ، تا لە قسەی سەرزارەکی رۆژانەشمان دووچارو بەرەنگاری پتر لە سەدان هەڵە و کەم و کو دەبین ، تاقە هەڵوێستمان دەربارەی ئەم هەموو ناتەواوی خۆ دوورخستنەوەو خۆکەڕکردنە لە ئاستی « راستی یەزەقەکان •• نەك هەر بیر لە خۆمان و جوڵانەوەکانی ناکەینەوە ، نەك هەر دەکەوینە نێو بۆشاییەکی فراوان رەخنە لە خۆمان ناگرین ، بگرە چاو لەو جۆرە کەسانە زەق دەکەینەوە کە مەرامیان دۆزینەوەو پیدا چوونەوە ئاکاری چاك و خراپەمانەو ، لەگەڵ ئەوەی ئاژاوەیە زۆرو زەبەند دەنێینەوەدەکەوینە سەر شانۆی لەنگەفڕ و ، تاقە دروشمی ئەوساتەمان قسەی رووت و بێ بەڵگە بە نیازی (خۆلەسەرکردنەوە) و دەربازبوون لە داو ناواقعی یانە !! لە ئەنجامی ئەم خۆرادن و بڕواپێ کرد بە راستی ، سەدان « هەڵە »ی زل و قەبەتریش دێت رێمان •• ئەی چاری ئەوسامان ؟! بێ دوودڵی چار ئەوسا ، ئەوەندە ئاسان نی یە وپێداویستی بە توانا ماندووبونێکی زۆرە ••!! جا بۆ کارەساتی وا رووبدا نا •• با لە سەرەتاو بز لە سبەی بکەینەوە !!

مرۆڤی راست ، دادگەرێکە ، لە ژێر بناپێچی ویژدان خۆی محاسەبەی خۆی بکات •• بەرلەوەی خەڵکی بناسێ لە ئاوەندی لێکدانەوە ورەخنەگرتن خۆی بناسێ ، و

بروانە ل -٤-

تابلوی ژمارە

ندەست کردی هونەرمەند کەماڵ عەلی

رۆمانێکی « بیکیت »ی بیست ساڵ لەمەوبەر

رۆمانی (مەرسیێ دیکامیێ) کە شاکارەکانی نووسەری ئیرلەندی (سموئیل بێکێت)ەو (٣٠) سی ساڵ لەمەوبەر بە فەرەنسی نووسیویەتی پیش شانۆگەری یە بەناوبانگەکەی (چاوەروانی گۆدۆ) وەرگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی ولەلەندەن بڵاو کراوەتەوە •

فەرهەنگی زانیاری

دەست نوێژ

مەبەست لەدەست نوێژ شتنی بەشێك ، یا هەموو لەشی ئادەمیزادە ، یا شتومەکەکانی وەکو جل و ئەو شتانەی تری کە لە بەجی هێنانی فرمانێکی ئاینیدا بەکاریان ئەهێنێ بەنیازی پاك بوونەوە لە گوناه و چەپەڵی • بۆ ئەم مەبەستەش یا ئاو یاخوێواو یا شلەیەکی تری زانراو بەکار ئەهێنرێ • هەروەها بە خوێن شتنیش لە هەندی ئایینداباوە لە هیندستانیش میزی مانگای پیرۆز بەکار ئەهێنری •••

بۆ وینە ، دەروێشێکی نموونەی پەیرەوی ئایینی « شینتو »کە لە ژاپۆن بڵاوەو بناغەی لە سەر پەرستنی گیانی پاڵەوان و ئیمپراتۆرو هێزە سروشتی یەکان دانراوە ، دەست نوێژ بەم جۆرە هەڵئەگری : دەستی و دەمی پاك بە ئاو ئەشوا لە پێش ئەوەی لە گۆڕی پیاو چاکێکەوە نزیك بکەوێتەوە ، ئەمجا چەپلەیەك لێ ئەدا تاپیاوە ئایینەکە ئاگادار بکات لە بەجێ هێنانی ئەم فرمانە • قەشەیەکی بو زی خواروو (ئیرانادا) خۆی لەناو ستێڵی دێرەکەدا بە باشی هەڵ ئەشەپێنی بەر لەوەی بێتە سەر گۆڕی یەکێك لە مردووە پیرۆزەکانی ئایینەکەی یا فرمانێکی ئایینی بەجێ بهێنێ • بەڵام هیندۆسێکی (کاستی) ژووروو بە پێی فرمانی ئایینەکەی ئەبێ خۆی لەئاو بشەپێنێ لەپێش ئەوەی نوێژی بەیانی یان بکات لە ماڵ • هەموو خیزانێکی جوولەکەش کە تاقمێکی تەرخان کراوی نیە بۆ ژەمی جەژنی (فەسح) - سێدەر - ئەتوانێ ئەو قاپ و قاچاخەی کە لە ژیانی رۆژانەدا بەکاریان ئەهێنێ لەناو ئاوی کوڵەکوڵدا بسمیل بکات ، هەر لەم ژەمەدا خیزانەکە بە خاولی و مەسینەی تایبەتی دەستیان بسمیل ئەکەن •

قەشەی رۆمی کاسۆلێك «قەشەی هەندێ لەئور سۆدو کسەکانیش» لە پێش بەجێ هێنانی فرمانی (قوربانی پیرۆز) هەردوو دەستی پاك پاك لەئاو ستێڵی کلیسە کەدا ئەشوات • ئەوانەی تازە تەعمید کراون ، ئەبێ دوای حەوت رۆژ ناوچەوانیان بە (چەوری پیرۆز) دەسڕنەوە لەلای ئەندامانی - کۆمەلی براکان - لەناوچە دیهاتیەکانی ئەمەریکا باوەکە لەپێش هەندێ فرمانی تایبەتی ئایینیدا پێیان تا قولەی بشێن ••• ئایینی ئیسلام فەرزی کردووە کە نوێژ کەران لە پێش هەر یەکێ

بروانە ل ٧

قسەی فێنك

کاتێ پیکاسۆ لەگەڵ ژنەکەیا وەستابوو کچێکی فەرەنسی قژ کاڵی نازدار لە نەنیشتیەوە وەستا بوو ، خیزانەکەی پیکاسۆ سەیری کرد میردەکەی لە خوشیانا گەشاوەتەوە بەر لەوەی بەسلینگی ئوتێلەکە بگەنە نهومی سێیەم ، کچەکە لەپرتاو رەنگی هەڵبزرکاو زلەیەکی توندی لە پیکاسۆداو پێی گوت : ئەمە ئەبێتە دەرسێك کە هەتا ماویت نوقورچە لە کچان نەگریت • کە سلینگەکە وەستا ، پیکاسۆ دەستی خستە قۆڵی خیزانەکەی و دەرچوون و پێی گوت : سوێندت بۆ ئەخۆم کە من نوقور چەم لە کچەکەنەدا !

ژنەکەشی لەسەرەخۆ وەڵامی دایەوە : راستدەکەی خۆشەویستەکەم ، من بوم نوقورچەم لێدا •

بەرنادشۆی کەڕو لاڵ :

رۆژێك بەرنادشۆ ئەچێتە ئاهەنگێکی کۆمەڵەی کەڕو لاڵان ، بەرنادشۆ لە برادەرەکەی ئەپرسێت کە ئەیبات بۆ ئاهەنگەکە کە چۆن داوا لە کچێکی کەڕو لاڵ بکات دانسی لەگەڵا بکات ، ئەویش دەڵێت بە زەردەخەنەیەکەوە ئەچیتە پێشەوەو کرنۆش ئەبەیت و خۆی تێ ئەگات • شۆ ئامۆژگاری برادەرەکەی جێ بەجێ دەکات و سەعاتێکی تەواو لەگەڵ کچێکا چوار دانس ئەکات ، لەپرتاو لاوێك لە کچەکە نزیك ئەبێتەوەو پێی دەڵێت : خۆشەویستەکەم بەرنەداوە • کچە کە وتی : تکام وایە لە بیرت نەچۆبێتەوە ، خۆزیا ئەمزانی چۆن خۆم بەڵێنت دابوو کە دانسم لە دەس ئەم کەڕو لاڵە رزگار لەگەڵا بکەیت کە چی لەوەتی ئەکرد •!

هاتوویی یەخەی ئەم پیاوەت

گۆشەی منداڵان

دوو دیمەنی مناڵیم

گوشاد کاروان

● خاڵۆی لوبیا فرۆش

چاوی سەحەر مەستەو خوماری شەوبەری نەداوە ، گلۆپی دار تێلەکان بە کزی دەسووتان •• مناڵ بووم شەو پارەی لۆبیایەکەی بەیانیم وەر دەگرت ، کاتێ بەیانی لە خەو رادەپەڕیم ، بێ ئەوەی بیر لە جوانی سروشت و دیمەنی رەنگین بکەمەوە ، خیرا دەرگای حەوشەکەم دەکردەوە جامێکم بە دەستەوە دەگرت ، تا خاڵەی لۆبیا فرۆش ئەهات و دەرئەکەوت ، جاری وا هەبوو پێش ئەوەی بگاتە کۆڵانەکەمان بەرەو پیری دەچووم بە راکردن ، پارەکەم لە دەست دەکردو لوبیایەکەم لێ وەردەگرت ، خاترانەکەشی بۆ لە سەر دەکردم •• دەچوومە ژوورەوەو دەرگایەکەم پێوە دەدایەوە ، جارێ زوو دەستە گوڵی خۆم لێ دەداو جامەکەم رادەتەکاند ، تا جێگەی پەنجەکانم بزربێ •• رۆژان هات و ڕۆیی ، بەیانی یەکیان هەر وەك بەیانیانی رابوردوو راپەڕیم بەڵام بە داخەوە ئەوەندەی چاوەروان بووم دەنگ و ڕەنگی خاڵۆی لۆبیا فروش نەهات ، بە هەناسەیەکی ساردەوە چوومە ژوورەوە ، کە بە تەواوی رۆژ بۆوە دەنگ و باس بڵاو بۆوە کە خاڵۆی لۆبیا فروش ئەو بەیانی یە ئێمە خۆش ، بەراستی هەواڵێکی ناخۆش و جەرگ بڕ بوو ، موچرکێك بە لەشما هات و سەراپای گیانی سڕ کردم •• زۆر جار دەنگە بە سۆزەکەی لە گوێما ئەزر نگایەوەو خاڵۆی لۆبیا فرۆشم دەهاتەوە بیر کە چۆن بەیانیان بەرەو پیری ئەچووم •

● مام برنج

رۆژ تەنیا زەردەی مابوو کلاو کۆرەو پەرە سێلکەکان پشتێنەیان بەستبوو لە ئاسمانا

- بروانە - ٤

پێشبرگەی هاوکاری

پێشبر کەی ئەم چارەمان بریتی یە لە دوو پرسیار ، یەکێکیان ماتماتیکەو ئەوی تریان ئەندازەیە ، هەر دووکیان تاڕادە یەك سەرنج دان و وورد بینیان • دەوێ •

یەکەم پرسیارمان :

دوو رێبوار ، هەر دووکیان پێکەوە رێگەیان گرتەبەر ، دوای ماوەیەك رویشتن لایان دایە ژیر دارێك ، ویستیان دەس کەن بەنان خواردن ، لە پرتاو رێبوارێکی تر لای دا لایان و پێی وتن روخسەت ئەدەن لەگەڵتانا بەشداری نان خواردن بم ، هەردووکیان وتیان فەرموو ••• هەرسێك پێکەوە ، وەکو یەك نانیان خوارد ••• ریبواری یەکەم (٥) نانی پێ بوو ، هی دووەم (٣) نان بەڵام رێبواری سێیەم کە لای دا لایان هیچ نانی پێ نە بوو ، لە جیانی نان خواردنەکە (٨) ئانەی دانی ، ئەوی (٥) نانی پێ بوو (٧) ئانەی بۆ خۆی گل داوەو ئانەیەکی دا بە برادەرەکەی ، بەڵام برادەرەکەی بەم حیسابە رازی نەبوو وپێی وت : ماقوولە تو کە دوونانت لە من زیاترە (٧) ئانەبخەیتە گیرفانی خۆت و ئانەیەکیش بدەیت بەمن ، بابچین بولای حیساب زانێك ئەم مەسەلەیەمان بۆساغ کاتەوە چوونە لای یەکێك و مەسەلەکەیان بۆ گێڕاوە ئەویش وتی حیسابەکەتان راستە ، بۆ راستەو چۆن ئەبێ ؟!

دووەم پرسیارمان :

ئەستێڵکیکمان هەیە چوار گۆشەیی یە ، لە هەر گۆشەیێك درەختێك روواوە کە بە ئەستێڵەکەوە نووساون ، ئەمانەوێ ئەم ئەستێڵە بکەین بە دوو ئەوەندەو بەشێوەی چوار گوشەیی خۆی بمینێتەوەو دارەکانیش لە شوینی خۆیان بن و لەناو حەوزەکەدا ون نەبن •

تێبینی : شیکارەکە بەپێی کۆبۆنی خوارەوە بنێرە •

ناو .
ناوبیتان
کۆبۆنی هاوکاری ژمارە ( )

ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانی
١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

institut kurde de paris

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

ژمارە (٢٥٤) ١٤-٢-١٩٧٥

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپ و بڵاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

● لە ژمارەیەدا ●

- گەشتەی ئەمجارەی هەنری کیسنجەر چی ئەگەیەنێ ؟ ل : ٢
- « گۆران »ی مامۆستاو قوتابی پەروەر ٠٠ ل : ٣
- چەند پرۆژەیەک لە کوردستاندا ئەکرێتەوە ٠٠ ل: ٤
- مەهابادی رەنگین وەکو مامۆستا هێمن بۆی چووە ل٥
- مامۆستا زەکی هەناری و هەڵبەست ٠٠ ل : ٦
- لەگەڵ چەند بابەتو لێکۆڵینەوەیەکی تر دا ئەخوێنیتەوە ٠٠٠

ئەمۆستا صدام: عیراق ئامادەیە سەربەخۆیی و خاک و نیشتمانەکەی بپارێزی

گەزاد جمعە

بەڵام بەردی بناغەی چەند پرۆژەو دامەزراوەیەک لە سەرانسەری ولاتدا .

سەرکۆمار خەباتگێڕ کاک احمد حسن بکر لە بارەگاکەیدالە گۆشکی جمهوری لە سەعات دەوچارەگێکدا پێشوازی رائدعەمر عبدالله المحیشی ئەندامی ئەنجومەنی شۆرش و وەزیری زەخمەکێشان و لێکۆڵینەوەی زانستی لیبیی کرد ٠٠ وە لەدیدەنیەکەدا کەسەعاتێکی خایاند نامەیەکی بەڕێز معمر قذافی سەرۆکی لیبیای لێوەرگرت ٠٠٠ هەروەها لە چاوپێکەوتنەکەدا کاک طەجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری پیشەسازی و مەعدەن ئامادەبوو ٠

ئا٠د٠ع

سەعات دوانزەو چل و پێنج دەقیقەی نیوەڕۆی ١٢-٢ مامۆستا میشیل عفلق گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب کە ڤێستا بەسەردان لە عیراقە سەری لەپێگەیاندنی حیزبی داو لەو سەردانەیدا دکتور الیاس فرح و دکتور عبدالوهاب الکیالی سەرکردایەتی نەتەوەی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی لەگەڵدا بوون ٠

ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستە لەکاتی گەیشتنی دا لەلایەن کاک بەڕێوەبەری مەکتەبی ڕۆشنبیری نەتەوەیی پێشوازی کراو بەشداری خولی ئەمجارەی کادیری حیزبی پێشوازیەکی گەرمیان لەمامۆستا میشیل عفلق کرد ٠٠ ئەوەی مامۆستا عفلق ئەمینداری گشتی گەشتێکی بەقوتابخانەکەدا کردو سەری لە وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی :-

خوشک و برایانە

ی بەختەوەری مە کەلەگەڵ ئەم خەباتگێرانە دابەیەک بگەم کە پێگەیەنراون و بۆ هەڵسوڕاندون جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە گەورەنەتەوایەتیەی پارتی پێی سپارە بە گرنگترین ئەرکی پارتیمان دا ئەنرێ و بە ڕوونی سروشتی ئەرکی ڕۆشنبیرانەی پارتیمان ساغ ئەکاتەوە ٠ ئەمەش ڕۆشنبیری-یەکی نوێیە ، بەڵام ڕۆشنبیری پراکتیکە ، هەڤاڵینە بزوتنەوەی شۆرشگێڕی لەخوێدا ڕوشنبیر کردنە ٠٠ بۆ بتوانین سەر لەنوێ کەسایەتیەکی عەرەبی وا بخولقێنین کە تیایدا بە شێوەیەکی گونجاو کارکردن یەکبگرن و لەبەکتری جیانەبنەوە ٠

ەها مامۆستا ئەمینداری گشتی وتی :-

ی بەعسی ناچی بۆلای جەماوەری گەل بۆئەوەی فێریان بکات و دەرسیان دابدات بەڵکو بەشداریان بکات ٠٠ وەبۆ ئەوەی بیەوێ شۆرش و گۆڕانیکی لەژیانی گەلەکەیدا کات پێویستە هەموو تواناو کەسایەتی وژیانی تەرخان بکات لەمەکارەداو بۆ ئەم مەبەست و تێکۆشانو ئامانجە ٠٠ هەروەها وتی : چارەنووسی مرۆڤایەتی بە چارەنووسی عەرەبەوە بە ستراوەتەوە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بە پێشکەوتن و ڕزگاربوونی نەتەوەی عەرەبەوە بەندە ، ئێمە ئەمەمان لە زوویەکەوە و تووە بەڵام ئەمڕۆ تێکرای جیهانیش ئەمەئەڵێت و تەنانەت دوژمنانیش باشکراشی نەکەن هەر دان بەمەدانەنێن ٠ کەوابوو چارەنووسمان بەدەست خۆمانەوەیەو گومانیش لەوەدانیە کە پاشەڕۆژیشمان پرشنگدار ئەبێت ٠

ئەوەی شایانی باسە بەڕێز علی صمیده بەڕیوەبەری مەکتەبی ڕۆشنبیری نەتەوەیی لەوتارێکدا بەگەرمی بەخێرهاتنی ئەمینداری گشتی کرد ٠٠ ئنجا مامۆستا میشیل عفلق ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب وەکو ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەگەرمی یەوە لەلایەن بەشدار بووانی دەورەکەوە بەڕێ کرا ٠

ئا٠د٠ع

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، کە هەفتەی ڕابوردوو ، لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاوکرایەوە هەموو ئەو قوتابیانە بەخشران کەتاوانی پێشێل کردنی ناوەڕۆکی یاسای خزمەتی سەربازی ژمارە - ٦٥ی ساڵی ١٠٦٩ی چاککراو یاساو بڕیارەکانیان کردوە کە لەبڕگەی (أ) ی بەندی چل و نۆی ئەو یاسایەدا هاتووە ، وە کە ئەگەر لەگەڵ دەرچونی ئەم بڕیارەوە بەردەوامن لەسەرخوێندن ٠

هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەپێی ئەم بڕیاری دا کە ئەو کارو بارە بوەستێنریت کەلەمەوبەر بەرامبەر ئەوقوتابیانە کراوە ٠ هەروەها ئەو بڕیارە وەزارەتی دەرەوەی بەڕپرسیار کردوە کە ناوەڕۆکی بەندی سی وحەوتی ئەو یاسایە جێبەجێ بکات و نابێ ڕێگا بدات پارە بۆ هیچ قوتابیەک بنێردرێ کە لەدەرەوەی عیراق ئەخوێنی پێش ئەوەی ئەو قوتابیانە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی یاسای ناوبراوەوە نەکەن و ئەیانگێڕێتەوە بۆ ئەو دنیایەبن کە ئەوقوتابیانەپەیوەندی بە ناوەڕۆکی یاسای خزمەتی سەربازی ئەخوێندنی بەرزو زانستی بەندی سی وهەشتی ئەم یاسایەی خزمەتی سەربازی جێبەجێ بکات و نابێ ڕێگا بدات پارە بۆ هیچ قوتابیەک بنێردرێ کە لەدەرەوەی عیراق ئەخشەکێشان و لێکۆڵینەوەی زانستی لیبیی کرد ٠٠ وە لەدیدەنیەکەدا کەسەعاتێکی خایاند نامەیەکی بەڕێز معمر قذافی سەرۆکی لیبیای لێوەرگرت ٠٠٠ هەروەها لە چاوپێکەوتنەکەدا کاک طەجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری پیشەسازی و مەعدەن ئامادەبوو ٠

پسپۆڕی ئەمەریکایی مەشق بە سەربازانی ئێران ئەکەن !

وشنتۆن : ڕۆیتەر : ڕۆژی ١٢-٢ جێمس شلیسنجەر وەزیری بەرگری ئەمەریکا پێی لێ نا کە ٦٦٣ پسپۆڕی عەسکەری ئەمەریکا مەشق بە سەربازانی ڕێژیمی ئێران ئەکەن بۆ ئەوەی لەبەکار هێنانی ئەو چەک و تفاقە ئەمەریکاییەدا شارەزابن کە دراوە بە ڕێژیمی شا ٠ هەروەها شلیسنجەر وتی : ٦٦ پسپوری عەسکەری ترمان لەسعودیە لەشکری ڕێژیمی - ریاض - ئێری بەکارهێنانی چەکی نازەو مەشقی سەربازی نوێ ئەکەن ٠

کۆژرانی سەرۆکی مالاگاشی

تنانارێف ١٢-٢ ئاژانسەکان ڕادیوی مالاگاشی بڵاوی کردەوە کەکۆلۆنێل ریچارد ڕاتسیمندرافای سەرکۆمار ئێوارەی سێ شەممەی ڕابوردو لەڕێگای گەرانەوەیدا بۆمالەوە تەقەی لێکراوەو کوژراوە ،

کۆبونەوەی لێژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز .

مامۆستا صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئێوارەی ١١-٢ سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی لێژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی کرد ٠٠ مامۆستا صدام لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا وتارێکی خوێندەوە تیایدا ڕایگەیاند کە عێراق ئامادەیە خاک و دەسەلات و سەربەخۆیی و ئاوی ئیقلیمی لە - شط العرب - بپارێزێ بەپێی یاساو ریککەوتنە نێو دەوڵەتیەکان ٠ هەروەها ئەو مەرامو مەبەستانەی ئاشکراکرد کە ئیمپریالیستەکان ئەیانەوێ بەهۆی ئەو دەست درێژیانەی کۆنەپەرستانی ئێران ئەیکەنەسەر - قطر - کەمانەوە جێبەجێی بکەن ٠ وە لێژنە لە کۆبونەوەکەیدا باسی ئەو پەرەسەندە سیاسیانەی کرد کە لە ناوچەی عەرەبو ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا هاتونەتەکایەوە ٠ وە بایەخێکی زۆری بەناوچەی ئوتونومی و پەرەپێدانی دامو دەزگاکانی یاسادانانو تەنفیزی دا لەگەڵ دەستەبەر بوونی ئەو پێویستیانە ئاستی ناوچەکەو دانیشتوانی بەرزئەکەنەوە ٠٠

هەروەها لێژنەی ناوبراو چەندین بڕیاری دا بەمەبەستی پتەوکردنی هاوپەیمانێتی بەرەو پەرەپێدانی کاری لێژنەکانی بەرە لە پارێزگاکانی -قطر- دا٠

وە لەو بڕیارانەی لێژنە کە لەو کۆبونەوەیەدا دران فراوانکردی بەشداربونی هێزە نیشتمانیەکان لەبەرەو دەزگاو دامەزراوەکانی دا لەگەڵ وەرگرتنی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی شورشگێڕی کوردستانو بزوتنەوەی پێشکەوتن خوازانی کورد لە لێژنەی بەرزی بەرەدا ٠٠ هەروەها لێژنەی بەرز بڕیاری دا کە لێژنەکانی بەرە لە بەغداو پارێزگاکانی تردا وەلەگەڵ ئەندامانی بەرزی لێژنەکە دا کۆبونەوەی فراوان سازبکەنو نەخشەی کاریگەرانە دابنێن بۆ پەرەپێدانی کاری ئەم لێژنانە ٠ هەروەها بڕیاریکی تریشی لێژنەی بەرز دانانی نەخشەیەکی ریکۆپێک بۆ پەرەپێدانی ناوچەی ئوتونومیو پێکهێنانی لێژنەیەکی بەرزی ڕەسمی بوو بەبۆنەی ساڵی ئافرەتانی جیهانەوە ٠ کۆبونەوەکەش نزیکەی سێ سەعاتی خایاند ٠

ئا٠د٠ع

ئەگەری ئافرەتە کارگێڕەکانی عەرەب شەش مەسەلەی گرنگ

ئاژانسی ٩-٢ بەڕێز کاک انور عدالقادر وەزیری کۆمەڵایەتی لە ڕباط - لە بەغدا ئافرەتە کارگێڕەکانی عەرەبی کردەوە ٠ لە سەرەتا دا بەڕێزوەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی خوێندەوە تیایداسڵاوی سەرکردایەتیە سیاسی-ی ١٧ی تەموزی نەتەوەیی پێشکەوتن خوازی بە بەرانبوان گەیاندو وتی :

نەوەی مان پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ونی ئافرەتی عەرەبی لە کۆتو پێوەندی ئابوری و تی لە پێشەوەی ئەوئامانجانە داناوە کە شۆڕش جێبەجێ بکردنی داون ٠ وە شۆڕشی ١٧ی تەموزی تنخواز دەسکەوتێکی زۆری بۆ ئافرەتان وەدی هێنا ای بۆ خۆش کردوە کەهەنگاوی گەورە بەرەوپێشەوە ئنجا کاک عبداللطیف بلطیە وتاری یەکێتی کرێکارانی خوێندەوە تیایداستایش و سڵاوی لە سەرۆکی اناو تێکۆشەر احمد حسن بکر کرد بەرامبەر دیاکێتی یەی لە یەکێتی کرێکارانی عەرەبی ئەکات باسی ئەو دۆخەسیاسی یەی کرد کەنەتەوەی عەرەب بیادا ڕێ لەگەڵ گرنگی بەکار هێنانی نەوت وەکو لە شەڕو جەنگدا دژی ئیمپرالیزم و زایونیزم سایەتی خلیجی عەرەبی لەو وتارەکەیدا سەلمانیدو وتی وانی عەرەب پشتگیری بڕوانە ل -٧-

Institut kurde de paris

بەشی دووەم :

بورژوازی گەورەی ئێران‌وچینی چەوسێنەرو ئۆتوکراتی کونەپەرستی ئێران کە شانۆینەریانە ، بۆ ئەوەی‌سیاسەتی مەزن خورزی‌و مل هوڕی لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەریوەبەرن‌و قازانجی هاو بەشی‌لەگەل ئیمپریالیستەکان بپارێزن پێویستی بە میلتاریزم، چەکدارکردنی لەشکرو کرینی چەک‌و

لەمێژووی پرشنگداری‌ی خەباتی گەلانەوە
داگیرکەرە ئینگلیزەکان
نۆ سەد سال خەبات دژی

مەسەلەی ئێرلەندە

وەرگێر - رەنج -

ئێرلەندەی ئیمرۆ ئاسۆی‌دوارۆژ گومانی‌نیە کە هێزە نیشتمان پەروەرەکان تەنهاپشتیان بە هەستی نەتەوایەنی‌ز گیانی شورشگیری نەبەستوەبەلکو لە پێش هەموو شتێکدا ئەوەی ئاگری خەباتیان خۆش‌دەکات ڕاستی ژیانی پڕ کوێرەوەریانە کە ئیرلەندەی باکور (ئەلستەر)ی کردوە بە کێلگەیەك بۆ سەرمایەدارەکانی بەریتانیاو نوکەرەکانیان ، لە سایەی حوکمی پارتی‌یەکگرتو - کە بەشێکە لە پارتی تۆری (حزب المحافظین)بەریتانیا وە بو روون کردنەوەی ئەم کوێرەوەریە پێویستە ئەم‌ڕوودواوانە بزانین یەکەم - لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢١ هێزی‌داگیرکەری بەریتانیاو کۆمەڵە پەرستەکان هێرشێکی تۆقاندنی‌ئەو تۆیان کرد کە هەزارانی تیادا کوژراو بریندارکرا ئنجا (هەڵبژارنی پەرلەمان کرا) وبەم شێوەیە حوکمی ئوتونومی‌ئیرلەندەی باکور دامەزرا کە ناوخۆین وفرمێسکدا .

دووەم - لە گەڵ ئەوەی کەمەرسومی ١٩٢٠ بەرووکەش ئوتونومی دا بە ئیرلەندەی باکوربەڵام لە ڕاستیدا هەموو شت هەر بە دەستی فەرماندەری‌بەریتانیاوە بوو ، بگرە مافی ڤیتۆشی لە هەمو شێنکداهەبو .

سێیەم - لە ڕووی ئابوری-یەوە (ئەلستەر) پاشکۆی بازاری بەریتانیا بوە وماوەی‌نەبوە پیشەسازی تیادا پێشر بکەوێت . وە هەمیشە ڕادەی بێکاری زۆرتر بوە لە بەریتانیا ، بگرە لە ناوچە کاسولیکەکان٣١-٤ ئەوەندە زیاتربوە ، لە پاڵ ئەمە دا ڕادەی ژیان نزمتر بوەچونکە کرێش لە سەدا ١٨ کەمترە لە بەریتانیا بۆیەڕۆژنامەی (دیلی میل) گوتی : « تۆوی شورش وا لە ژیانی‌ئەلستەردا » .

چوارەمەم : بە کار هێنانی‌سیاسەتی « بە گژیەکدا کردن » بە تایبەتی لە نیوان کاسولیك‌وپڕوتستانتدا ئاگری ئەم سیاسەتەش بە زۆری ئاراستەی‌کاسولیکە بێچارەکان کراوە بۆ شاردنەوەی سروشتی چینایەتی‌ونەتەوایەنی ڕاستی خەباتی گەلی ئیرلەندە ، بەشێوەیەك بەپێی‌یاسا زەوی کرین‌و قوتابخانەی تایبەتی‌و بگرە تا ئێستا یەکەوەزیری کاسولیکی نیەو نوێنەرێشیان لە پەرلەماندا نیە لەگەل ئەوەی کە لە سەدا چلی دانیشتوانی ئیرلەندەی باکور (ئەلستەر) کاسولیکن .

پێنجەم : ئالوز کردنی خەباتی‌میللەت‌و سەرلێشواندنی ڕوڵە ساکارەکانی گەل بە هۆی‌سیاسەتی « بەگژیەکدا کردن » و سوود بینین لە هاندانی‌تاقمە کونەپەرستە کە لە شەقە ئاینیەکان وەکو ڕێکخراوی (ئورەنج ئوردەر) بو لێدانی بزوتنەوەی نیشتمانی لە ژێرپەردەی بەرەنگار کردنی « تۆندوتیژی » کاسولیکەکاندا .

بزوتنەوەی نیشتمانی ، بۆبەرەنگاری کردنی ئەم سیاسەتە جانەوەرییەی ئیمپریالزم ، ناچاربوو لە پاڵ خەباتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی مافەسەرەتاییەکانی هاو ولاتیە بێچارەکاندا ، کە خەباتێکی‌چەکدار بکات دژی سوپای بەریتانیا و تاقمە نۆکەرەکانی ، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە حکومەتی « کریکارانی » ئینگلیزلە ئابی ١٩٦٩ وە لە سەر داوا کردنی « حکومەتە قاوغەکەی‌ئیرلەندەی باکور » دوو هەزار هێزی چەکداری نارد کە لە پاشدا « تۆری »یەکان ئەم هێزەیان گەیاندە ١٥ هەزار هەرلە زۆربوندایە هەر وەکو ڕۆژنامەی (دیلی میل)و(ئوبزەرفاتور)ی فەرەنساوی دەڕیان خست کە باری ئیمرۆی‌ئیرلەندە لە ڤیتنام‌و جەزایرو عەدەن دەکات کە چۆن هێزەکانی‌ئیمپریالیزم میللەتیان دەتۆقاند و ماڵەوماڵ ڕاویان دەنان‌بەڕادەیەك کە دەلین (بلفاست) هەر وەکو سایگون وهایە ٠٠ هەروەها بەریتانیا لە مارتی ١٩٧٢ لە حوکمە ئوتونومیەکەش‌پاش گەز بوەوە حوکمی ڕاستەوخۆی (الحکم المباشر)داسەپاند ٠٠ وە بۆ ئەمە نزیکەی ٢٠ هەزار هێزی چەکداری‌بەرداوەتە گیانی گەلی ئیرلەندە بە یارمەتی دەوڵەتەکانی(ناتو) .

دوا هەوڵی خەباتی گەلی‌ئیرلەندە ئەوەیە کە سوپای کوماری وەختیش هاتە سەر ئەوباوەڕەی کە خەباتی سیاسیش پێویستە وە داوای کرد کە بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵی ١٩٧٥ . بۆ ماوەیەك هەموو کردەوەیەکی چەکدار بوەستی وە ئەم داخوازیانەی پێشکەش‌بەریتانیا کرد بو دوای پیهینانی جەنگ .

١ - لابردنی فەرمانی خەڵك گرتن بە ئارەزوو .
٢ - بەرەڵا کردنی هەموبەندە سیاسیەکان .
٣ - کشانەوەی سوپای‌بەریتانیا بۆ ناو قشلەکانیان .
٤ - بڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەکی ئاشکرا بە کشانەوەی تەواوی بەریتانیا لە ئیرلەندەی‌باکور بێگومان بەریتانیا مەترسی‌یەکی زۆری هەیە لەم‌داخوازیانەبە تایبەتی لەوەی کە سوپای کوماری ببیتە نوێنەری‌دان پیانراو لە لایەن بەریتانیاوە بۆ هەموو گەلی ئیرلەندە ٠٠

بەڵام بەریتانیا کە تەنگوچەڵەمەی ئابوری دای‌وەشاندوە دوور نیە لە ژێر زەبری خەباتی‌شۆڕشگیری گەلی ئیرلەندە وە بە باش پشتی کردنی هەموو گەلانی جیهان ، مل بدات بۆ داخوازیە ڕەواکانی ئیرلەندەی‌نەبەز .

- تەواو -

لاپەڕە : - ٢ -

میلیتاریزم بەکردەوە !

بودجەی عەسکەری ئ
میلیارد ریاڵەوە س
٥٢٥ میلیارد ریال
١٩٧٤ دا .

سیاسەتی میلیتاریستی ، بیجگە لە دیکتاتوری بۆلیسی‌و ی‌شمل کردنی هەموچەشنە ئازادی‌و دی
لە ساڵی ١٩٠٨دا بە پەلامارەدانی کوردستانی ئێ
چەشنی وەحشیانە خوی‌نواند .ڕێژیمی ئێران بوسەر
جوولاوەی ڕزگاریخوازی گەلی‌کورد لە کوردستانی
١٩٤٨ بیجگە لە چەند لەشکرعەسکەر ١٢ هەزار
وتیپی کوماندوی بە کوردستان‌وەرکردو دادگای عە
جەلدین داناو بە چەشنیکی‌دڕەندانە کوردستانی
بە سەدان ئەندام‌و لایەنگری

بڕوانە لا

ئێران بایی ٩٠٠ میلیون دولارچەکی کریوە . سەودایەکی دیکەش بایی ١٠٥ میلیون‌لیرەی سترلینگە ، کە ڕۆژنامەی (دیلی اکسپریس) بە سەرکەوتنی ، لوردکارینکتون) وەزیری شەڕی ئینگلیزی دەزانی‌میلیتاریزم زەبریکی ئەوڕەی لە ئابوزی ئێران داوەو ئەگەر ئەمەڕەوتە هەر درێژەی هەبێ ، لەوانەیە ئابوری ئێرانیش‌ڕاستەوخۆ باری میلیتاریستی بە خزیەوە بگری .

بودجەی عەسکەری ئێران‌زۆر بەڕوشنی میلیتاریزمی ئەم ولاتە دەردەخا . سەرنجێکی‌چوونە سەری بودجەی‌عەسکەری ئێران سیاسەتی میلیتاریستی‌ڕێژیمی شا نیشان دەدا .

پڕیس) ٣٠-١٠-١٩٧١ژمارەیان ٦٠ دانەیە .

هێلیکوپتەر : لقی کارخانەی ئەمریکایی (بل ئوستا) لە نیتالیا دروستی کردوون .
سەدی سوکو ٤٠ی قورس .
هێلیکوپتەری فەرانسەیی لە چەشنی (سوپرفرلون) ١٦ دانە .

هێلیکوپتەری ئەمریکایی لە چەشنی ئێچ - ٤٣ - ٢٠٠ دانە

دەبابە : ئینگلیزی لە چەشنی چیفتن ٥٠ تەنی بە توی دوور دەنگیو . قەرارە تا ساڵی ١٩٧٥ ژمارەیان باتە ٨٠٠ دەبابە، لە لەشکری ئێران دا .

دەبابەی سووك وزریلی‌خوش باز لە چەشنی فوکس . بایی ٣٠ میلیون لیرەی ئینگلیزی لای شریکی (لەیلاندی ئینگلیزی) بەڕادان دراوە .

تا وەرتنی ئەو دەبابانە ، لەشکری ئێران ئیستا بەزوری خاوەنی کۆنە زانی ئەمریکاییە لە چەشنی - ئم - ٦٠و ئێم - ٤٧ .

پاپور : ٤ دانە پاپور شکینی ١٢٠٠ تەنی ، چەکدار بەراکیتی دسیکت ،

هاورکرافت ٥٠ تەنی - ٢ دانە . لە چەشنی (بێ - هاش - ٧ - ئێم ٤) کە ١٧٠ عەسکەر هەڵدەگرن .
٤ دانە - هاورکرافت لە چەشنی - (بێ - هاش - ٧ - ئێم) ١٤ تەنی .
١٠ دانە هاورکرافت ١٠ تەنی .

ساروخ : بیجگە لە ساروخی (سیکت‌و سارو سایدو نیدر) کە باسمان کردن ، لەشکری ئێران ساروخی زەوی بەزەوی . زەوی بە هەوا ، هەوا بەزەوی هەیە ، لەچەشنی (تایرگریت)و (هۆکی) ئەمریکایی . هەروەها ساروخی س‌س ١١ و س‌س ١٢ی فەرانسەیی .

بیجگە لە وانە دەوڵەتی ئێران ئەم فروکەو هیلیکوپترانەشی بە دروست کردن داوە :

فروکەی (ئێف ١٥) ئەمریکایی کە هەریەکەی نرخیان ١٠ میلیون دولارە .
فروکەی (ئێف ١٤) .
هێلیکوپتەری (س ٦٧)
هیلیکوپتەری - (سی ئێچ -٥٣) بیجگە لەوانە ڕۆژنامەی (فانیانشل تایمز) ای ڕۆئینی ١٩٧٣ نووسیبووی : دەوڵەتی ئێران ٤٠٠ هێلیکوپتەری بایی ٥٠٠ میلیون دولار لای‌شەریکەی (بیلی) ئەمریکایی بەرادان داوە کە لە ماوەی ٥ ساڵ دا وەریان بگری .

ڕۆژنامەی (ئینترناشنل هیرالدتریبیون) ١٩-١٢-١٩٧٢
نووسیبووی : « دەوڵەتی ئێران نیزیکی ٥٠٠ هێلیکوپتەری بایی ٧٢٠ میلیون دولار لە شەریکەی (بیل) گریوە . ئەوانە ٢٠٢ هیلیکوپتەری دەریایی لەچەشنی (کیرا) ٣٨٧ هیلیکوپتەری بارو واستنەوە لە چەشنی (هۆی) .

تا وایە تاڕادەیەك چەکی لەشکری ئێران . کرینگی ئەو مەسەلەیە تەنیا لە باری چەکەوە نیە . بەڵکوو لە باری ئابوروریشەوە ئەوسەوداو ماملەیە بۆ تە هۆی ئەوەی کە کارخانەکانی چەك‌سازی ئیمپریالیستەکان کار بکەن‌و بەشی زوری داهاتی نەوتی ئێران بچێتە گیرفانی مونوپولەکانی ئەمریکایی‌و ئینگلیزی .

تەنیا ساڵی ١٩٧٤ ئیران دوو سەودای چەك کرینی کردوە . سەرنجیکی ئەو سەوداو ماملەیە ڕادی میلیتاریستی ئێران بە جوانی نیشان دەدا .

بە گوێرەی نووسراوی (تایمس مالی) ١٣-٦-١٩٧٢ قورخانەی مودیرن‌و تازە هەبوو بۆ بە جی گەیاندنی ئەو سیاسەتە دروشمی « لەشکر لە سەرەوەی هەموو شتەوە» کەوتە سەر زارو زمانی بەریوەبەرانی ڕێژیمی ئێران .

ڕۆژنامەی ئیتلاعات چاپی تاران ڕۆژی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٤٤ (١٩٦٥) نووسی :

« لەشکر لە سەروی هەموشت . بو کاروباری بەرگری ولات هەرچندی زووتر بیربکریتەوەو پتر خەرج بکری چیکی خوی‌تی » .

هەر لەو ڕۆژانەی کاتی پەسند کردنی لایحەی « دانی مافی پاراستنی سیاسی - قەزایی بەراوێژ کەرانی ئەمریکایی » خەزەڵوەری ١٩٦٤ - هیندیك لە نوینەرانی مەجلیس لەحاست ئیوەی نووسینی لایحەکە سووکە ئیعترازیك دەبڕن . بەڵام نوینەرانی حیزبی حاکم ئیعترازە کەبی دەنگ دەنەن ..

« سیاسەتی ئیران لەهەلیچی ڤرسو ڕ هیز کردنی لەشکر ناوائی میللەتی ئیران،،، ئیمە، ڕامازوی ساتور بکرین ... ئم، دەبی چەکی هەرە تازە ببرین‌و کەلکی لی‌وەربرین .. موخارجی لەشکر لە هەموو موخاریجێك پیویستە تڕە ، تەنانەت ئاوە دانیش » گوڤاری دنیا ژمارە (٢١) .

بەم جورە دەبینین ریگا بو میلیتاریزم دەکرێتەوە . لەشکری ئیران لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ لەشکریکی ١٥ هەزار کەس بەچەکی بون‌و دەرزاوای بەمریکایی ، هەبو ، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵدا ژمارەی پەیشتە ١٥٠ هەزار کەس . دوو لەشکری زریلی ، چەند لەشکری پیادەنیزام ، تیپی هەوابەری هەوا بەر ، تیپی هەوابەری تایبەتی (کوماندو) تیپی دژی پارتیزانی ، تیپی چەشنی کلاوسەوزی ئەمریکایی ، هیزی حەوایی ، منیری دەریایی‌و هتد ... ریك‌خستوە .

شاو سەرەك وەزیری ئێران چەند جار گوتوویانە « لەشکری ئێران دەبی ئەوەندە بەهێز بێری ، کە نەك هەر لە ڕادەی هەریم ، بەڵکوو بگاتە ڕادەی جیهانی » .

جورج بال - یاریدە دەری پێشووی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، وتاریکی خوی‌دا گوتبووی : « ئێران تا ساڵی ١٩٧٥ لە باری عەسکەریەوە ، ئەوەندە بەهێز دەبی ، بەسەر هەموو هزەکانی ناوچەی خەلیج‌دا زیدەیی دەبی ئێران زۆر بە خیرایی لەشکری خوی بەهێز دەکا . بە جوڕیك کە لە ولاتەکانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، تەنانەت میسرو تورکیاش وەپێش دەکەوی » - (گوڤاری تاران ئیکونومیست ٢٩ی ڕەزبەری ١٩٧٣) .

ناکری ژمارەو چەشنی چەك‌و نفاقی لەشکری ئێران بەوردی نیشان‌بدەین . بەڵام لە ڕاپورت‌و نووسراوی هێندی هەوالدەرو چاپەمەنی ڕۆژئاوا ، بەتایبەتی ئینگلیزی‌و ئەمریکایی، دەتوانین چەشن وژمارەی هیدی‌چەکی لەشکری ئێران دەربخەین .

فروکە : فانتۆمی ئیف - ٤ چەکدار بەراکیتی (سایدونیدر) و سپارۆ . تا ساڵی ١٩٧٥ ژمارەیان دەباتە ١٤٠ فروکە . فانتۆمی ئف - ٥ ژمارەیان ١٠٠ دانەیە .

فروکەی ئێف - ٨٦ کنادا دروستی کردوون . دەستی دووەمم لە ئەمانی ڕۆژئاوا کردراون بە گوێرەی ڕاپورتی (یونایتەدپریس ژمارەیان ٩٠ دانە .

فروکەی ئێف - ١٠٤

ژمارەیان مەعلوم نیە چەندە . وەك دەلین ئەم فرکەیە ئیتر دروست ناکری .

فرۆکەی باری‌و عەسکەری لە چەشنی سی - ١٣٠ . بە گوێرەی ڕاپورتی (ئاسوشیتد-

institut kurde de paris

ئیمپریالیزمی ئەمەریکا یارمەتی ئابوری و عەسکەری بۆ هێڕشێکی ئەنیزی چی‌یە ؟





مەبەستی گەشتەکەی ئەجارەی کیسنجەر چی‌یە

هەموو بەرەکانی - جبهەکان -هێزەکانی عەرەب‌و دوو یەکتری جیا بکرێنەوە ٠٠ جائەمە بە چەند ریککەوتنی یەك جیاواز ئەبێ یاخود بە یەك‌ریککەوتن ئەوا پەیوەندی ڕاوێژەوە هەیە کە سەرکردەکانی‌عەرەب لە نێوان ئەیکەن .

بەڵام ئیسرائیل هەر وەکو دەرئەکەوێ لە ژێر درو (هیمن کردنەوەی وەزع)دائەیەوێ پرۆژەیەکی نو کەش بکات کە بریتی‌یە لەنەخشەیەکی دەسکاری نێوان قۆناخێکی نوێی « لەیەکتری جیا کردنەوەکان »و « ریککەوتنێکی وەختی »وە تا وەکو ئیمرۆش پەسند کردنی ئەو پرۆژەیەی بەمەرجی کشانەوەیەکی خۆی‌دا ئەنێ ٠٠ وە نەخشەی‌هیمن کردنەوەی وەزع ئیسرائیل پێشکەشی کردوەچەند خاڵێکی تیادایە

● بەرە بەرە رازی بوون بەمانەوەی هێزەکانی - طو دەوڵەتان لەو ماوەیەدا کە وەزعی‌تیادا هێمن ئەکرێتەوە

● نە گۆڕینی ئەو دۆخەی کەلە ئەنجامی جێبەجێ کر پرۆژەیەوە دێتەپێشەوەو داوا-کاری گۆڕینی ئەو وەزع لە ڕێگای هێزە گەورەکان‌و بەتایبەتی لە ڕێگای ئەمەر ئەبێ .

● ئەمەش بە ریککەوتنێکی ئاشتی‌یانەی وەختی دا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەئێوان لایەنەکانی ناوچ مۆرئەکرێ بەرەو ریککەوتنێکی ئاشتی هەمیشەیی .

وە لە قاهیرە ئاگادارانی‌سیاسی ئەو پرۆژەیەی بەوە لێك ئەدەنەوە کە ئەبێتەهۆی پەك خستنی کۆنگ جنێف یاخود دوا خستنی بۆماوەی چەند سالێك چارەسەرکردنی ئاشتی‌یانەی‌مەسەلەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش ئەداتە دەست ئەمەریکا ٠٠

سەرەڕای ئەوەی کە ئەوە داواکاری‌یانەی ئیسرائ ناپەسندن‌و بەبێ گوێدانە ڕادەی‌سوور بوونی ئیسرائیل جێبەجێ کردنیان ، بوچونێکدیتە پێشەوە کە دوور دیبلوماسی‌یەتی عەرەب پەنای‌بەرێتە بەر ئەویش ئەمە ئەگەر لە ماوەی ئەو دوومانگەدا کە میسر دەست کردوە ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەست نەهێنرا ، ئەوا قاهیرە خێرا داوانەکات کە کۆنگرەی جنێف بگیرێ مەسەلەیەکیش کە لەدەرەوەی‌چوارچێوەی ئەو کۆنگ باس بکرێت پێی ڕازی‌نابێت .

سەردانەکەی وەزیرو دەرەوەی سۆڤییەت لە کە خرایە پێش گەشتەکەی‌کیسنجەر وەلامی ئەو پ ئەداتەوە کە ئەگەر : کیسنجەرلەو گەشتەیدا هیچی بە نەهێناو ئیسرائیلیش بە باشی‌نەهاتەپێشەوەو کەمتەر نیشان‌دا چی ئەبێ ؟! لیرەودقاهیرە لە وەلامدا ئەڵێ کۆنگرەی جنێف بگیرێ !!

لە گۆڤاری (ڕۆز الیوسف)
وەرگیراوە

به پێی هەواڵی سەرچاوە ئاگادارەکان گەشتەکەی ئەمجارەی هەنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کە نۆیەم گەشتە بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست‌دا ئەیکات بە مەبەستی دانانی نەخشەو کاروباری کشانەوەیەکی نوێ ئیسرائیلە لە گەڵ تەواو کردنی لایەنەکانی ئەو پرۆژەیەی بەو مەسەلەیە کە قاهیرە مۆڵەتی دوو مانگی بۆ داناوە . هەرچەندەش کیسنجەر ڕایگەیاند کە ئەو گەشتەی .

تەنیا بە مەبەستی « شوێن هەڵگرتن »و سەرنج دانی دۆخی ناوچەکەیە ٠٠ بەڵام لە گەڵ ئەمەدا نەخشەی پرۆژەیەکی پێشنیاز کراوی لە کەشکۆڵە کەیدایە .

قاهیرە دەربارەی ئەو پرۆژەیەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا کە داوایان ئەکات هەڵوێستی خۆی دیاری کردوە :-

● پێویستە بیرەکانی نەوتی سینا بدرێتەوە بە میسرو ئیسرائیل بە لای کەمەوە تا ناوچەی - المرات - بکشێتەوە .

● پێویستە بە تێکرایی لە

هیری هەریەت: هەرئێك لە تاریك و رووەن وڵە بۆچوونێكی مرۆڤانە دا !

ئەوەكانی هێمن :

ناوەستا دڵشاد دەڵێت ٠ ی ١٣٢٨ شاعیر دەیەوێت ێت و لەدەست ئازارەكانی بێت لە « ئازەزووی فڕین» دەیەڵێت : لەسەر پشتی ئەمن بكەسوار ٠ یارە بۆ ئەوەیتی كە ی هەورەكە بێت و لە زوی كەوێتەوە وە لە خەم ی بێت بۆیە پێی ت ٠ بەرە نزیك ئاسۆی و سوور ەجاتم بدە لەكۆلی خەمان یسانەوە دەڵێت : كە ی شاعیرانەی بێسوودی نیشان دەدات ناچار ت لە گەل ئازارو ەتدا ٠٠ (١)

هەركەسێ بە ووردی و روون بخوێنیتەوە ، بە ی بۆی روون ئەبێتەوە كە ر بە دوای خەیالی بابردووو ی بێ سەروپانەكەوتووە ، كانی شاعیر نە سنووری ح دەناچێت و نابێتە خۆشەكانی شاعیرە یالیزمەكان بەجۆری پەیوەندی یەكیان بەژیانی انەو دواڕۆژ نەبێت ٠٠٠ یرێكی وەكو هێمن گەر ببێتێ بە رزگاربوونی لەم ی ئێستای‌دا وابزانم كی رەوایەو مافیكی شتی خۆیەتی ٠٠ گەڕانە شاعیر بۆ باوەشی دستانی ئێران و خیزانو كەی راكردنێك نیە لەژیانو بێ سوود نیە وەك كاك بۆی چووە ٠ بەڵكو ر بوونێكەلەسەر تێكوشانو نەدان لەپێناوی ئاواتە كانی‌دا ٠ لینین دەڵێت : ازی نیوان خەوو راستی زیانێك نابەخشێ بەمەرجی كەسەی خەوئەبینێ فێركردنو تیۆریو شتی ایەكی راستی هەبێ بە دووەكەی و بەوردی سەیری كات و بەراوردێك بكات لە دەخولێتەوە ، بەناوی جوانی

گۆرانی شەپۆلەكان

بۆچ ئازیزم ، هەتا ئێستەش
گۆرانێكانم ، تێكەڵاوی هەستت نەبوون ؟
٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠
شەپۆلێكی روبارە دوورەكانم !
هەر هات و چۆمەو
ماچێكی لێوی رۆخم نەكرد ٠٠
ئەی رۆخی دەریا پیرۆزەكە ،
بەجێم مەهێڵە ٠٠
دڵم لاتەو بەگرە باوەشن
بمگرە باوەشن ٠٠
٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠
دڵۆپێ ئاوی بارانم ٠٠
لێوی بیابان چاوەڕێمە ٠٠
دەسا ئەی كێڵگە سەوزەكان ٠٠
ئەی بەهارە جۆان‌و شەنگەكان ٠
من بۆكێ ئەگەڕیم ؟
٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠
دە ئەی بای داراوس ٠٠
بەسواری پەڵەهەورێكی سپی لەكێڵگەیەكی سەوزدا
بمبارێنە ٠٠ بمبارێنە
بمبارێنە
٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠
ئاوارەیی ئەم كرۆژێ
پێ‌نووسەكەم ئەخواتەوە
هنیش شەیدای نووسینی ،
نامەیەكم
تاقە نامەیەك ،
یەك‌نامە ، بۆ ئەو رۆخە پیرۆزەی
چاوەڕێم زمانی لێخەم‌و
بەناز بمشواتەوە ٠٠

نوری حەیران
٩-٢-١٩٧٥

نیوان تیبینیەكانی‌و ئەوكوشك و بارەگایانەی لە هەوادا دروستیان ئەكات ، وە ئەبی بەشێوەیەكی گشتی‌و ویژدانی كاربكات لە پێناوی وەدەس لەم رووەوە بلیخانۆف دەڵێت: « نرخی بەرهەمی هونەری بەشێوەیەكی گشتی‌و یەكجاری نرخی ناوەرۆكەكەی دیاری دەكات»(٥) ئەگەر چاوێك بە جوولانەوەی ئەدەبی جیهان‌دا بگیرین ئەم راستیەمان بۆ ساغ ئەبێتەوە ٠٠ شاعیرەكانی بزوتنەوەی چارتی‌و كۆمۆنەی پاریس چاكترین بەڵگەن بۆ چەسپاندنی رایەكەمان ، كە شاعیریەتی هەر شاعیرێك بەستراوەتە بە رادەی خۆبەستنەوەی بە ئاوات‌و ئامانجەكانی كۆمەڵ كەوتە بەنرخەكەی (ناظم حكمت)ی لەسەر بنیاد دەنرێت كە دەڵێت شاعیر لە خەیاڵی بال‌گرتنی هەور نایەتە خوارەوە ، بەڵكو مرۆڤەو هاوچەشتمانیەیە لە ناوجەرگەی ژیان‌و گیرو گرفتەكانی»(٦) ٠ رۆشنبیرێكی بزوتنەوەی چارتی ـ ئەپتزر ئەڵێوت رەت لەسەر دوورخستنەوەی ئەدەب لە سیاسەت ئەداتەوە و دەڵێت : شاعیرە رەسەنەكان سیاسی خوێن گەرمن ، بەڵام رەخنەگرانی كومەڵی خانەدان نارازین گوایە بەقسەی وان تێكەڵ كردنی شیعر لەگەڵ سیاسەت زیان بە سیاسەت دەگەیەنێ‌و مەترسیەكیشە لەسەر شیعر ، بەڵام ئەوانە بەهەڵەچوون ، گەر دانتی‌و شكسپیرو میلتۆن‌و گۆتەبەرو بیرنز شاعیر بن ، بۆ شاعیری خاوەن هەست بایەخ بەو شتانە نادات كە پەیوەندی بەگشت مرۆڤایەتی‌یەوە هەیە ٠٠ » (٧) بۆ نموونە برگەیێك لە هۆنراوەی شاعیرێكی چارتی دەخەینە بەرچاوی خوێنەر تا بەراوردێك بكات لە نێوان ئەم هۆنراوەو هۆنراوەو سیاسیەكانی هێمن ٠

ئەرنیست جۆنز لە هۆنراوەی نە بەندیەكەوە بۆ كویلەكان :

دوژمنەكانم دەتوانن زمانەكان ببەستن
بەیاسای بێدەنگی‌و
كوشتن بەپەتی سیدارە
بەڵام هیزو تۆقین شتی پرو پوچی گەوجەكانە
ئەرمین ٠٠ هەرەس دێنن ٠
تاشە بەردە كانی ئازاد
خوازانیش ئەچەقن ٠٠

ئەم هۆنراوەیەهی جۆنزە كە سەركردەی بزوتنەوەی چینی كارگەرانی ئینگلیزی‌و نووسەری رۆژنامەی گەلی چارتیەیە كە ماركس‌و ئینگلیس بەشداریان تیداكردووە ، كە چەند هۆنراوەیەكی بەخوێنی خۆی لەسەر چەند لاپەرەیەكدا نووسیوەتەوە لە بەندیخانە ، دیسانەوە بەرهەمی شاعیرانی كۆمۆنەی پاریس بەر لە كۆمۆنەو كاتی سەركەوتنیو نوشستی هێنانی نموونەیەكی گەش‌و بایەخدارن لە ئەدەبی شۆرشگێڕی جیهان‌دا ، كە شاعیر تاقی‌كردنەوەی خۆی بەهەموو دڵو دەروون‌و هەست‌و نەستەوە ئەخاتە ڕووو پەردە لەسەر ڕووی ڕەشی برژوا رائەمالێ‌و جەوهەری ڕەفتارەكانی ئاشكرائەكات ، شاعیرێكی كۆمۆنە دەڵێت :

كرێكی كەم‌و حەسانە
وەشمان نیە
كارێكە ئەگەر بنیادەم بە
تا چەند بەردەوام بێ‌و چەند
دووبارە ببێتەوە ، ئەو كارە
هونەریەش ئەوەندە ئەخایەنێ
بۆیە كارێكی وەك (مناسبە)ش ئەگەر ئەوەندە
ئەلیادەی هۆمیرۆس هێشتا

بەشی یەكەم

لە قات‌و قڕە ئەمڕۆی
نووسینی بەتام‌و خ ـ وێ‌ی
كوردیدا ، ڕاستتان ئەوێ ،
وتارەكانی كاك دڵشاد
موحەمەد ئەمین‌و كاك كەریمی
حوسامی كە لە (هاوكاری)دا
بلاویان كردنەوە ، ژمێكی
بەڵەزەت بوون بۆ هەموو
ئەوانەی یادی ئەم چەند سالەی
دواییان لە بیر
ئاخ بۆ ئەو ڕۆژە
ڕۆژنامەیەكی كۆنی لێدی كە
وتاریكی سیاسیی ڕووتی
ڕۆژانەی تیا بلاو كرابێتەوە ٠
شیعری بمانەوێ هەمیشە
گەش‌و پاراوو زیندوو بێ ،
ئەبێ بۆ ئامانجێكی‌وای
ئادەمی‌زاد وترابێ ئەگەر
هەمیشەش لەگەڵی نەڕۆی
دەوڕێكی زۆری بەسەر بردبێ‌و
هێشتا ماوەیەكی زۆریشی
مابێ ٠ خۆشەویستی ، بۆ نمونە
شتێكە لەگەڵ ئادەمی‌زادا
هاتوەتە دنیاوە ٠ تائیستاش
هیچ بەڵگەیەك نیە بۆئەوەی
هەرگیز بمرێ ٠٠ بریندارێی
دەروونی ئادەمی‌زادو كۆڵۆڵی‌و
بە ئاوات نەگیشتن‌و ژیانی
تراژیدیەیش بەرهەمێكی زەقی
ناكۆكی‌ی نێوان خواستن‌و
توانای ئادەمی‌زادە ٠ لە
سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە
پەیدا بووە ، چونكە مرۆڤ
هەمیشە لەعاستی ژیانی
كۆمەڵایەتی‌و سروشتدا
كەمهێزتر بووە لەوەندەی
پێویستیەتی ٠ هەرچەندیش
ئەمڕۆ توانیویەتی لە گەلێ
مەیدانا جڵەوی سەركەوتن
بگرێتە دەست ، بەڵام ژیانی
ڕۆژبەڕۆژ ـ ڕەنگی نوێ
وەرگرتوو ، مەیدانی تازەی‌تری
بێدەسەڵاتی دەهێنێتە بەردەم
بۆیە هێشتا هیچ بەڵگەیەكی
ئەوەش دیار نیە مرۆڤ
بەڕواڵەتە بەتەواوی بەسەر
ئەم بریندارەی دەروون‌و
كۆڵۆڵی‌و ژیانی تراژیدیەدا
سەركەوێ‌و لەم ناڕەحەتیانە
ڕزگار ببێ ٠ ڕاستە كۆڵۆڵی
ئادەمی‌زاد شتێكی (خواكرد)
نیەو لە چارەی نەنووسراوە‌و
بەرهەمی ژینمی كۆمەڵایەتی‌و
بێدەسەڵاتی‌ی مرۆڤە لە عاستی
سروشتدا ٠ ئەمڕۆش لە
تێكڕای جیهانی پێشكەوتوودا
گەلێ گیروگرفتی گەورەی
كێشەی نێوان مرۆڤ‌و
سروشت چار كراوەو ، لە
كۆمەڵگای سۆشیالیستی‌دا
ڕیشەی كۆمەڵایەتی‌ی كۆڵۆڵی‌ی
ئادەمیزاد لە بن هێنراوەو
بنچینەی كۆیرەوەری كە
چەوساندنەوەی ئادەمیزادە ـ
لەلایەن ئادەمیزادی برایەوە ـ
هەڵتەكێنراوە ٠ بەڵام ئەبێ
ئەوەش بزانین ئەو ڕژێمەی
هەزاران هەزار ساڵ مرۆڤی
بە گیانی خوێن‌مژینی مرۆڤ
پەروەردە كردووە ، پاشماوەی
لە نەریت‌و ڕەوشتی ئادەمیزادا
هێشتا قوڵەو لە بەربەرەكانی‌ـ
دایەو شتی‌وا زۆرە پەی‌دەڕەپەی
خوێنی بكا بەبەرا ٠ بۆیە
بەم زوانە جێگای خۆی چۆڵ
ناكاو خۆی نادا بەدەستەوە ٠
دامەزرانی سۆشیالیزم
هەنگاوی یەكەمە بە ڕێگای
چارەسەركردنی كۆیرەوەری
ئادەمی‌زادا ، بەڵام تا بە
ئامانجی یەگجاری ئەگەیەنێ
سەردەمێكی زۆری پێ‌ئەوێ ٠
بۆیە شیعرێ یا هەر كارێكی‌تری
هونەری كە چارەی باسی
خۆشەویستی یا هەركام لە
كۆیرەوەری‌یەكانی ژیانی
ئادەمی‌زاد بكاو دەردە
دەروونی‌یەكانی دەربڕێ كۆن
نابێ‌و كاڵ نابێتەوە‌و سیس
نابێ ٠ كاری هونەری دەنگ
دانەوەی پێویستی‌یەكی

بەپەراوێزی ڕەخنەكانی دڵشادەموحەمەد لەهێمنی كوردستانی

بامنیش، لێرەوە، بەنجە بەكی نێ وەردەم

ئادەمی‌زادە ٠ ئەو پێویستی‌یە تا چەند بەردەوام بێ‌و چەند دووبارە ببێتەوە ، ئەو كارە هونەری‌یەش ئەوەندە ئەخایەنێ وتراوەو ، شیعری بۆنە بۆیە كارێكی وەك (مناسبە)ش ئەگەر ئەوەندە ئەلیادەی هۆمیرۆس هێشتا

محمدی مەلا كریم

ئەمە وەرگرم ! لە برسانا بتەقم
شەپقە كریكارەكان‌و تفەنگی جەنگاوەرەكان
مان‌ناگرن‌و یاخی‌نابن
ئاخ بەلام
ئایا ئەم ژینە هەرگیز دوایی‌نایەت !

كەمال غەمبار

دەك بەلەعنەت‌بن ئاغا برژوایەكان‌كە دەرسمان ئەدەنێ
ئامۆژگاریمان ئەكەن كە گوێ رایەڵی یاساو خیزان بین
سونگی‌یەكەشیان كورە بچكۆلەكەم دەكوژێت‌و
شادمانیان كچە بچكولوكەم لە خشتە ئەبات(٨)

ئەگەر برژوایەكان وابزانن هەرئەوان ئەتوانن ووشەی هونەری داڕێژن‌و خۆیان جلەوی داهێنانیان بەدەستەوە بێت ، ئەوە بەهەڵەچوون ، هەندێ جار گۆرانی‌و سروود هۆنراوە سادەن‌و لەسەر زمان هاسان‌و سووكن ئەبنە وێردی سەرزمانی خەڵك‌و ڕەوشتێكی هونەری تایبەتی وەرئەگرن كە جۆرە تام‌و بۆیەكیان هەیەو لە واقیعی جەماوەر جیانابنەوە ٠ لێرەدا مەبەستم ئەوەنیە كە ئەبێ گوێ نەدەینە لایەنی هونەری هۆنراوەو نەنیا ناوەرۆكەكەمان بەڵاوە گرینگ بێت ، بەڵكو بەپێچەوانەوە ناوەرۆك‌و فۆرم تان‌و پۆی هۆنراوەن لێك جیانا كرێنەوە بەڵام نابێ ڕاستی‌یەك بخەینەژێر پێ كە جێ شوێنی شاعیرە لە كۆمەڵەكەیدا وەڕەگەزی شوین‌و كات ڕەچاو بكەین‌و بە چاوێكی وورد بەرهەمەكەی هەڵسەنگێنین‌و تەماشای دەبێ گەلەكەی خۆمان بكەین‌و واقیعی ڕوشنبیری‌و كۆمەلایەتی‌و سیاسی كۆمەڵگای كوردمان لەبەرچاو بێ بۆ ئەوەی لەنرخ پێدانی هەر بەرهەمێكی ئەوەبەم ڕەخنەگر لە بەردەمی ڕەخنە لێ‌گیراوا نەكەوێتە مێچكە ـ مێچكەو ماستاو كردن‌و هەر لە سەرەتاوە وادانەنێ تاواتێكی بەرابەری كردووەو ڕای خۆی بێ‌پەردە دەربڕێ‌و ، تەنها ئەوەندەم لێ‌ی ئەوێ ئەگەر هەڵەی خۆی بۆ دەركەوت ئازایانەو بەرەوڕوو بێ‌ترس دانی پیا بنێ‌و لێ‌ی پاشگەز ببێتەوەو بێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست ٠٠

ڕووی دەمم لەم وتارەدا لە كاك دڵشادە ٠ ئەوەی مەبەستمە ئەوەتە دەمەتەقێیەكی لەبارەی هەندێ بیرو باوەڕی وتاری دووهەمی « تاریك‌و ڕوون لە بۆچوونێكی مرۆڤانەدا» لەگەڵ بكەم ٠٠

بەر لە هەرچی كاك دڵشاد ئەیەوێ هێمن بە شاعیری ئافرەت‌و جوانی بداتە قەڵەم‌و بە بیانووی ئەوەوە كە لە شیعری سیاسی‌دا وەك لە شیعری دەروونیدا سەركەوتوو نیە ، بەڵام لای دووهەمەوە بە شاعیرێكی دەسەپارچەو بێدەسەڵاتی دابنێ‌و بۆ ئەم مەبەستەی گەڵێ بەڵگە لە شیعرەكانی هێمن خۆی‌دا هەڵئەبژێرێ ٠

بەڕای من ، وەختی ئەوە هاتووە بزانین مەیدانی یەكەمی شیعر ، ئەگەر بمانەوێ بەڕاستی وڕدو ناسك‌و خاوەن هەست بێ ، بریتی نیە لە سیاسەت ، وردترو لەجێ‌تر ببێنین بریتی نیە لەسیاسەت بەشێوە زەقەكەی سیاسەت

(١) هاوكاری ژمارە (٢٤٦) ٠
(٢) لینین ـ المختارات ٠
(٣) عرض موجز للمادیة الدیالیلیكتیكیة : بودوستنیك و یاخوت ٠
(٤) طریق الشعب ژمارە (٤٠٨)
(٥) الاداب ژمارە یەك سالی ٩٦١
(٦) ناظم حكمت قضایا ادبیة وفكریة : ضامنة ٠
(٧) كشف المضامین البرجوازیة في الشعر : محسن الموسوی ٠
(٨) هەمان سەرچاوە ٠

گۆرانی مامۆستایەكی

سەركەوتوو قوتابی بەرەیەكی نایاب بووە!

هەروەك ئاشكرایە ، لە ناوچەكانی كوردستانی عیراق‌دا تاوەكو دەوروبەری ساڵەكانی (٩٢٠)و (٩٥٢)یش بە دەگمەن قوتابخانەیان تێدا بووە ٠ دوا بە دوای ئەوە ساڵانە لە چەند ناوچەیەكی كوردستان‌دا ، چەند قوتابخانە یەكی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی كرانەوە ٠ بەڵام ناوچەی هەورامان تەنانەت لە قوتابخانەی سەرەتاییش بێبەش بوو تاوەكو ساڵەكانی (٩٢٧) و (٩٢٨) كە بۆ یەكەم جار سروشت شانسی بە ناوچەی هەورامان بەخشی وەدەرگای شۆڵەی ڕووناكی لێ‌كردەوە ، ئەویش بە نارەزایی‌ماموستا گۆران ، بۆ كردنەوەی یەكەم قوتابخانەی سەرەتایی‌لە دێی (طەوێلە) ٠

بێ‌گومان كردنەوەی قوتابخانەی لە جێ‌وڕێی وەهادا، وەك (طەوێلە) ، كە سەرەڕای‌ئەوە بە دێ‌یەكی بوو ، شێخ، دێ‌یش بووە ، ئەمە لە لایەكەوە لە لایەكی تریشەوە ، جۆرە خوێندنێكی تەقلیدی باو بوو ، كە بێ‌یان وتووە خوێندنی (حجرە) واتا : جێگای خوێندن و فێر كردنی عولوومی قورئانی‌و زانیی‌فارسی : كە تەنها بۆ كۆڕە دەم ڕۆشتووەكان بووە و بەس‌زۆر تەنگ و چەمە و نارەحەتی هێناوەتە بەر ڕێگای‌ماموستا گۆران و ڕێگای كردنەوەی قوتابخانەی وەها ، كە زۆر باو بووە ، هەر كەسێ بچێتە قوتابخانەی وە هاوكاری نەبێ !!

بەم هۆیەوە ، ماموستا گۆران ٠ بیری لە باشترین و سەركەوتووترین ڕێگا كردەتەوە ، بۆ جێ‌بەجێ كردنی ئەو ئەركە مەزنەی سەرشانی‌كە ئەویش :

یەكەم ، بە چوونە لای‌ئەو خاوەن نفووزانەی ئەوێ بۆ شەرح كردنی سوودی‌قوتابخانە و خوێندەواری نوێ بە پێی ڕێ‌ڕەوی حەدیس‌وخوو ڕەوشتی ئاینی ئیسلامی دووەم تەقالادان بۆ ئامۆژگاری‌كردنی منالانی ئەو ناوچەیە بەپێی خوو ڕەوشتی دینی‌وە بە زمانی منالانی ئەو ناوچەیە ، سێ‌یەم تەقالادان بۆ بڵاو كردنەوە باشترین ئیشی دەستی سوودبەخشی (الحرفة الیدویه) ئەو ناوچەیە ، وەبە تایبەتی لە نێو قوتابی‌یەكانیا٠

هەروەك ، وتمان مامۆستا گۆران لە سەرەتاوە بە زوربەی مالە‌كان‌دا گەڕاوە ، بۆ ئەوەی‌وا لە خەڵكی ئەوێ بكات ، كە منالەكانیان بنێری بۆ قوتابخانەی‌بێ‌گومان سەركەوتوە ، وە توانیویەتی چەند منالێ پەیدابكات ، بەڵام ئەوەی كە سەرنجمان ڕادەكێشێ خاڵی‌دووەم و خاڵی سێ‌یەمی ئەم وتارە ، كە بە بلیمەتانە ،ئیبداعی تیادا كردوە ٠ مامۆستای‌ئەمڕۆ سروودی‌قوتابخانەیەكان چەند دێڕە شیعرێكی وتوە ، كە جگەلەوەی ئەم دێڕە شیعرانە بە زمانی منالەكان و بە زارەكەیان‌وتراوە بڕێ لە ئامۆژگاری كردن و ڕێاندنەوە وبووژاندنەوەی بیریان ٠ ئەم سروودە ، نزیكەی هەشت‌دێڕێك بووە ، وە زوربەی قوتابی‌یەكانی یەكەم دووەمێریان لەبەرە ، بەڵام بە داخەوە كەسێ لەوانەم دەس‌نەكەوت كە سەرپاكی ئەو سروودەی لەبەر بێ ، جگەلەوەی كە ئەمە لە ناو شیعرە بڵاو كراوەكانی‌دا نییە ،ئەمەش دوو دێڕیەتی :

**زارۆكەو مەعسووم بێ‌گوناهێنەمێ
ئیسلام زادێنەمێ ئیسلام‌خواهێنەمێ
عەزمما جەزما پەی وەنەوعیرفان
عیرفانا وەحشی كەرۆ بەئینسان
٠٠ ٠٠ ٠٠ ٠٠**

ماموستا گۆران ، جگەلەوەی كە هەوڵو تەقالایەكی زۆر ئەدا ، بۆ ئەوەی كە بەزووترین كات منالەكان فێری خوێندن‌و نووسین بكات ٠ بیریشی لەوە كردوەتەوە كە پێویستە فێری ئیشی دەستێكیان(الاعمال الیدویه) بكات كە زۆر پێویست و سودبەخشبێ بۆ دوا ڕۆژی منالەكان‌و ناوچەكە ٠ بێ‌گومان ئەوەبیر كردنەوەیە جۆرە بیشكەوتنێك‌و گۆڕانێك‌دێنێتە بەرهەم كە بە شۆڕشێكی پیشەشازی دەستی‌زۆر سود بەخشی ئەو ناوچەیە دەژمێرێت ٠ئەویش بە دانانی‌دەرسی (كلاشچنین) شوێن و جێگای (اعمال الیدویه ئیشی‌دەست)ی قوتابخانەی سەرەتایی ٠

وەك ، قوتابی‌یەكانی‌ماموستا گۆران دەگەڕنەوە و ئەڵێن ، لەو كات‌و سەردەمەدا‌ێ (طەوێلە) ئەگەر كلاشچنی زۆری تێدا بووبێ‌ژمارەیان نەگەیشتووەتە دە كلاشجن ، بەڵام لە پاش‌وەچەڕخاندنی ڕووی سانێك زوربەی مالەكانی (طەوێلە)ئیشی كلاشچنیان دەكرد ، بەرە بەرە وای لێ هات كەزوربەی خێزانەكانی ئەوێ یەو ئیشەی پیشەدەستی‌یەدەژین ٠

محمد امین هەورامان

٢٢١ ملیۆن دینار بودجەی پڕۆژەکانی کشتوکاڵە

١١ ملیون دینار بۆ دروست کردنی چەند گوندێکی هاوچەرخ دانراوە

٢٠٠ هەزار دۆنم زەوی و زار چاک دەکرێت بۆ زیاد کردنی وزەی بەرهەم هێنانی کشت و کاڵ

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتی کشت و کاڵ-ەوە دەڵێت کە بودجەی ساڵی ١٩٧٥ی وەزارەتەکە زیاتر بایەخی داوە بە پڕۆگرامە کشت و کاڵیەکان و ئەوکۆمپانیایانەی کە بەرهەمی کشت و کاڵ دابین دەکەن و بەرهەمی کشتوکاڵ زیاد دەکەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتی کشت و کاڵ-ەوە دەڵێت کە بودجەی ساڵی ١٩٧٥ی وەزارەتەکە زیاتر بایەخی داوە بە پڕۆگرامە کشت و کاڵیەکان و ئەوکۆمپانیایانەی کە بەرهەمی کشت و کاڵ دابین دەکەن. ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەداوە کە بودجەی ساڵی ١٩٧٥ی وەزارەتەکە ٧٦ ملیۆن و ٣٨٨ هەزار دینار بووە، کە زۆربەی زۆری ئەو بڕە پارەیە بۆ پەرەپێدانی پڕۆژەی بەرهەم هێنانی پەلەوەر و ماسی و ئالف و بەرووبوومی کشت و کاڵ دانراوە.

وە وتوویەتی: ئەو بودجەیەی بۆ دەزگای گشتی هەلکۆلین کۆمپانیاو بەرژەوەندیکانی سەربە ئەون خوێداوە لە ٣٣ ملیۆن و ٧٧٥ هەزار دینار، وە بودجەی پڕۆژەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستانەکان گەیشتۆتە ١٢ ملیۆن و ٢٥٩ هەزار دینار. وەبۆدجەی هیئەتی پڕۆژە کشت و کاڵیکانیش گەیشتۆتە ١٢ ملیۆن و ٥٢٢ هەزار دینار و ٥ بۆ پڕۆژەکانی بەرژەوەندی خانەسازی دێهاتەکان ١١ ملیۆن و ٢٥٦ هەزار دینار تەرخان کراوە، وە ١٨ هەزار دیناریش دانراوە بۆ پڕۆژەی پاراستنی دارستانەکان لە نەخۆشی وە (٥) ملیۆن و ٣٩٩ هەزار دیناریش بۆ پڕۆژەی لەوەرگا سروشتیکان تەرخان کراوە، وە (٥) ملیۆن (٣٠٥) هەزار دیناریش بۆ پەرەپێدانی سامانی مەروومالات تەرخان کراوە.

وتوشیتی: کە لەم ماوەیەدا دەست دەکرێت بە چاک کردنی ٣٠ هەزار دۆنم لەزەوی وزاری پڕۆژەی دەلەمج وە ٣٥ هەزار دۆنم لە پڕۆژەی مەدائن وە ٩ هەزار دۆنم لە پڕۆژەی ٧ی نیسان لە گەل زۆر ناوچەی تردا.. ئەمانەو لەگەل گەلێک پڕۆژەی تردا کە بە دەستەوەیە لە ئەم ساڵدا جێبەجێ بکرێت.

هەر ڕووکارگەی (البان)ی پارێزگای نەینەوا وبەسرا لە تەواو بوون دان

دەستەیەکی شارەزای سەربە وەزارەتی پیشەسازی خۆی کۆکردۆتەوە، بۆ لێکدانەوەی پارچەی مەکینەکانی کارگەی شیرەمەنی نەینەوا، وا چاوەڕوان دەکرێت ئەو پڕۆژەیە بەم زووانە جێبەجێ بکرێت و بکەوێتە ئیش کردن.

وزەی بەرهەم هێنانی کارگەکە لە ڕۆژێکدا (٢٠) تەن شیری پاکژو (٦) تەن ماست و (٣) تەن ساردەمەنی و ٣ تەن پەنیرو کەرەو قەیماغ دەبێت.

لەلایەکی تریشەوە دەزگای گشتی پەخشەکێشان و بنیان نانی پیشە سازی ماوەیەک لەمەوبەر دروست کردنی شوێنی کارگەی شیرەمەنی بەسرای بەیەکێک لە بەڵێندەرە عیراقیکان سپاردووە کە دروستی بکات. ئەو پڕۆژەیەش ٧٥٠ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە، وە دەبێت لە ماوەی (٤٨) مانگدا پڕۆژەکە جێبەجێ بکات وزەی بەرهەم هێنانی ڕۆژانەی کارگەی شیرەمەنی بەسرە (٢٠) تەن شیری پاکژو تەنێک قەیماغو ١٠ تەن ماست دەبێت. بەڵەماوەیەکی دەزگای ناوبراو ڕێکەوتنامەیەکی لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیا سویدیکاندا مۆرکردوە بۆ مەیسەر کردنی پڕۆژەی شیرەمەنی خوارولەگەل کارگەی شیرەمەنی بەسرادا، کرینیو دامەزراندنی ئەو کەرەسانە دوو ملیون دینار یان تێدەچێت..

ئەو پڕۆژانەش بێ لە پڕۆژەی پارێزگای بەسرا بڕێتیە لە پڕۆژەی کارگەی شیرەمەنی میسان و زیقارکە وزەی سالانەی ئەو پڕۆژانە ٦ هەزار تەن شیری پاکژو هەزارتەن قەیماغو ١٥٠٠ تەن ماست و ٦٠٠ تەن کەرە دەبێت.

لێژنەی سەر پەرشتی کردنی گۆشت فرۆشتن

دەزگای قەسابخانەی سەربە (ئەمانەتی عاسیمە) بریاری داوە کە چەند لێژنەیەک پێک بێت کە بەیانی و ئیواران بەسەر قەسابخانەکاندا بگەڕێن بۆ سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چۆنێتی گۆشت فرۆشتن لە دووکان و بازاڕەکاندا..

ئەم کارەش بەمەبەستی بەربەست کردنی ئەوەیە کە بەدزی و لەلاوە حەیوان سەربببڕێت و بەخلکی بفرۆشرێت بەو چەشنەو نەهێشتنی ئەو جۆرە شتانە گوشتی پاکو چاک بەهاولاتیان دەگات، کە لەپێش سەربڕینیدا فەحس کراون، پاکژن لەنەخۆشی و دەردو دوو.

ئەو لێژنانەش لە دکتۆری بەیتاڵ خانەو موەزەف، ڕەسمیەکان پێک دەهێنرێن.

***

ئیدارە محەڵی پارێزگای ئەنبار دەستی کردووە بە دامەزراندنی چوار کارگە لەپارێزگاکەیدا، بۆ پرکردنەوەی هەندێ کەلینی پیشە سازی لەو پارێزگایەدا، کارگەکان برێتین لە کارگەیەکی (خراطە) وەیەکێکیشیان کارگەی ئاسنگەری یە، ئەوی تریشیان بڕێتیە لەکارگەیەکی ئاسنگەری چوار هەمیشیان کارگەیەکی بزمار دروست کردنە، هەرچوار کارگەکە سێ هەزار دیناریان تێچووە.

لەگەڵ ئەو چوار کارگەیەشدا کارگەیەکی سەهۆڵی دروست کردووە، ئەمیان ٣٠ هەزار دیناری تێچووە، ئەم کارگانە کە چاوەڕوان ئەکرێت بەمزوانە بکەونە بەرهەم هێنان، دەوروبەری ٥٠ کریکارو شارەزایشیان تێدا دەکات.

ڕێکەوتن نامەی کرینی چەند (محەتەیەکی) کارەبا

ڕۆژی یەک شەممەی ڕێکەوتی ٩ی ئەم مانگە دەزگای گشتی کارەبا ڕێکەوتن نامەیەکی لەگەڵ دەزگای (ترانز ئەلکترۆ)ی هەنگاریدا مۆرکرد، دەربارەی کرینی چەند محەتەیەکی ناونجی کارەبا کەتوانای ئەومحەتانەیەدەگەنە ١١ هەزار فۆلت کارەبا ئەوەدەزگا هەنگاریە بەڵێنی داوەکە لەماوەی ١٨ مانگی داهاتوودا هەموو ئەو محەتانە تەسلیمی دەزگای کارەبا بکات. ژمارەی محەتەکان کەڕێکەوتوون لەسەری ٦٥ محەتەیە نرخی هەموویان دوو ملیون دیناڕە.

ئەوەی شایانی باسە دەزگای گشتی کارەبا ساڵی پار بۆکرینی ٣٠ محەتە لەهەمان چەشن لەگەڵ هەمان دەزگای هەنگاریدا ڕێکەوتبوو کە واچاوەڕوان دەکرێت لەم چەند مانگەی داهاتوودا محەتەکانی پار بگەن.

ساڵێ ڕابوردوو بانقی پیشەسازی ٢٧ ملیۆن دیناری بەقەرز داوە

ئەو قەرزو یارمەتیانەی بانقی پیشە سازی لە ساڵی ١٩٧٤دا پێشکەشی کردووە بە هەردوو لایەنی خاس) و(موختەلەت) خۆیان داوە لە ٣٢ ملیون دینار.

بەڕێوەبەری گشتی بانقی پیشەسازی کاك (کامل العزاوي) ڕایگەیاندووە کە ئەو قەرزو قۆڵەو یارمەتیەی زیادەی بانقی ناوبراو لە ساڵی ڕابردوودا پێشکەشی کردووە، لەئەنجامی ئەو پەرەسەندنو بزوتنەوەی پیشەسازیەدا بووە، کە ساڵی پار لەوڵاتدا ڕوویداوە..

وە وتوشیتی.. کە بانقی ناوبراو لەو ساڵەدا بایی (٥) پێنج ملیۆن دینار مەکینەی لە دەرەوەی وڵات کریووە، وە بۆ هەڵسوراندنی کاروباری پیشەسازی ناوخۆ بایی (١٠) دە ملیون دینار کە ڕەسەو مادەی خاوی کریووە، وە ئەوکەرەسانە بەسەر هەردوو لایەنی (خاس) و (موختەلەتدا) بەشکراوە.

بەڕێوەبەری گشتی بانقی پیشەسازی ئەوەشی ڕاگەیاندووە.. کە سەرمایەی بانقی پیشەسازی لە کۆمپانیاکانی (قوناخی) پیشەی (موختەلەت)دا لە ملیونێکو ٧٨٩ هەزارو ٢٧٣ دینارەوە زیادی کردووە بۆ دوو ملیونو ٨٣٩ هەزارو ١٤٤ دینار ئەویش بەهۆی بەشداری کردنی بانقەوە لە سەرمایەی کۆمپانیای کەرەسەی پلاستیکیدا.

وە ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە بانقی پیشەسازی هەندێک لە (سەهەمکاتی) کۆمپانیا هیلالی پیشەسازیو بیرەمێ نوێو هەردوو کۆمپانیای پیشەسازی کیمیاگەریو ئەلەکترۆنی کرپووە بەمەبەستی زیادکردنی سەرمایەی ئەو دوو کۆمپانیە.

ئەوەشی دەرخستووە کە لە وزەی دواینی ساڵی پاردا بانقی پیشەسازی (١٠٧) قەرزی لێ داواکراوە، کە هەموو ئەو قەرزانە خۆیان داوە لە ٧٧٠ هەزارو ٨٥١ دینار، لە ٤٤٪ داواکاری ئەو قەرزانە قەرزەکانیان بۆ مەسەلەی هەڵسوراندنو بەڕێوە بردنی ئیش وبستووە، ئەوانی تریش مەبەستیان لەو قەرزداواکردنە پاکرینی مەکینەو کردنەوەی کارگەی پیشەسازی بووە، یا دروست کردنی بنایەت بووە بۆ کارگەکانیان.

کاك (العزاوی) وتوویەتی.. بانقی پیشە سازی لەو وەرزەدا توانیویتی ١٢٤ لەو داواکاریانە هەڵسورێنی وجێبەجێیان بکات هەڵسوراندنی ئەو داواکاریانەش بە ١٣٧ هەزار دینار مەیسەربووە کە ئەوپلەی قەرزدانەش لەچاو دووەرزەکە لەوەوپێشدا ٤٥٪ی قەرزدان زیادی کردووە.. وە ئەومەکینەو کەرسەخاوە پیشەسازیانەی بەهۆی بانقی پیشەسازیەوە گەیشتۆتە وڵات نرخیان گەیشتۆتە (٣) سێ ملیۆنو ١٩٣ هەزار دینار.

وە دەربارەی دابەش کردنی ئەو قەرزانە بەڕێوەبەری گشتی بانقی پیشەسازی (معامەلەی) ١٤ قەرزداواکردنی جێبەجێ کراوە، پارێزگای نەینەوا ش سلێمانی و بابل و کەربەلاو بەسرا ٧ داواکاریان جێبەجێ کراوە.

ناشتنی (١٠) ملیۆن نەمام

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستانەکان توانیوێتی بۆ وەرزی ئەمساڵ ١٠ ملیۆن نەمامی هەمە جۆر ئامادەبکات ئەویش لەبەر پرکردنەوەی پێویستی پڕۆژەی دارستان کردن لەوڵاتدا.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستانەکان ڕایگەیاندووە کە بەڕێوەبەرایەتیەکە لە مانگی داهاتوودا لە ٢٦ هەزار دۆنم زەوی یدا نەمامی هەمەجۆر دەنێژێت، بەشێکی زۆری ئەو نەمامانەی لەودارستانانەدا دەڕوێنرێت نەمامی درەختی کاڵیتوس، کازۆرینا وسەروبەرە، وەبەشێکیش درەختی بەردزاە..

بەڕێوەبەری ناوبراو تووێتی.. بەهۆی چەند مەبەستێکەوە ئەوزەوی وزارانەدەکرێن بەدارستان: یەک لەبەر پەیداکردنی سەرچاوەیەک بۆ داروتەختەو هەندی شتی تر کە زۆر لە پیشە سازیەیە نیشتمانێکان لێکن لە وڵاتدا پێویستیان پێەتی وە لە لایەکی ترەوە ئەو ناوچانە دەرازێنێتەوە کە شوێنەوارەکانی تێدایە بەوە ئەو ناوچانە وایان لێدێت کە بۆ جێگایەکی گەشتو گوزاری و سەیران تا دەست بدەن، وە لە لایەکی تریشەوە ئاووهەوای ناوچەکەی بێ خۆش دەبێت بەوەی بەری ڕەشەباو ئێژەلوک دەگرێت، وە ئەوەی زۆر ڕنجە وپێویستە باسی کەین لە ناوچە شاخاوی و شوێنە لێژە کاندا ئەو دارستانانە زەوی لە ڕادان دوور دەخاتەوە..

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستانەکان ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە لە مانگی داهاتوودا (٣٥٠) تەن خەڵوز بەرهەم دەهێنێت، کە ئەم خەڵوزە بەشێک لە پێویستی وڵات پردەکاتەوە..

وە وتوویشیتی کە بودجەی ئەمسائی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە زیاترە لە پێنج ملیۆن دینار..

کردنەوەی چەند مەڵبەندی قەلاچۆ کردنی نەخۆێندەواری

ئەو لێژنەی تایبەتیەی لە پارێزگای (ئەلموسەنادا) دەربارەی ڕیوشوێنەکانان بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری پێک هاتبوو.. پلانێکی داناوە بۆ کردنەوەی چەند کۆرێکی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری لەپارێزگاکەدا.. کۆرەکان بەگوێرەی زۆرو کەمی دانیشتوان بەسەر ناوچەکاندا دابەش ئەکرێت.. بەوپێیە لێژنەکە بڕیاری داوە کە ٤٠ کۆر بۆ پیاوانو ٧٠ کۆریش بۆ ئافرەتان بکرێتەوە.

واچاوەڕوان دەکرێت ئەو کەسانەی لەو کۆرانەدا فێری خوێندەواری دەکرێن ژمارەیان بگاتە ٨ هەزارو ١٠٠ کەس.. ئەوکۆرانەی تا ئێستا لە پارێزگاکەدا کراونەتەوە ژمارەیان گەیشتۆتە ٥٨ کۆری پیاوان (٧٤)ی ئافرەتان، لەو کۆرانەدا ١٨٩ مامۆستا دەرسیان ئێدادەلێتەوە.

پڕۆژەی ئامادەکردنی چوولم وبەرد

وەزارەتی پیشە سازی بە کۆمپانیای ئامۆزە نیشتمانێکانی ڕاگەیاندووە، کە لە هەندێک ناوچەی وڵاتدا چەند پڕۆژەیەکی چوولم و بەرد بەرهەم هێنان جێبەجێ بکات، بەمەرجێک سەرجەمی ئەو پڕۆژانە لە ٤٢ ملیۆن ٦٧١ هەزار دیناریان پتر تێنەچێت.

ئەو پڕۆژانە بڕێتین لە دامەزراندنی هەشت کارگەی چەو لەچەند جێگایەکی وڵاتدا، وە پڕۆژەی شوشتنەوەو پاکژ کردنی لم لە حەبانیە بەوزەی ٦٠٠ هەزار مەتر موکەعەب لە ساڵێکدا، وە پڕۆژەیەکی لەهەمان جۆر لەپارێزگای کەربەلا بەوزەی ملیۆنێک مەتر موکەعەب لە ساڵێکدا، وە دوو پڕۆژەش لەبەسرا بەوزەی ملیۆنێکو ٥٠٠ هەزار مەتر موکەعب لەساڵێکدا.

وە لەو پڕۆژانە، پڕۆژەیەکی بەرد دەرهێنان لە پارێزگای ئەنبار بەوزەی ١٠٠ هەزار مەتر موکەعب لە ساڵێکدا، لەگەڵ پڕۆژەیەکی بەرد بڕینەوەلە هەولێر، وە دوو پڕۆژەی بەردبڕینەوە لەپارێزگای سلێمانیدا لەگەڵ دامەزراندنی سێ کارگە لە پارێزگای نەینەوادا، ئەو کارگانە لە بەسەرو تەلەعفەرو بەرتەللەوسنجاردا دابەش ئەکرێن.

دوو ملیۆنو ٨٣٤ هەزار دینار بۆ پارێزگای میسان تەرخان کراوە وە ٥٠٠ هەزار دیناریش بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەخشەو هەندەسە دانراوە، وە ملیونێک و ٢٤٠ هەزار دینار بۆ بەروەبەرایەتی کاروباری ئاوکارەبای بەسرا تەرخان کراوە، وە ٦ ملیۆن و ٨٢٠ هەزار دینار بۆ (مصلحە نقل الرکاب) تەرخان کراوە، وە بۆ (مەسلەحەی مەجاری) ٥٠ هەزار دینار تەرخان کراوە وە ٢٥٠ هەزار دیناریش بۆ بەڕێوەبەرایەتی پڕۆژەی ئاووکارەبا تەرخان کراوە، لەو بودجەیە ٣ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دینار تەرخان کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەخشەو هەندەسە دانراوە، وە ملیونێک و ٢٤٠ هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاوکارەبای بەسرا تەرخان کراوە، وە ٦ ملیۆن و ٨٢٠ هەزار دینار بۆ (مصلحە نقل الرکاب) تەرخان کراوە، وە بۆ (مەسلەحەی مەجاری) ٥٠ هەزار دینار تەرخان کراوە وە ٢٥٠ هەزار دیناریش بۆ بەڕێوەبەرایەتی پڕۆژەی ئاووکارەبا تەرخان کراوە وە ٥٠٠ هەزار دیناریش بۆ بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی شارەوانیکان تەرخان کراوە، لەو بودجەیە ٣ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دینار تەرخان کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەخشەو هەندەسە دانراوە، وە ملیونێک و ٢٤٠ هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاوکارەبای بەسرا تەرخان کراوە، وە ٦ ملیۆن و ٨٢٠ هەزار دینار بۆ (مصلحە نقل الرکاب) تەرخان کراوە، وە بۆ (مەسلەحەی مەجاری) ٥٠ هەزار دینار تەرخان کراوە وە ٢٥٠ هەزار دیناریش بۆ بەڕێوەبەرایەتی پڕۆژەی ئاووکارەبا تەرخان

***

٨٣ ملیۆن دینار بودجەی وەزارەتی شارەوانیە

ئەو پارەیەی وەزارەتی شارەوانی بۆ بودجەی نۆ (٩) مانگی داهاتووی خۆی دانیاوە، خۆی داوە لە ٨٣ ملیۆن و ٦١ هەزار دینار.. سەرەتای ئەم بودجە نۆمانگییەی وەزارەتی شارەوانی لە مانگی نیسانی داهاتوێوە دەست پێ دەکات و لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمدا کۆتایی دێت..

ئەم پڕۆگرامە نوێیەی وەزارەتی شارەوانی بۆ ئەوەیە کە بەیەکێک لە هەرە پڕۆگرامە گەورەکانی دەدرێتە قەڵەم.. وەزارەتی ناوبراو لەم پڕۆگرامە نوێیەیدا بایەخێکی گەورەی داوە بە پڕۆژەی ئاوو خزمەت گوزاریوزۆرکردنی ئۆتۆمبیلو مەکینەو خانوو دروست کردن، لەگەڵ ڕێگاوبان دروست کردنو قیرتاو کردنی شەقامو جادەکانو زێراب دروست کردن.. ئەو پڕۆژانەی لەپڕۆگرامی تازەی وزارەتی شارەوانیدا بەیان کراوە بڕێتیە لە تەرخان کردنی ٥٨ ملیۆن و ٧٠٦ هەزار دینار بۆچێ بەجێ کردنی پڕۆژەی شارەوانێکانی پارێزگاکانی وڵات.. لەوبارەیەوە چوار (٤) ملیونو ٥٣٤ هەزار دیناری بۆ شارەوانی پارێزگای بەسرا تەرخان کردوە، وە (٣) ملیۆن ٨٣٣ هەزار دینارێشی بۆ شارەوانی پارێزگای کەرکوك شارەوانی پارێزگای کەرکوك تەرخان کراوە بۆ شارەوانی پارێزگای زیقارێش (٥) ملیۆنو ٢٦٥ هەزار دینار تەرخان کراوە وە بۆ چێبەجێ کردنی پڕۆژەی دیزاینی و دانانی هێڵی گواستنەوەی کارەبا لە شارەوانی کەرکوك (٢) ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینار تەرخان کراوە.

کانی شارەوانی پارێزگای واست (٣) سێ ملیۆنو ٩٠ هەزار دینار دانراوە، وە (١) ملیۆن ٤٠٥ هەزار دینارێش بۆ شارەوانی پارێزگای بەغدادخراوەتەلاوە (٣) ملیۆن و ٣٦٥ هەزار دینارێش بۆ پارێزگای دیالە تەرخان کراوە، ٤ ملیۆنو ١٥٣ هەزار دینارێش بۆ شارەوانی پارێزگای کەربەلا تەرخان کراوە لەو پارەیە وەزارەتی شارەوانی سێ ملیۆنو دیناری بۆ پڕۆژەکانی شارەوانی پارێزگای ئەنبار تەرخان کردووە.. (٣) ملیۆنو ٥١٩ هەزار دینار دیناریش بۆ پڕۆژەکانی شارەوانی پارێزگای قادسیە تەرخان کردووە.. لەبودجەی نۆمانگیکەی وەزارەتی شارەوانی سێ ملیۆنو ٩٧٥ هەزار دینار تەرخان کراوە بۆ پڕۆژەکانی شارەوانی پارێزگای سلێمانی وە دوو ملیۆنو ٢٥ هەزار دینار بۆ شارەوانی پارێزگای دهۆك تەرخان کراوە، هەروەها ١١ ملیۆنو ٥٩٥ هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای هەولێر تەرخان کراوە.

ئەو بڕە پارەیەی وەزارەتی شارەوانی بۆ بودجەی نۆ (٩) مانگی داهاتووی خۆی دانیاوە، خۆی داوە لە ٨٣ ملیۆن و ٦١ هەزار دینار.. سەرەتای ئەم بودجە نۆمانگییەی وەزارەتی شارەوانی لە مانگی نیسانی داهاتوێوە دەست پێ دەکات و لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمدا کۆتایی دێت..

ئەم پڕۆگرامە نوێیەی وەزارەتی شارەوانی بۆ ئەوەیە کە بەیەکێک لە هەرە پڕۆگرامە گەورەکانی دەدرێتە قەڵەم.. وەزارەتی ناوبراو لەم پڕۆگرامە نوێیەیدا بایەخێکی گەورەی داوە بە پڕۆژەی ئاوو خزمەت گوزاریوزۆرکردنی ئۆتۆمبیلو مەکینەو خانوو دروست کردن، لەگەڵ ڕێگاوبان دروست کردنو قیرتاو کردنی شەقامو جادەکانو زێراب دروست کردن.. ئەو پڕۆژانەی لەپڕۆگرامی تازەی وزارەتی شارەوانیدا بەیان کراوە بڕێتیە لە تەرخان کردنی ٥٨ ملیۆن و ٧٠٦ هەزار دینار بۆچێ بەجێ کردنی پڕۆژەی شارەوانێکانی پارێزگاکانی وڵات.. لەوبارەیەوە چوار (٤) ملیونو ٥٣٤ هەزار دیناری بۆ شارەوانی پارێزگای بەسرا تەرخان کردوە، وە (٣) ملیۆن ٨٣٣ هەزار دینارێشی بۆ شارەوانی پارێزگای کەرکوك شارەوانی پارێزگای کەرکوك تەرخان کراوە بۆ شارەوانی پارێزگای زیقارێش (٥) ملیۆنو ٢٦٥ هەزار دینار تەرخان کراوە وە بۆ چێبەجێ کردنی پڕۆژەی دیزاینی و دانانی هێڵی گواستنەوەی کارەبا لە شارەوانی کەرکوك (٢) ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینار تەرخان کراوە.

institut kurde paris

شیوەنێک بۆ بۆجە مالێ جوانمەرگ

ڕۆڵە ڕۆیشتی، تەمەن هەژدە ساڵ
بۆ دنیای مردن دات لەشەقڵەی باڵ
زۆر بەهیوا بووی بگەیتە ئاوات
داخی بەجەرگم ڕۆژت دوایی هات
شەش حەوت ساڵێکە بەدەم دەردەوە
ئەنالێ، تامەرگ تۆی جیاکردەوە
هەر لەمانەوە بۆ خەستەخانە
دنیام زیندانی دوای جەمال گیانە
هەوچی ئەتناسێ بۆت خەفەتبارە
بۆ جوانەمەرگی تۆ لێو بەبارە
فرمێسک ئەباری لەسەر وێنەکەت
وەک پەڵەی پایز لەچێو شوێنەکەت
ڕۆڵەی خێر نەدیو، ئەی تازە نەمام
زۆو بەجێت هێشتین، دڵشکاو، ناکام
هەرچەند ئەبینم وێنەی شیرنیت
ئەکولێتەن گەرمەبرینت
دەردەکەی سنگت پەلکێشی کردی
کوێرایم دایە ئاخری مردی
بێ وەبڕوو ڕەنجۆ هەوڵو تەقەڵا
ڕاپێچی کردی لافاوی بەڵا
ڕەوشتی جوانت نێزرا لە گڵا
نەء نەء ڕۆڵەگیان، لەدووتوێی دڵا
هیچ خۆشیت نەدی تۆلە دنیادا
مردن هات خونچەی لاوی بەبادا
ڕۆڵە ئێمەش دێن بەشوین کاروانا
کاروانی مەرگی ڕێی پیرو جوانا
دڵەی کۆست کەوتووی گڕ تێبەربوومان
وێڵە بۆ شێوەی ڕۆڵەی مردومان
ڕۆڵەگیان دوعای باوکت وەهایە!
جیگات بەهەشت بێ لەلای ئەوخوایە

باوکی کۆستکەوتوو
شیخ هادی شیخ حەسەنی پشدەری

تێکەڵە لە گۆڤاری بەیانەوە

لەبەر ئەوەی نیازی جزوبەندکردنی هەموو ژمارەکانی (بەیان) مان هەیەوژمارە (١)ی تشرینی ساڵی ١٩٦٩و ژمارە (٢)ی شوبات و (٣)ی نیسانی ١٩٧٠مان ناتەواوە، چونکەلەسەرەتاوە (بەیان) لای نەبووە چەند گەڕانێکی بەدوای ئەو ژمارانەدا بۆمان نەدۆزرایەوە، تکایەکی گەرم لە نووسەران وخوێنەرانی بەڕێز ئەکەین دیاریەکی دەستیان ئەگەرەهەیانە، ئەو ژمارانەمان بۆ ڕەوانە بفەرموون بەناونیشانی (بەغدا - شارع الجمهوریە - ساحە الخلانی - دار التضامن للطباعە والنشر الکردیە - بەیان) مایەی پێزانینێکی تەواو قوول ئێمەش ئامادەین بۆ پێشکەشکردنی پاداشت.

جەمال بابان
سەرۆکی نووسینی گۆڤاری بەیان

عێراق لە کۆبونەوەی ڕێکخراوی بازرگانی دەوڵەتانی بەشدار ئەبێ

ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٠ی ئەم مانگە وەفدێک بەغداوە بەڕەو جنیف کە زێبێ، بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی خولی هەشتەمی ڕێکخراوی بازرگانی (الانکتاد) سەربە نەتەوەیەک گرتۆکان. کۆبوونەوەکانی ئەوڕێکخراوە تاکو ڕۆژی ٧١ی ئەم مانگە بەردەوام ئەبێت و لە مەودای خاوی وڵاتانی نا ڕێکخراوەکە دەکۆلیتەوە.

یەکەمیان وزەی بەرهەمی سالانەی ١٠٠ هەزار مەترە موکەعەب دەبێت، دووهەمیان هەروەها وزەی بەرهەمی سالانەی ١٠٠ هەزار مەتر موکەعەب بەرد دەبێت، سێهەمیشیان وزەی بەرهەمی هەربڕەدەر ئەوانی تر دەبێت، ئەمە بیجگە لە کردنەوەی دوو پڕۆژەی بەرد بڕینەوە لە بەرتللەو سنجاردا کە هەریەک لەو دوو پڕۆژەیە وزەی بەرهەم هێنانی لەساڵێکدا ٤ ملیۆن بەردی خشتکراو دەبێت.

***

مەهاباد



مەتین

چەند دەقیقە لەوەی پێش‌نەبووم ببوومەوە ئەو لاوە تازە پێگەیشتوەی ٣٠سی ساڵ پێش کە سۆفیگەری سیاسیم دەکرد کە بەچاوی برایانە تەماشای هەموو کچە کوردێکم دەکرد . ئیدی بە چاوی هەوەس تەماشای ئەو ژنە جوانەم نەدەکرد . وەک خوشکی خۆم دەهاتە پێش چاو حەیف‌ئەو نەیهێشت زۆر بەپاکی بمێنمەوە . وەک هەموو ژنێکی بە پرسیار لێی پرسیم : « مامە خەڵکی کوێی ؟ » بە درۆ جوابم داوە . درۆ کەم هیچ زیانی بۆ ئەو نەبوو ، بەهاسانی بڕوای خەیاڵی بەخەیاڵ لەبن ئەم تاقە دارەوە فڕیم‌و لەبن تاقە دارەپیرەکەی مەحمود کانیێ نیشتمەوە . لە پرشتیکم وەبیرهاتەوە کە لە مێژ ساڵە نەلێی دەترسم‌و نەبێری لێ دەکەمەوە . « مردن » ئەو شتەی پیاوە هەرەئازاکان لێی تۆقیون ئارەزووم کرد پاش مردن لە بن ئەو دارە بنێژرێم . هەودای خەیاڵم پسا ، هاتمەوە سەرخۆ ، بەخۆمدا شکامەوە و رەخنەم لە خۆم‌گرت‌و گوتم : « ئەوە چ ئاواتێکە مەگەر ئەتۆ نەبووی دەگوت پاش مردن پیاو هەر چۆنێک بنێژرێ و لەهەر جێگایەک بشاردرێتەوە فەرق ناکا . تەنانەت دەتگوت‌هەق نیە مردوو زەوی لە زیندوان داگیربکا . ئەگەر لەباتی هەر مردوێک نەمامێک بنیژرێ‌و کەلاکی مردوەکە بسووتێزێ‌و خۆلەمێشەکەی لە بن داران بکرێ تایێی بە قەوەت بن خزمەتی مرووفایەتی زیاتر تردایە . » جوابی خزم داوە ، راستە من وام‌گوتوەو ئێستاش پاش ئەوەی بەلێرەوارەکانی کوردستان دا گەڕاوم‌و ئەو راستییەم بۆ روون بۆتەوە کە بەداخەوە مردووکان لە زیندوگان باشتر دارستانە‌کوو ئاوەدانن ، بەڵام من نەمدا ، بەڵام من چاوێکی گریارانە بەڵکە بێ شەرمانەم بەسەر تاپا خواری دا گێڕا . هیچ ئەندامی لەشیم نەبوارد . دەڵین بەندەی بێ عەیب نیە ، بەڵام من نەمتوانی هیچ عەیبی لێ‌بگرم . دەرفەتم هەبوو تێی‌فکرم . من لە رۆژین دا پەلە ناکەم ، دەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەیدە توانی بەجێم‌بێڵی . چونکە دەستی کچێکی پچووکی زۆر رەزا سووک‌و ژیکەڵەو پاک‌و خاوێنی بەدەستەوە بوو پێ‌بەپێی ئەو دەڕۆیشت .

پشیلەیەکی سوور بەڵەکی کوڵکن‌و قاچەو ڵ مالێک هاتەدەر دیار بوو خۆشەویستی کابانە ، تێرو تەسلە ، جێی گەرمەو پاروو نەرمە . کلکی قەف کردو بەفیز راوەستاو لووتی بەرز کردەوە . لە پڕ کچەکە دەستی ژنە جوانەکەی بەردا رای‌کردێ . پشیلە نەبزوت ، دەیزانی پەنجە نەرمو نوێەکانی ژ و کیژە نازدارە نازاری نادەن .

ژنەکە وە پەلە کوت بە دەنگیکی زۆر ناسک‌و خۆش هەرای‌کرد . ناوێکی ئەوەندە خۆش‌و پیرۆز یاهیچ نەبێ بەلای منەوە خۆش‌و پیرۆزی بەزار دا هات کە وەک بروسکە لێم بدا لە چرکەی خزم وشک بووم . بەچاو تروکانێک نیزیکەی نیو چەرخی زیانم زیانی پڕ لە تاڵ‌و سوێری بەسەر پڕ لە رەنج‌و کوێرەوەری ، پڕ هەورازو نەشیوی خۆم وە بیرهاتەوە . « کوێم بەهەڵەی نەبیست ؟ » بۆ پرسیارێک بوو لە خۆم کرد . بەڵام شۆڕە ژنەکە نەیهێشت چی دی دوو دڵ بم . دیسان هەرای کرد کوتی : « مەهاباد ! » رۆڵە مەچۆ ، دەترێ . » ئیتر خۆم پێ نەگیرا وەک شێتان رامکرد . پشیلەکە لە بەر من هەڵات ، کچەکەم لە ئامێز گرت‌و تێر تێر ، ماچم کرد . باش بوو ئەو فریشتە پاکە لێم نەترساو نەگریا ، بەسەیرەوە چاوە جوانەکانی لە چاوم بڕی . دایکی بە زەردەخەنەیەکی پەریانەوە ، لێم نیزیک بۆوە ، باوەشی بۆ کچەکەی کردەوە ، پێی گوت « شەیتان » . ئەو جار بەزمانی خەڵکی شارەکە سوپاسی‌منی کرد بە کوردی گوتم : « من سوپاسی تۆ دەکەم کە ناوی وا شیرینت لە کچەکەت ناوە . »

ئیتر ئەو پیرە هەوسبازەی سیسەو سێ ئاشانم وەک خۆیان بەردەیان گوتوە « سنگ‌صبور » بەدی نەدەکرا . هەتاوی بێ‌تشکو تین وەک تەشتێکی پڕ لە خوێن لە ئاسۆیەکی دوورە دەست بەرەو ئاوا دەچوو کێ دەیزانی ئەوڕۆ لەو دنیای پڕ شەپۆ کێشەدا خوێنی رژاوی چەند کەسی بێ‌تاوانی دیوە ، نالەی چەند بریندارێ بەجێ ماوی‌بیستووە؟

جگەرێکم داگیرساند ، بە جادە دا ڕۆیشتم . ئەوندەی با نەدەهات دووکەڵی سیغارەکەم رارفێنێ‌و گەڵای دارەکانی ئەم بەر ئەو بەری جادە ببنرێوێ . لام دا کۆلانێک ، لە جادەکە ئاراستروبێ دەنگتر بوو . چەند ژن بە جلکی ماڵیەوە لە بەردەرکێک لێک هاڵا بوون ، هەڵدەدەر قسەیان دەکرد ، قاقا پێدەکەنین ، بە کێ ؟ بە چێ ؟ بوچی ؟ نازانم . بەڵام خۆ هەموو کەس وەک من ئێواران خەمبار نیە . تا پتر هەڵدەکشام بێدەنگی زیاتر دەبوو ، سەگێکی گەڕۆکی وڕیاو قسوت‌و ڕەوەک کلکی لە ئەڵۆزی گرتبووو ملو مۆی دەکرد . قەڵەڕێکی گەورە لەو لاتر لەسەر چینچکان هەڵتروشکابوو ، ئوێ‌ی خشت پڕابوون ، پیرو کەنەفت بوون ، لەبەر لاوازی هەموو پەراسووی دەبڕێدران . لە مبەزی بۆزی‌و بناگوێ نیێچاوانی شینینی ژنە بریناپی پێوە بوو . دیار بوو ڕۆژگارێک دڕو شەپانی بووە ، دێڵە بەبای لە گەمااڵن بڕیوەتەوە . بەچی مەعلووم گورگی نەخنکاندوە ، هێلکەو ڕۆن‌و کولیچەی نەخواردەوە خۆشەویستی‌خاوەنەکەی ، بەڵام کە لە ڕەوکەوتوەو گەلاکی داوە ، ئینسانی بێوەفا بەرەڵڵای کردوە ؟ چاوە پڕووشەکانی لەسەر یەک دانابوون . دەتگوت بیر لەسەر دەمی گوجووکی‌و جێڵەی خۆشەویستی‌و بەدەستەلاتێ خۆی دەکاتەوە تێی‌ڕامام ، زگم پێسووتا . خەمی ئەویش بوو بەسەر باری خەمانم .

ژنێک لە پێچی کووچەیەک وەدەرکەوت ، ژنکی شۆخ‌و شەنگ ، جوان‌و چەڵەنگ ، کۆک‌و پۆشتە ، قژەردو چاو کاڵ‌و سوورو سپی‌و ڕوومەت پان ، باڵا بەرزو بەژن باریک . مەمکە خڕەکانی بلوزە تەنگ‌و تەنکەکەی هەڵدا بوو . بەڵەنجەو لار دەڕۆیشت . ئەو هیچ ئاوڕی

گۆشەی هونەر و ئەدەب



منیش هەر وەک کەسانی تر دەنگی زوڵاڵی حەسەن زیرەک کاری تێ کردووم .. هەموو ئێوارەن کاتێ سەر لە نوسین هەڵ ئەگرم‌و دەست ئەکەم بە پشودان .. گۆرانیەکانی خۆیان ئەکەن بە مایکرۆفۆنی‌گوێم‌و ئەلەرێنەوەو مێشکم زاخاو ئەدەنەوە ودڵم ئارام‌ئەبێتەوە .. جار جارەش خەریک ئەبم ئەکەومە جم‌وجۆڵ‌و چەپڵە لێدان‌و هەڵ پەڕین‌و لاسایی کردنەوەی . جاری واش هەیە ئەمانەم هەموو نە بیر ئەباتەوە ئەم باتە دونیایەکی پڕ لە خەم‌و ئازاوە هەست بە خەمگینی ئەکەم‌و فرمێسک لە چاوەکانما قەتیس ئەمێنێ ..

بەڵی شەوان نەم ئەوێراگوێ لە گۆرانیەکانی ڕابگرم باوکم هەموو جارێک لە گەڵم ئەکەوتە پرتەپرت‌و بۆڵە بۆڵ چونکە ئەو تەنها لاوک‌و حەیرانی‌پێ خۆش بوو جار جاریش گوێی لە دەنگ‌و باس ئەگرت .. شەو شەوی هەینی بوو هەموومان لەژووڕە بچووکەکەی‌خۆمان دانیشتبوین .. ماوەی خولەکێکی مابوو گۆرانیەکەی‌حەسەن زیرەک لە ئێستگەی بەغدا دەست پێ بکا هەر زووبە پەلە پەل ڕادیۆنەکەم هێنا دەرو خستمە سەر بەغدا هەر ئەوەندەم زانی گۆرانی دەچمە سەر نالەشکێنێ لە گۆێمازرنگایەوە منیش دەنگەکەم زیاد کرد تا زیاتر بم هێنێتەجۆش‌و خرۆش‌و دڵم نارام بکاتەوە .. بەڵێ دڵیشم هەرلە لای باوکمەوە بوو ئا خۆ کەی ڕادیۆنەکەم لێ ئەکوژێنێتەوەو دڵم بریندار ئەکا .. هات .. کوڕە هات . بەخوا ئەم شەوە ئەڵێی کەڕە . دەک خوایە ئاوا لێی گەڕێی . گۆرانیە کە چی وای نەمابوو تەواو ببێ هەر ئەمەندەم زانی باوکم هەڵسایەوە سەر پێ‌و هەر زوو ڕادیۆنەکەی گرتە دەست‌و بە زەوی دادا منیش ووتم :

— بابە بۆ وات کرد ئەم‌ڕادیۆنەت بۆ شکاند بە خوای جارێکی تر گوێت لە نرکەی‌نابێتەوە باشە مادام قینت لە حەسەن زیرەکە بت کوژاندایەوە .

— ووسبە هەتیو نیگبەت‌هەمووی خەتای تۆیە ئەمە چیە هەموو ڕۆژێک هەرحەسەن زیرەک .. ؟

— بەخوا بابە هەر بۆحەسەن زیرەک ئەبێ ڕادیۆنێکی تر هەر بکڕی تازە ئەمە هەر چا نا بێتەوە .. چاکیش بێتەوە وەک خۆی نابێ .. دەبێ بە دوعا ڕابگیرێ ..

باوکم ئەمەندە چاووی لە ڕادیۆنەکە بوو خەریک بوو لە ڕقان شێت بێت .. چی وای نەمابوو دەست بکا بە کوتانم وچینێکم لێ‌دا ، بەڵام خوا کردی دایکم لە دوور ڕاهات‌و دەستی گرت‌و ووتی :

— دەی دەی پیاوەکە مااڵی دونیایی چیە هەر چرکەیەک کوڕەکەمان ساخ بێ هەزار دینارێ دێنێ ..

بەم ووتانە باوکم لە کەڵی‌شەیتان هاتە خوارەوەو دڵی نەرم بوەوە .. ئینجا هەمووەمان بە بێ دەنگی لە ژوورەکەمان دانیشتین . دیسان‌خەریک بووم دەکەوتمەوە نار شەپۆلی بیر کردنەوە .. باشە باوکم بۆ ئەم ڕادیۆنەی شکاند خۆ ڕادیۆنەکە بە یەکجاری‌زمانی گیرا .. بەڵی ئەگەر قسەی بکردایە هەر ڕاست‌حەسەن زیرەک هاواری ئەکردو ئەی ووت .. ئەی هاوار تەنها دەنگەکەم ماوە ئەویشم لێ ئەمرێنن .. تا ئەهات‌حەسەن زیرەک ئەهاتە خەیاڵم‌و ئەی ووت باوکت دەنگەکەشم‌لێ ئەمرێنێ .. بۆ قینی لە من ئەبێتەوە .. چاکە بەخۆم مردم نەکەوتمە ژێر دەستی یەکێکی وەک باوکت .. تا ئەهات هەستم بە ناخۆشی ئەکرد تا لە ناکاو دەنگم‌بەرز کردەوەو هاوارم کرد :

— نەخێر .. حەسەن زیرەک نەمرە .. گەرچی خۆشی مردوە بەڵام دەنگەکەی هەر ئەمێنێ .. نامرێ .. نەء .. نامرێ دایکیشم هەڵسایەوەو ووتی :

— چیە ڕۆڵە ئەمە شێت‌بووی .. بۆ وا ئەقیژێنی ..

— نەخێر دایە شێت‌نەبوومە .. ئافرە چۆن یەکێکی وا ئەمرێنن کە گەڵەکەمان پێویستیەتی بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکەین نەبوومە .. ئاخر چۆن

— سابیر رەشید —

ئەم گاڵتە پێ‌کردنە بۆ !

نەریمان

منداڵ کە پێ ئەنێتە قوتابخانەخوێندنەوەو نوسین نازانێت لەسەرخۆ ساڵ بەساڵ شت‌فێرئەبێت ، قوتابیەکی‌سەرەتایی لەریزی قوتابیەکی ناوەندی‌دانیەلە مەیدانی نووسینیشدا ئەوی تازە دەستی دابێتە قەڵەم وەک‌ئەو کەسە نیە کە دەپانزە ساڵە نەنوسێت ، چۆن قوتابی چاوی‌لە دەم مامۆستایە هەروەها نوسەری تازە قەڵەمیش چاوئەبڕێتە ئامۆژگاری نوسەرانی هەڵکەوتوو ، مامۆستا بۆ ئەوەی‌قوتابی فێرکات ئەپێ دڵ‌و دەروونێکی فراوانی هەبێت دەمارگرژی‌و تورەیی‌و گاڵتە پێ‌کردن ئەو قوتابیە لە مامۆستاوقوتابخانەدوور ئەخاتەوەو تۆوی ڕقو کینە لە دڵی قوتابی‌ئەچێنێت ، نوسەری تازە قەڵەمیش ئەبێ هان بدرێ ، ڕێزی بگیرێ‌و ڕێگەی پیشان بدرێ ئەگەر بەم چەشنە معاملەی‌لەگەڵدا نەکرێ‌و سەرباری ئەمەش تەوزو گاڵتەشی پێ‌بکرێ‌ئەوا بەچاوێکی پڕ نەفرەت بەدڵێکی شکاوەوە تەماشای ئەوئەدیبە ئەکات کە لەلاپەرەی ئەم ڕۆژنامە یا گۆڤارەدا بەبێ‌قەدری‌ناوی هێناوە .

ڕۆژنامەی هاوکاری بەریزئەمە پێنج ساڵە لە کۆڕی خزمەتدایە‌و بەریکوپێکی هەموهەفتەیەک بڵاو ئەکرێتەوە ، لەم ڕۆژنامەیەدا زیاتر نوسەرانی‌سااڵنی هەفتا کەرەستە بڵاو ئەکەنەوە بەڵام لەم دوایی‌یەداسنوری لەوە زیاتر فراوان بوەتەوە ، مەرج نیە هەرنوسینیک بۆ هەر ڕۆژنامە یا گۆڤارێ نوسرا بڵاوبکرێتەوە ، ئەو نوسینە ئەگەر لەگەڵ‌ریبازو دروشمی ئەو ڕۆژنامەیە یەکی‌نەگرت ئەوا بڵاو ناکرێتەوەو ئەگەر گۆشەیەکی تایبەتی‌هەبێت ئەوا هەڵی بڵاو نەکردنەوەکە لە قاڵبێکی پوختوبێگەردا ئەخرێتە ڕووو لە هەمان کاتدا ئاراستەی ئەو تازەقەڵەمە ئەکرێ بۆ ئەوەی لە کەلەبەری خۆی بگات‌و هەوڵی‌چارەسەرکردنی بدرێت .

ئەوی لەبەرچاوبێت گۆشەی (پۆستەی خوێنەران) لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا جاربەجار بە تەوزو گاڵتەوە وەڵامی نوسەران ئەداتەوە سەرڕای‌ئەوەی ئەو پۆستانەی بۆ ئەم ڕۆژنامە یەت هەموی بەکوردی‌یەوا هەست ئەکرێ بەریوەبەری ئەم گۆشەیە لە کوردی ناگات‌وەیا هەر بۆ تەوزو لاقرتی پلار بەو نوسەرە بەڕێزانە ئەگرێت‌فەرموا چەندنمونەیەکتان لەو بابەتە بخەمە بەردەست :

— قوربان هەسەلەکە زۆری‌ماوە منو جەنابتان لێی‌تێ‌بگەین ژمارە (٢١٥) .

— با منو تۆ بە کوردیەکی‌ڕەسەن بنوسینو بخوێنینەوە (٢٣٧) .

— خوا عەلیمو خەبیرە لەەبەستەکەت نەگەیشتین (٢٥٠)

— بەداخەوە لەناوەروکی‌شیعرەکان نەگەیشتین (٢٤٩) .

— بۆ قوڕەتی خوا نەمزانی‌هەبەستت چیە (٢٥٠) .

وا دیارە هزی ڕەتکردنەوەی‌هەندێ نوسینیش ئەمەیە کە لە هەردرو دیوی‌کاغەزەکە نوسراوەلێرەدا کاکی بەڕیوەبەری (پۆستە) لە هەندێکی ئەبوری‌وبەسەر هەندیکیشیانا تێ‌ناپەڕی تا پلاریان تێ نەکرێ وەکو ئەم وەڵامانە .

لەسەر ڕوویەکی قاقەزەکەبنوسە (٢٤٨) .

قەیناکا لەسەر هەردو دیوی‌قاقەزەکەی نوسیوتە بەڵام بەم جۆرە بڵاوی بکەینەوە گلەییمان‌دێتە سەر (٢٤٨) .

تۆ لەوە بگەڕی کە لە سەرهەردوو دیوی قاقەزەکەت نوسیوە ڕەنگە لای ئێوە قاقەززۆر گران بێ (٢٤٩) .

ئەمیش بابەتێکی تڕە لەوگاڵتەو گەپانە کە بەسەر نوسەری بەڕێز داشکاوە :

— پارچەیە گیان گوایە نەدەبی‌تازەیە (٢١٥) .

— کورد شاعیری یەکجارزۆرە ئەگەر ببی بە چیرۆکنوس باشتر ئەتوانی خزمەت بکەی(٢٣٧) .

— بێقەزابی لە ئێستاوەفۆلکلۆر کۆبکەیتەوە ئەی دوو ڕۆژیتر ئاخۆ چیمان بۆ ئەنێری(٢٤١) .

— نازانم لەبارەی شیعرەکەی‌جەنابتەوە بڵێم چی (٢٤٨) .

— نوسیوتە با سەنعاتەکە ڕەزیل‌نەکەین ، ئیمەش ئەلیەین با سەنعەتەکە ڕەزیل نەکەین(٢٥٠) .

گۆشەی «پۆستەی‌خوێنەران»وەک ئەلقەیە کە لە نێوان خوێنەرو نوسەرو ڕۆژنامە ،ئەم‌گۆشەیە پێویستە ببێتە (قوتابخانەیەکی نموونەیی) بۆیێ‌گەیاندن‌و ئاراستەکردنی‌برای نووسەر ، چەشنی وەڵام دانەوەئەبێ بخرێتە قاڵبێکی نەرم‌و نیاو پڕ ئاموژگاری ، پێویستە ڕێزی‌نوسەرانی تازە قەڵەم بگیریت ببرای ببرای گاڵتە بە نوسینەکانیان نەکرێ چونکە (رد فعل)ی ئەو گاڵتە بێ‌کردنە لە دڵودەروونی ئەو نووسەرە پەنگ‌ئەخواتەوەو ئەبێتە گرێ کۆنەئیتر نەک دڵی لە بەرێوەبەری ئەو گۆشەیە ئەتۆری بەڵکو سەدنەفرین لەو ڕۆژنامەو زمانەکەش ئەکات ، هەزار ڕەحمەت لەپێرەمیردی شاعیر کەوەک مامۆستایەکی دەروون ناسەوەئەم تاکە شیعرەی بۆ پەند ووتوە :

قەدری خۆت بگرە بەفەدرزانی
خۆت نەبێ هیچ کەس‌بەسوک‌نەزانی

kurde de paris
institut

گۆشەی ئافرەتان

***
شنە
***

هەروەکو ئاشکرایە کە بلاوکردنەوەی هەموو هەواڵو جیهان‌دا بە هەنگاوی گەورە ڕۆژنامە دەورێکی باڵاو گرنگ چالاکی‌و بزوتنەوەو خەباتی ئافرەتی کورد بچێتە پێشەوە بۆ لەخزمەت‌کردنی هەموو باریکی ئافرەتانی جیهان، وە بۆبەشداری هێنانە دی ئەو ئامانجانەی کە کۆمەڵایەتی‌دا ئەگێڕێ‌و بۆ ئەوەی کردن لە بلاوکردنی بیری ئافرەتائی جیهان هەوڵێ بۆ ئەم ئەرکەی ڕۆژنامەکەمان پێشکەوتوو لەناو ئافرەتانماندا ئەدەن‌و لەپێناوی دا تێ‌ئەکۆشن بەتەواوی‌ببەینەسەرەوە بەنیازی بۆ ئەوەی لە سااڵی ئافرەتانی وە تا ئەو توانا شاراوانەی کە



ئافرەتانی کوردمان‌دا هەیە لە بەخەڵکی بگەێنین‌و ئەو بیرەوڕا نازانستی‌یانە نەمێنن کە ئافرەت بە ئادەمێزادێکی بێ‌توانا دەسەڵات ئەزانن .. وە بۆ ئەوەی ئافرەتانمان لە هەموو کۆڕێکی ژیان‌و خەباتی‌و مرۆڤانەی نەتەوەکەمان دا بەشداربن ئەم گۆشەیەمان بەناوی گۆشەی ئافرەتان لە ڕۆژنامەکەمان‌دا لەم ژمارەیەوە دێتە مەیدانی تێکۆشانەرەتاوەکوو هەموو ئەوبیرو باسانەی‌کە لە ڕۆژنامەکەمان دا دەربارەی ئافرەت بلاوئەکرایەوە بەڕێک‌وپێکی لە گۆشەیێکی هەفتانەدا بلاوبکەینەوە .. جا بەم بۆنەیەوە گۆشەکەمان پێشەوازی زادەی‌بیری پێشکەوتن خوازانەی هەموو ئەو نووسەرانەئەکات ج ئافرەت کە دڵیرانە . بۆ داکوکی‌کردن لەسەرئافرەت‌و ئامانجە ڕەواکانیان بازویان لێ‌هەڵمالیوە .

- کتێبی هاوکاری -

میژووی ماد

٣.١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
بڕهان قانع لە فارسیەوە
کردویە بە کوردی

- ٤٤ -

ئەوانیش بەهوی سەرکەوتنی دوژمنەکانیانەوە نابودبون و لەناوچون .

گرتیەکان لەو سەرکەوتنەیانا زیاد لە سامان و مال کۆکردنەوە هیچ دەسکەوتێکی تریان بەدەست نەهێنا وە بەم هۆیەوە لە دوای تێکچوونی دەسەلاتیان زوریان پێ نەچو ئەو سامان و مالەش کەکۆیان کردبووەوە لەناوچوون .

هەندێك شوێنەواری هونەری بەدەستەوەیە کە ئەتوانین بڵێین هینی سەردەمی فەرمانفەرمائی گوتیەکانە کە لە ناوچەی دوو روباردا حوکمیان ئەکرد . بێ گومان لە ناو ئەو شوێنەوارانەدا پەیکەرێکی (لاکاشی) سەردەمی (گودئا) (کە دەسەلاتی پلەی هونەری سەردەمی ئاکادەکانی تیابەدی ئەکرێ و سەرکەوتنەکانی سومەریو ئاکادیەکان ئەنوێنێ) یەکێکە لەو شوێنەوارە گرنگانە .

ئیستە لەم کاتەدا نامانەوی لە نووسراوو شوێنەوارە نووسراویەکانی سومەری و ئاکادی بکۆڵینەوە . بەڵام بەکورتی ئەوانەیان کە پەیوەندی بەباندی گوتیەکانەوەیە پەنجەیان بۆرائەکێشین .

بۆ ئەوەی میژووی پیشنیهادە کەمان راستدەرچێ بۆ گومان کەلەسەرێك کە بەرێکەوت لە نزیکی هەمەدان - لەسەرزەمینی ماد - دوزراوەتەوەو دواجار براوەبۆ مۆزە خانەی (برمرگلری) ئەمەریکا لەنیویورك . ئەمە لە شوێنەوارەکانا جێگایەکی تایبەتی هەیە . بە بیروڕای زوربە ئەو پەیکەرە ناوبراوە کە بە ڕای ئیمە سەری یەکێکە لە پادشایانی گوتی ، یەکێك لە ماموستایانی ئاکادی یاعیلامی دروستی کردوە ، وەیان دەسکردی وەستایەکە کە زۆر ئاشنای ئاکادیە کانبووەو شارەزایان بووە ، چونکە لە هەمو ڕوەیکی هونەریەوەتەواو بووە . بەڕای ئێمە ئەم شوێنەوارە (ئەم پەیکەرە) لەنێوان پەیکەرەکانی دوروبار (بین النهرین) لەنیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایینیدا شوێنێکی تایبەتی و بەرزی داگیرکردوە .

پەیکەری کە لە سەری (برمرگلری) وە سەری پادشای ئاکاد لە (نەینەوا) وەیان بڵێین (سەری سارگونی کۆن) وە پەیکەری سەردەمی (گودئا) بەشیکن لەو کۆمەڵە پەیکەرە بچکولانەی ئاسیای ڕوژئاوای کۆن . هەروەکو زانراوە هونەری ناوبراو لە دوای حکومەتی ستەمکاری کە بوو بەهۆی شکاندنی کەسایەتی خەڵك لە ڕۆژهەلاتی کۆنەدا ، ئیتر پیش نەکەوت .

پەیکەری پیاوێك کە دۆزراوەتەوە ئەوە نیشان ئەدات . ئەو پەیکەرە لەروی نژادەوە لە مرۆڤێك ئەچێت کە ئیستاش لە کێوەکانی زاگروس‌دا ئەژین میژەرێکی گەورەیان لەسەرناوە کە نەختێك لە میژەری عیلامیەکان ئەچێت وە لە ژێر ئەوەدا دەستەیەك مووی دیارە . چاوەکانی بادامیە (لە سەردەمی کۆندا لە مادەیەکی تری جیا لە مادەکەی خۆی دروستکراوەو خراوەتە جێگای چاوەکانیەوە) ڕوی پانو گردە ، هەموو نیشانەکانی پیاوێکی تیا دیارە ، ئەم پەیکەرە بە نمونەیەکی هونەری پیشکەوتوی ڕۆژگاری ڕۆژهەلاتی کۆن دائەنرێت . هەروەها لە نەخشی ڕوبەردەکەی (شیخ خان) لەبەشی سەروی ڕوباری دیالە دیسان نمونەیەکی ئەم نژادە کراوەبە پەیکەر .

(أ.ت.ئامی) ئادەم شوناسی فەرەنسایی ئەو پەیکەرە لەگەل ئەو تیپە مرۆڤانەی ئێستا کە لە نیوان ئازربایجانیەکانی ناوچەی (شوشە) ئەبیندرین بەراورد ئەکاتو بەیەك نژادیان ئەزانێت . ئەم تیپە مرۆڤانە لە نیوان (کاسیت)ەکانو کویستان نشینەکانی تری زاگروس‌دا زۆر بوون .

ئەو نەخشە هەلکەندراوە ڕوالەتی پیاوێك نیشان ئەدات کەسەرتا بەئاودامان خۆی داپۆشیوەو میژەرێکی وەکو (کلاوی بابلیەکانی) لەسەرایەو مل‌پێچێکی لە ملی ئالاندوەو تەورزینێکی کردوەبە پشتێنەکەیا ، کە مانێکی بەدەستی چەپی گرتوەو بەدەستی ڕاستیشی خەریکە تیر لە تیردانەکەی دەرئەهێنی (؟) پێی ناوەتە سەرڕوی دوژمنەکەیەو دوژمنەکەی تری لە بەرامبەریەوە دەستی پارانەوەی بەرزکردۆتەوەو داوای لێبوردنی لێ ئەکات . نوسراوێك لەم بارەیەوە لە ڕوی نەخشەکەدا هەیە کە باسی لەشکر کەشی بۆ کیشوەری (زابان) « ؟ » ئەکات وەناوی ئەو کەسە کە پەیکەرەکە هی ئەوە ناوی (لی‌شیر - پیرعینی)یە . کیشوەری (زابان) لە سەر ڕوباری زێی بچوکە لە نزیك (ئالتین‌کپرۆ)ی ئیستاوە .

ناوی ئەو پیاوە ئەگەر ئێمە باشمان خوێندبێتەوە - ئاکادیەیە . لە لەوحەکەی (شیخ خان)دا دەرئەکەوێ کە ماموستای نیگارکیش و نەقاڕ زور دەست ڕەنگین نەبووە : وێنەکە شێوەیەکی ناتەواوی هەیە . هەرچۆنێت ئەم پەیکەرە تاڕادەیەك شێوەی نژادەکەڕون ئەکاتەوە . ئەو نووسراوە لەوە ئەچێ لە دو هەزار سالێ

بروانە ل ٧

ماموستا زندەکی هەنارێ وەهەڵبەستێت

گوشاد کاروان

ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانم یەکێك باسێك یان کورتە باسێك لەسەر ژیانی نوسەری خوالێخۆشبوو ماموستا (زەکی ئەحمەد هەنارێ)بنوسێ . بەڵام بەداخەوە چاوم داهات ئەوەندەی چاوەڕوان بکەم .. منیش قۆڵی خۆم ێ هەڵ کردو لەکون و کاژێڕو ئەولاو ئەملاوو مێژووی ژیانیو چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەوم دەست کەوت .

بەڕاستی ماموستا ناوی خۆی بەخۆوە بوو تا بڵێی ژیانێکی زیرەکی زانا بووزەوقانیو ڕوخۆش بوو نوکتە بازێکی سەیر بوو بەڕاستی دڵسۆزو ڕاست گۆ بوو ..

ناوبراو ئەستێرەیەکی پرشنگدار بوو لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی . لە وەرگێرانو نوسین دەستێکی بالای هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بوو.. بەڵام بە داخەوە زۆربەی هەڵبەستەکانی چاپ نەکراون

خوا لێخۆشبوو لە ساڵی١٩١٩ لە شاری کۆیە لە دایك بووە پاش تەواو کردنی قوتابخانەی سەرەتایی بووە بە مامۆستاو گەراوە تەوەبۆ کۆیە بەڕاستی یەکێك بوو لە پێشەوا ڕاستەقینەکانی بلاو کردنەوەی خوێندەواریو سەدان قوتابی لەژێر دەستی ئەودا فێرە خوێندەواری بونوپێ گەیشتوون .

مامۆستا تا بڵێی زانستوئەدەب پەروەر بوو بە هەموو هێزو توانایکی هانی بلاوبونەوەی زانیاری دەدا ، وەك خۆی دەڵێ :

زەمین پێویستی چەند بەبارانە
زانین بەم پێیە پێویستی گیانەە

لە کاتی گەنجی دا وەك هەموو دڵدارێکی ڕاستەقینە شەیدای دوو چاوی کەژاڵێك دەبێ بەڵام تا دوا هەناسەی بوو بە ئاسێك لە سەر دڵی چونکە هێندەی پێ نەچوو کۆترەی هیوا و ئاواتی دای لەشەقەی باڵو بەرەو شوێنێکی دوور فڕیو لەوێ سەری نایەوەو کۆچی دوای کرد .. هەناریش بە دڵێکی پەستەوە بەچاوێکی پڕ لە گریانەوە هەموو ئێشو ئازارەکانیو ئەم ئاوانەی کردە دیاریەك و بۆ ژێر خاکی برد .. بەڵام بەیادی ئەم خۆشەویستیە یادگاریکی جوانی بەجێهێشت کە خاوەن ئاوازێکی دڵ تەزینە کە پڕ پێستی ئەم دەسکە گوڵە رازاوەیە . مامۆستا لە ماوەی ژیانیدا ئەم بەرهەمانەی پێشکەش کردووە .

١ - گوڵستان - لە فارسیەوە بۆ کوردی .
٢ - دوا ڕۆژی دەئاکێ ژۆردار .
٣ - لە پێناوی ئەویندا - چیرۆك .
٤ - چەند نامیلکەیکی تر .

خوا پشتیوان بێ شعرەکانی دەکەینە پێنجەم بەرهەمی . ناوبراو لە ٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٧دا لە دونیای ڕۆشن چاوەکانی لێکنا.. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکە لە یادگاری خۆشەویستیە دڵگیرەکەی نووسیوە .

جوانییت

جوانیت هەردەم هەر لەهەبوون بێ
ڕوت بە درێژی ساڵ وەکلالە ڕوون بێ
خەیاڵی عەشقت لە سەری ئێمە
هەموو ڕۆژ هەبێ هەر لەژۆر بوون بێ
هەر سەروێ بڕوی لەناوچەمەندا
لە ئاستی باڵان سەری نخون بێ
چاوێ بە خراپە تەماشای تۆ کا
وەك گوهەری سووڕغەرقی خون بێ
چاوت لە ڕێگای دڵڕاندندا
بۆ جادو کردن خاوەن‌فنون بێ

لەهەر کوێ دابێ لە خەمی تۆدا
بزیۆی ئارام لە هاتوچوون بێ
بڵای گشت دونبەر لەهەموو جیهان
لە پش بەژنی تۆ هەر وەکونون بێ
دڵێ لە عەشقی تۆدا خالی بێ
لە حەلقەی وەسڵت دورەزەبوون بێ
ئەم لەعلی لێوت گیانی(زەکیە)
دوور لە لێوانی پیاوانی‌دوون بێ





کامیرای خۆنەران !

کامین لە ـ٣١ـی مانگی پڕ کامەران‌و بەختیار دەهێنە گەلاوێژی سالی ١٩١٤ لەگوندی کایەوە . شەخسیەتەکانی کە - کیدکا - لە پارێزگای - گابروفو - لە خێزانێکی دەست کورت لە دایك بووە باوکی لەگەڵ وەیشومەی جەنگی یەکەمی جیهانی کوژراوە تازە خۆی ناسی بوو کە لە بزونەوەی پێشکەوتن خوازانی دژ بە فاشیزم بەشداری کردوو جم‌و جۆڵێکی زۆری نواندو بازوی ئازایەتی لێ هەڵکردو خەباتی کرد تا بوو بە ئەندامێکی لاوە کۆمونیستەکان خۆ لەگەڵ نووسەرە پێشکەوتن خوازەکانیش‌دا دەورێکی باشی گێڕا بۆ بلاو کردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتن خوازی . نووسەر لە بارەی خۆیەوە دەڵێ :

« لەناو دارستانی چیاکاندا لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمەکەماندا داگەورە بووم‌و ژیانی نەبوونی‌و دەست کورتیش ڤێری زیرەکی‌و ئاواتی کردووم بۆیە هەر لە منداڵیەوە حەزم دەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان ببم بە نووسەر » .

ئەم ژیانەی نووسەرو پەیوەندی بەتینی لەگەڵ زەوی‌و هەژاری‌دا وای لێ کرد شەخسیەتێکی بەهێزی بۆ پەیدا بکات بۆیە هەر لە زۆربەی نووسینەکانیشدا کە ژیانی جوتیارانمان بۆ باس دەکات ئەوەی لەیاد نەچۆتەوە کە دژی ئیمپریالیزم‌و دەرەبەگ دەوەستن‌و دژی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە بە سالاچوەکان دەجەنگن تا ڕۆژی دێ ژیانێکی

***

شوێندا بۆ جوتیاران قسەی دەکردو لە ڕاستی مەسەلەی فاشیستەکانی دەگەیاندن کە چۆن دڕندانە شاڵاو بێ گوندەکانیان دەبەن‌و سادە ترین مافی چارە نووسیان دەخۆن‌و خوێنی ئازادی خوازان دەمژن تا جارێکیان لە کۆبونەوەیەکی فراواندا کە لەگەڵ جوتیارەکان قسەی دەکرد ووتی :-

ڕۆژەکانی گەل .. جوتیارە تێکۆشەرەکان .. ئەی خەم خۆرەکانی سەر ڕووی ئەم زەمینە . ڕۆژی ڕەش بەسەر چووو فاشیستەکان تێك شکان وئیتر ڕۆژیکی نوێ لەژیانی هەموو لایەکمان هەڵات ئیتر جوتیاران چیتر باج نادەن‌و بە سەر بەستی زەوی دەکێلن ئەوەش باش بزانن هیچ قەلایەك نیە دانگیرنەکرێت ئەگەر ڕۆژەکانی گەل هەموویان بەیەکەوە هێرش بەرن ..

کامین لەبەر ئەوەی وەك پێشەوە باسمان کرد کوڕە هەژار بوو دەیزانی جوتیاران چۆن بیر دەکەنەوەو هەست بە چی دەکەن .

خالید جوتیار
کردویە بەکوردی



پرسیارەکانی خۆنەران !

× کاك کازم عەبدوڵڵا کۆیی :
کاکی برای شیعری‌جەژنانەکەت درەنگ گەیشت سوپاسەت ئەکەین و ببورە .

× کاك کەمال سەعدی :
حەزمان ئەکرد نەختێکی ترخۆت لەگەڵ (بویژیتی نالی لە شیعرەکانی حاجی دا) ماندوبکردایە ، وە ناونیشانی باسەکەشت بکردایە بە کوردیەکی خۆمالی .

× کاك جەلال عەبدولکەریم‌ڕۆژبەیانی :
بە ئیرادەی خوا ئیشی پەلەپەلی هەروایە ، بە تایبەتی شیعر .

× کاك هادی بەهمەنی :
ئەو ڕەخنەیەی لە باسی (گردەکەی تەپەکوڕە)وە لە کاك عارف قەرەداخیت گرتوەدیسان خۆیشت هەڵەیەکت تیا کردوە وەکو نوسیوتە : گردی‌بەکراوا ئەکەوێتە باکوری هەڵەبجەوە تەپەکوڕەش ڕۆژهەڵات .. ئینجا ئەوەی خۆمان بەچاو دیومانەو لەڕیبوارەکانی شارەزور پرسیارمان کردوە وابزانم‌وا ناگرێتەوە .

× کاکە زوهیر حسێن‌عەقراوی :
با کەس نەزانێ لەسەرهەردو دیوی قاقەزەکە نوسیوتە خوا ئاگای لێیە لەمەبەستەکەت نەگەیشتین !

× کاك هاشم ئەحمەدسەراج :
شیعرەکەی‌جەنابت جارێ یا بمێنێ !

× کاك ڕزگار ، ئیتر ناونیشانی نەنوسیوە ئەڵێ :
لە ١٩و ٢٠ـ١٢ـ١٩٧٤قوتابخانەی ئامادەی ڕوشنبیری کوڕان لە سلیمانی بە بۆنەی‌کۆبونەوەی باوکانەوە ئاهەنگێکیان گێڕاو گەلێك‌چالاکی هونەری‌و چیرۆکێکی شانۆییان پیشکەش کردئینجا ئەڵێ : ئەم ئەکتەرانە زۆر بە وریایی‌ئەرکی سەرشانی خۆیان جێ بەجێ ئەکرد : ڕیبوارمحەمەد ئەمین ، بهزاد جەلال فارس ، بارزان عوسمان‌محەمەد ئەمین ، سالار عەلی شەریف ، جەمال سەیدمەعروف ، ناسکە مەحمود ئەبوبەکر ڕەشید . داخمان‌ناچێ ڕیپۆرتاجەکەمان درەنگ پێ گەیشت ئەگەرنا وەکو دەقی‌خۆی بلاومان ئەکردەوە .

× کاك هەردەویل بێناز :
قسەی خۆمان بێ تۆش‌لەسەر هەردو دیوی قاقەزەکت نوسیوە ! شیعرەکانیشت‌جگە لە سەرواو کێشەکانی پێویستی بە دەسکاری کردنێکی‌خۆمالیانەی ئەکرد ..

× کرێکارانی کەناسی‌سلیمانی (وەکو خۆیان نوسیویانە)
پارچە نوسینیکیان بۆناردوین دەسخەتەکەمان بۆ ناخویندرێتەوە هەرچەند شتی‌بێ ناوونیشان بلاو ناکەینەوە بەڵام خۆزگایە بمانزانیایەچی‌یان بۆ نوسیوین .

× کاك ئەوەند عەزیز :
بۆنوسینی شیعر تەنیا ڕانین‌ڕوە هونەریەکانی بەش ناکات ئەبێ کەرەستەی تەواویشمان‌بە دەستەوەبێ .

× کاك عەبدولڕەحمان‌عەبدولکەریم :
پیشوتان وتویانە : بەدەستێك چەپڵە لێ نادرێ ... بیروباوەڕی تازەش لەگەڵئەم پەندەدا هاو تەریبە .

× کاك جەلال عەبدولکەریم‌ڕۆژبەیانی :
شەش نامەکەی ترمان‌پێ نەگەیشتوە ئەگەرنا وەڵاممان ئەدایتەوە یا ئەگەر بۆ بڵاوکردنەوە بشیمانایە بڵاومان ئەکردنەوە هەروەها (شیعری گول‌نەسرین) هەر خۆی گول نەسرین !

× کاك ئەبوبەکر خۆشناو :
نەریتی کۆمەڵایەتی کوردەواری لەگەڵ قولەڕەشەکانا لە هەمو سەرێکەوە هاوتەریبنین .. ئەوەی زۆرتر لێکیان نزیك ئەکاتەوە زەمینەی چەو ساندنەوەیی خەباتی جەماوەری زەحمەتکیشەکانە کە هەریەکەیا وەکو ئاوێنەی واقیعی ئەوی تریانە .

× خوشکە روناك :
کیشەی چینایەتی‌و ئافرەت هاوچەرخ .. لە هەندێ شوێنیا لە باسەکە دورکەوتۆتەوە .. بابەتی زانستی پیویستی بە خۆماندوکردنی زۆر هەیە .
ناکۆژێنێتەوە) مەبەستی نووسینەکەشت لە ڕێگای شیعرەوە زۆر ماندووئەبێ .

× کاك عوسمان فەتاح :
لەوەڵامدا زۆر سوپاسگوزارین ئەکەین ، هیوادارین ئاسۆی دڵسۆزیتان فراوانتربێ .

× کاك ئیسماعیل‌بەرزنجەیی :
ناوەڕۆکی چیرۆکەکەت ئەنرسۆن کە کردوتە بە کوردی وەکو چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی کوردەواریانە کاریگەرنیە .

کاك شیروان حەسەنی :
لە پارچە هونراوەکەیا ئەڵێ :
لە شەوێکی
پر لە ترس
جەستەی بێ بار .. خۆی ئەدا لێم
لە شەوێکا
وای ئەکرد لێم
تا پێت بڵێم
ئەی شەوە زەنگ
بڕۆ لە لام بە دڵی تەنگ
.....

× کاك عوسمان فەتاح :
لەوەڵامدا زۆر سوپاس ئەکەین ، هیوادارین ئاسۆی دڵسۆزیتان فراوانتربێ .

× کاك ئیسماعیل‌بەرزنجەیی :
ناوەڕۆکی چیرۆکەکەت ئەنرسۆن کە کردوتە بە کوردی وەکو چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی کوردەواریانە کاریگەرنیە .

kurdedeparis
institut k

بامنیش لێرەوە - پاشماوە

سەرکەوتوو نەبێ خۆی لە تەوقی بۆنەکە ڕزگار کاو پەل بهاوێو گشتی‌یەتی (شمولیە) پەید بکا ، زۆری پێ‌ناچێ سیس ئەبێو ئەبێ فڕی بدرێ .

شیعری ڕاستەقینەی دەروونی هەرچەندە بەرهەمی ژان (معاناة)ی تاقە کەسێکە، بەڵام هەرکەس کە تەماشای ئەکا خۆی تیا ئەبینێ . بۆیە هەرگیز ڕاست نی‌یە بە چاوی تاکەیی (فردیت) تەماشای شیعری‌وا بکەین ،بەڵام شیعری بۆنە ، وەك وتم ئەگەر نەیتوانیبێ خۆی لە کۆتی بۆنەکە ڕزگار بکا ، هەرچەند دەربڕی ژانی دەروونی کۆمەڵێکیش بێ نابێ بە هی هەموانو پاش بەسەرچوونی بۆنەکەش بڕ ناکا .

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا نابێ هەرگیز واتێ‌بگەین شیعر بۆ سیاسەت دەستنادا .. قسە قسە رائەکێشێ . جارێ ئەبێ هەندێ ورد لە مەعنای سیاسەت بکۆڵینەوە . ئەگەر لەبارەی فەلسەفی‌یەوە بدوێین ئەدەبو هونەریش وەك هەر سەرخانێکی کۆمەڵ (البناء الفوقی) بێ‌پەیوەند نی‌یە لەگەڵ سیاسەت کە لەڕاستیدا ئاوێنەی خەباتی چینایەتی‌یە . ئەدەب هەرچەند بۆ نموونە دڵداری‌یەکی ڕووتیش بێ ، هەرچەند دەروی تایبەتی‌ی دەروونی شاعیرەکەش بێ ، رەخنەگر بەمەرجێ لایتی بیری مەتریالیزمی مێژوویی بەدەستەوە بێ ئەتوانێ ئەو تاڵە دەزووە بدۆزێتەوە کەوا ئەو کارە ئەدەبی‌یە بە سیاسەتو مانای چینایەتی‌یەوە ئەبەستێ ، با ئەو تاڵە دەزووەش زۆر کاڵو باریك بێ ..

با بچینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان . لە سیاسەت دوان مەرج نی‌یە هەر بە وشەی (بژی)و (بڕووخێ) بێ .. (بژی)و (بڕووخێ) شێوە ساکارەکەی سیاسەتمان پیشان ئەدەن .. هونەرمەندی ڕاستەقینە پێویستی بە بەکارهێنانی ئەم دروشمانە نی‌یەو ئەتوانێ لە چوار چێوەی کارێکی بەرزی هونەریدا هەڵوێستی سیاسی‌ی خۆی دەربڕێ .. ئەتوانێ وەك تەلیسم هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا بەدەستەوە نەداو کەچی خوێنەریش پاشان ڕەپو ڕاست لە مەبەست بگاو بتوانێ هەڵوێستی هونەرمەندەکە بدۆزێتەوە . پلەی خوێندەواری‌و تێ‌گەیشتنی کۆمەڵی شاعیرەکەش نابێ بخرێتە پشت گوێ . گەلێ جار وائەبێ شاعیری لێ‌هاتوو بەهوی دواکەوتوویی پلەی ڕۆشنبیری‌ی گەلەکەیەوە ناچار ئەبێ شیعری سادە بڵێ . بەڵام لە هەموو حاڵێکدا بڕیاری دوایی بۆ توانای هونەرمەندەکەیە . ئەوە ئەتوانێ ئەگەر بەڕاستی هونەرمەند بێ شیعرێك بڵێ با بۆ مەبەستێکی سیاسی‌ی ڕووتیش بێ ، ئەوەندە بەرز بێ تامو خوێی شیعری تیا کەم نەبووبێتەوە . نموونەیەکی بێگانەو یەکێکی خۆماڵیتان پیشان ئەدەم . کێ هەیە (ناظم حکمت) نەناسێ ؟ شاعیرێکی کۆمۆنیست ، هەموو ژیانو بەرهەمی خۆی بۆ خەبات لەپێناوی بیروباوەڕی خۆیا تەرخان کردبوو لەم ڕێگایەشدا سەری نایەوە . لەگەڵ ئەوەشدا ، چونکە بەڕاستی شاعیر بوو ، دروشمێکی سەر خامی خۆپیشاندانی نەخستە ناو دێڕی شیعرەکانیەوە . بەڵکو لە شاکارێکی وەك شانۆنامەی (بشێ ئیڤان ئیڤانەڤیچ ببێ ؟) یدا کە بۆ بەدناو کردنی بیرۆکراتی‌و ماستاو کردنی نووسیوە ، وشەیەکی‌وات بەرچاو ناکەوێ لەم بابەتە بدوێ . کەچی کە نە خوێندنەوەی شانۆ نامەکەی ئەبێتەوە ڕەپو ڕاست تێ‌ئەگەی ئەڵێ چی . هەروەها لە شانۆنامەی (کەللەسەر) یدا کە بۆ باسی کڕینی مێشکی زانایانی تەرخان کردووە لە ڕژێمی سەرمادارییدا بە سوودی چەوساندنەوە ، نە وشەیەکی سەرمایەداری‌و نە وشەیەکی چەوساندنەوەو چینی کرێکارو شتی‌وات نایەتەڕێ . کەچی کە لە خوێندنەوەی شانۆنامەکە ئەبیتەوە مەگەر هەر زۆر نەفام بی‌و تا پەنجە بە چاوتەوە نەکەن هیچ تێ‌نەگەی ، ئەگینا بەئاشکرا هەمووشتت دێتە ناو مشت .

گۆرانی نەمری خۆیشمان لە شیعری (دوا سرنج)یدا کە بۆ کچێکی جوانی سەرەڕێ گرتووی چاوەڕوانی‌ی دۆستەکەی وتووە ، بەوپەڕی ناسکی‌یەوە ، هەستی خۆی بەرابەر ئەو هەڵوێستە دەرئەبڕێ . تەنها لە تاقە دێڕێکیا کارەساتی دڵ برندارکەری خۆی وەك کوردێکی دیلی دەستی چەوساندنەوەی نەتەوەیی باس ئەکا کە ئەڵێ :

بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ سیس‌کەر ،

بیزارە لە چووکەی دەنووکی کوردی ..

ڕاوکەری دارستان لە باڵدار پیس کەر ،

ڕێی چینەی لێ تەنیم بە دوای وردی ..

ئەو کارەی ئەم تاقە دێڕەی گۆران ئەیکا لە مەیدانی دەربڕینی گێرودەیی ئەدیبی کورددا ، بە پەنجا پارچە شیعری سیاسی رەپو راست ناکرێ .

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەگەر شاعیر بی‌یەوێ توزێ ڕوونو ڕەوانتر بێتە کۆڕی سیاسەتەوە ، نەبێ ئەو هاتنە ناوەوەی ، کەم یا زۆر ، لەسەر حیسابی نرخی هونەری‌ی بەرهەمەکەی بێ . با هەر گۆران خۆی بکەینەوە بە نموونە .. من باوەڕم‌وایە کەس نی‌یە بتوانی بڵێ فەرقی بەینی شیعرە سیاسی‌یە (ڕاستەوخۆ)کانی‌و(١) شیعرە ئافرەتو جوانی پەرستەکانی نی‌یە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە شیعرە سیاسی‌یەکانیشی نەك تەنها لە مەیدانی شیعری سیاسیدا ، بەڵکو لە تێکڕای مەیدانی شیعردا لە چڵەپۆپەدان بۆیە من هەرگیز ناتوانم بڵێم ئەگەر لەبەر سیاسەت نەبوایە گۆران هەرگیز لە شیعرێکیا ئەیوت :

من گەلم .. گەلی عێراقم ..

کورد ئەم لاقم .. عەرەب ئەو لاقم

هەرچەند تاقە چەند شیعرێك ناکرێن بە بەڵگەی لاوازی‌ی پارچەیەك ، نەخوازەڵا پەنەرامایەکی مەزنی وەك (بت - بتەوان) .

کەواتە کاك دڵشاد کە ئەیەوێ هێمن لەبارەی سیاسەتەوە بە شاعیرێکی دەسەپارچە دانێو تەنها بە شاعیری ئافرەتو جوانی‌ی بزانێ ، بە هەڵەیەکی گەورەدا چووەو دەری‌خستووە کە هێشتا نازانێ دەرەتانی شیعری سیاسی چەند تەسکەو ئاگای لەوە نی‌یە کەوا ئەم دەردی جیاوازی‌ی پلەی هونەری‌ی شیعری سیاسی‌و شیعری دەروونی‌یە ، دەردێك نی‌یە تەنها هێمن یا تەنها شیعری کوردی بەدەستیەوە بناڵێنێ . «پەتا »یەکی جیهانی «مەناعە»ی شاعیرێ هەر ئەوەندەی لەباردایە نەهێڵێ کە تووشی شاعیر هات بیدا بە ئەرزاو لە پەل‌وپۆی بخات !

لە سەرێکی‌تریشەوە دڵشاد لەوەشدا بە هەڵەدا چووە کە نەهاتووە لە نرخی هونەری‌ی شیعرە جوانی‌و ئافرەت پەرستەکانی هێمن بکۆڵێتەوەو بزانێ هەریەکە بایی چەندنو هەر بەو سەنگو ترازووە ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو لەیەك تەریکی‌یەی لەنێوان شیعری سیاسی‌و ناسیاسی‌دا هەیە بایەخی شیعرە سیاسی‌یەکانیشی دیاری بکات . دیارە ئەمەش هێ ئەوەیە ڕەخنەی سیاسی خۆیشی وەك شیعری سیاسی ئاسانەو ڕەخنەی ئەدەبی‌و هونەری وەك شیعری دەروونی قورسەو وەك چۆن ئەم شاعیرێکی کارامەو لێ‌هاتووی ئەوێ ئەویش ڕەخنەگرێکی رۆشنبیری وڕدی‌وای ئەوێ شارەزای‌ئەوبابەتانەبێ‌پەیوەندیان بە هونەری‌شیعرەوە هەیە . دڵشادیش پیاوانە زانیویە مەلەوانی ئەم روبارە بێ‌بوارە نی‌یەو باشترە خۆی نەداتە قەرەی‌و دیارە (سیروان لێی نەدەی ناتبا) !

یەکێکی‌تر لەو هۆیانەی بوون بە مایەی بە هەڵەدا چوونی کاك دڵشادو گەلێکی‌تریش کە بۆ نموونە بە کەسانی وەك (قانیع)و (بێ‌کەس)و (هەژار)و ئەوانە ئەڵێن شاعیر نین ، ئەوەتە بە چاوێکی ئەورووپایی‌یانە تەماشای شیعری کوردی ئەکەن . دیسان ئەڵێم کاتی ئەوەش هاتووە بزانین لە شیعری کوردیدا قوتابخانەیەکی تایبەتی هەیە نازانم چۆتنان بۆ باس بکەم ، هەر ئەوەندە ئەتوانم بڵێم ئەو قوتابخانەیەیە کەسانی وەك قانیعو بێکەس‌و هەژارو ئەحمەد موختار جافو زێوەرو گەلێکی‌تری پێ‌گەیاندووە . شیعری ئەمانە لەڕاستیدا درێژە کێشانی شیعری کلاسێکی فارسی یا فۆلکلۆری‌ی کوردی‌یە لەگەڵ گۆڕینی ئەرکەکانی سەرشانی ئەو جۆرە شیعرانەدا بۆ خزمەت کردنی ئامانجەکانی ئەمڕۆی ژیانی گەلی کورد . ئەگەر ئەم شاعیرانە خەریکی شیعری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی نەبونایەو وەك (کوردی)و (سالم)و (مەحوی)و (نالی)و ئەوانە شیعریان بووتایە ، بێ‌گومان لە چوار چێوەی فۆرمی شیعری کۆندا، کەم تا زۆر شاعیری هەڵکەوتوویان لێ دەرئەچوو . بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەمە ئەوەتە کە سەیری شیعرە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەم شاعیرانە ئەکەین ، چونکە ئەبینین شیعری کۆمەڵایەتی هەچەند لە شیعری دەروونی کەم دەرەتان‌ترە - لە شیعری سیاسی‌ی رۆژانەش‌بەدەرەتان‌ترە بەتەواوی هەست ئەکەین شیعری کۆمەلایەتی‌یان لە شیعری سیاسی‌یان گەلێ سەرکەوتووەترە .

---

(١) راستەکەی گۆران لە شیعرە بۆ سیاسەت وتراوەکانیشدا راستەو خۆ لە سیاسەت نادوێ ، خوازەلا ئەگەر لەمڕووەوە لەگەڵ شاعیرانی‌تری کوردو عەرەبو فارسی بەراورد بکەین . بەڵام من لێرەدا وتم (ڕاستەوخۆ) بۆئەوەی ئەم شیعرە سیاسی - بابەتانەی لە شیعرەکانی‌تری جوێ‌کەمەوە .

میلیتاریزم - پاشماوە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیعدام کردو خستیە بەندیخانەکانەوە . لە مەیدانی دەرەوەی ئێرانیش‌دا ، داگیر کردنی ٢ دورگەی عەرەبی‌و ناردنی‌لەشکر بۆ عمانو زەفارو ورێنەو قسەکانی شاوبەریوە بەرانی ریژیمی ئێران ، دیاردەی ئاشکرای سیاسەتی بە لەشکر خورین‌و مەزنخوازیە .

سیاسەتی‌سیاسی - عەسکەری ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ئینگلیزی لە ناوچەی روژهەلاتی ناوەراستدا

گوتمان سیاسەتی‌میلیتاریستی دەولەتی ئێران ، بەشیکە لە سیاسەتی گشتی ئیمپریالیزمو شا بە جێ‌گەیێنەری نەخشەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە .

ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بو سەقام گرتوویی هیزی عەسکەری خویان لە هەریمی ئوقیانوسی هیند نەخشەیەکی بەرینیان کیشاوە . بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو نەخشەیە دامەزرانی هیندی پێگەی عەسکەریان لە بەر چاو گرتوە .

هەر چەندە بەریتانیا لەم سالانەی دوایی‌دا ، لە ژیر زەبری‌جوولانەوەی‌رزگاریخوازی نیشتمانی‌و تەنگو چەلەمەی ئابووری‌دا ناچاربوو لە ناوچەی خەلیج‌و سەنگاپور ومالیزی هیندی پێگەی عەسکەری چول بکا . بەڵام هێشتا هەم لە (سەنگاپورو هەم لە مالیزی) و هەم لە (مەسقەت‌و سەلالە)و دورگەی (مەسیرە)و لە دورگەی (موریس) لەروژهەلاتی (ماداگاسکار)و لە دورگەی (مالدیو) لەناوەندی ئوقیانوس هیندو لە (سای مونس تائون) لە ئەفریقای خوارو خاوەنی پێگەی دەریایی‌و هەوایی‌یە .

لەگەڵ چوونە دەری ئینگلیز لەخەلیج ئەمریکا پێگەی‌پیشووی ئینگلستانی لە (بەحرەین) گرتوتەوە . بیجگە لە فروکە ، دوو پاپوری شەری ئەمریکاییش لەو پێگەیەدان . لە دورگەی (گوئام)یشەوە ، جاروبار ژیر دەریایی هەلگری « پولاریس » هاتوو چۆی پێگەی بەحرەین دەکەن . ئەمریکا خەریکە پێگەیەکی ژیر دەریایی لە (مەسیرە دروست بکا) .

فروکەخانەکانی « محرق‌و نامەی » ئێستا لە بەردەستی ئەمریکا دان . هەروەها پێگەی هەوایی « شارجە »شی بەئیجارە گرتوە .

پێنتاگون لە ناوچەی خەلیج هیزی دەریایی خوی لە ژیر دەستی فەرماندەی گەلەکەشتی حەوتەم لە ئوقیانوسی ئارام ناوە بیجگە لە وانە ئەمریکاو ئینگلیز خەریکن چەند پێگەی هەوایی‌و دەریایی لە دورگەی « دیەگو-گارسیا » لە (کۆمەلە دورگەی چاکوس) لە نیوەراستی ئۆقیانوسی هیندو هەروەها لە « کوك برین سائوند » لە خواروی روژ ئاوی استرالیا ساز بکەن .

دەولەتی ئێران لە سەرەتاوە بە قسەی شا (تەنیا بە تەنگ خەلیجەوە بوە » ولە روخەکانی خواروی خەلیج (بوشەهر ، خورەمشەهر ، شاپور ، وبەندەر عەباس هیندی پێگەی دەریایی‌و هەوایی‌و دروست کردوە . رایەڵگەی فروکەخانەی نیزامی سەرانسەری ئێرانی گرتوتەوە - (شیراز ، ئەهواز ، دزفول ، ئابادان ، هەمەدان ، پێگەی دەریایی لە دورگەی خارك ، بەشیکی ئەم رایەلکەیە . هەروەها ریژیمی ئێران خەریکە لە دورگەی ئەبووموسی‌و تومبی گەورەو بچوك پێگەیەکی عەسکەری دروست دەکا . بە گویرەی راپورتی هیندی هەوالدەرو رۆژنامەی روژئاوا دەولەتی ئێران خەریکە لە (ام انعم) لە خواروی دەراوی (هورمز) پێگەی عەسکەری دروست بکا .

گۆڤاری الاخباری لوبنانی ١٩-٦-١٩٧٢ نووسیبووی : « پەیانێکی نهێنی لەوبارەوە لە نێوان دەولەتی ئێران‌و قابووسی عماندا ئیمزاکراوە » .

قەرارە لە بەرنامەی پینجەمدا پێگەیەکی هەوایی گەورە لە (جاسك) یەك لە (چابەهار) یەکی تریش لە خواروی روژهەلاتی ئێران نیزیك لەپاکستان دروست بکەن .

ئەوانەی شارەزای جوغرافیاو وەزعی ستراتیژی‌و دەرەتانی هەوایی‌و دەریایین ، دەزانن کە ئەو نەخشەو کردەوەی میلیتاریستی‌و ئاژاوە چیانە ، بەشێکن لە نەخشەی ستراتیژی ئەمریکاو ئینگلیز لە ئوقیانوسی هیند .

سەروکەکانی رێژیمی ئێران باش دەزانن کە دامەزرانی رایەلکەی ئەو پێگە عەسکەریانە هەرەشەیە ، لەم ولاتانە کە نایانەوی مل بو ویستو دەستەلاتی ئیمپریالیزم رابکیشن دەولەتی کۆنەپەرستی ئێرانیش هەر بویە لەو نەخشەو پیلانەدا بەشی دەکا .

لە سەرانسەری رۆژهەلاتی ناوەراست وهەریمی ئوقیانوسی هیند گەل‌و ولاتی جۆر بە جۆر بۆ ئازادی‌و دابین کردنی سەربەخۆیی تەواو خەباتێکی توندیان دەست پێ کردوە سیاسەتی مەزنخوازی‌و پەلامار دەرانەی ئیمپریالیزم کە حکوومەتی ئێرانیش هاو دەستیەتی لە دژی جوولانەوەی رزگاریخوازی گەلان‌و سەربەخویی ولاتانی ئەو هەریمەیە .

شای ئێران میلیتاریزم بە « دیاردەی فیزی نەتەوایەتی » دادەنی . بەڵام میلیتاریزم دیاردەی شوڤینزم‌و مەزنخوازی چینی چەوسینەری سەرمایەداری ئێرانە ، کە هێشتا لە هیلکە نەهاتوتە دەری ، دەیەوی بە هاو دەستی‌و تیکەلی دەگەل ئیمپریالیزم ولاتانی تر پەلامار بداو داگیریان بکاو ئەم‌کردەوە گلاوەش ناوبنی نوێ کردنەوەی مەزنیەتی ئیران » .

بیجگە لەوە میلیتاریزم دیاردەی خەسلەتی دژی گەلی‌و دژی دیموکراتی ریژیمی ئیرانە، چوونکە هەموو مافیکی ئازادی‌و نەتەوایەکی گەلانی ئیرانی پێشیل کردوەو هەموو ویست‌و داخوازیکی رەوای گەل بە گوللەو سەرنیزە وەڵام دەداتەوە .

دیاردەیەکی دیکەی میلیتاریزم ئەوەیە ، کە ئیرانی کردوە بە کلکەی ئیمپریالیزم و لەشکری ئیرانی‌کردوتە پاشکوی پینتاگون و ئەفسەرانی ئێرانی خستوتە-ژیر دەستی عەسکەرەکانی ئەمریکایی .

دیاردەیەکی دیکەی‌میلیتاریزم بەستنەوەی ئابووری ئیرانە بە مونوپولەکانی چەك سازیەوە . بەشی زوری داهاتی نەوتی ئیران بە چەك دەدری‌و چەرخی کارخانەکانی چەك سازی ئیمپریالیزمی پی دەگەری .

میلیتاریزم نەخوشی شیر پەنجەیە لە (سەرەتان) کە حەتمەن ئەو کەسە دەکوژی کە پێوەی نووساوە . ناپلێون‌و ویلهلم‌و هیتلەرو زۆری دیکەش نموونەی زور ئاشکران . میلیتاریزم ریگایەکە کە ئەوانەی پێدا دەرۆن تووشی شێنی‌و دیوانەی فیزولوت بەرزی‌و بە لەشکر خوڕین دەبن . بەڵام لە ئاخردا نسکۆ دەبەن‌و سەر ئەنگری دەبن‌و تی‌دادەچەن . رێژیمی ئێرانیش لەو قانوونە جیا نیە .

***

کونگرەی ئافرەتانی - پاشماوە

شۆرشی عیراق ئەکەن .

وە کاك محمد عایش سەرۆکی یەکێتی گشتی نەقابەی کریکارانی - قطر - ی عیراق لەو تارەکەیدا باسی ڕەوتی خەباتی ئافرەتانی کارگێڕی کرد کە خەریکن شوێنی خۆیان لە کۆمەڵدا جێگیر ئەکەن‌و دەوریان لە بنیات نانی کۆمەڵێکی پەرەسەندوودا پتەو کاریگەرتر ئەکەن .

ئنجا بەرێز منال الالوسی خان سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق‌و تارێکی بەناوی یەکێتی‌یەوە خوێندەوەو بە ناوی ١٥ رێکخراوی ئافرەتانی عەرەبەوە سلاوی لە کونگرەکە کرد .

کاروباری کۆنگرەکە شەش رۆژ ئەخایەنێ‌و تیایدا باسی شەش مەسەلە ئەکرێ کە ئەمانەن : - پەیوەندی ئافرەتی کارگێڕی عەرەب بەبزوتنەوەی رزگاری خوازانە لەنیشتمانی عەرەب‌و بزوتنەوەی رزگاری خوازی عەرەب‌و پەرەپێدان وپەرەسەندن‌و ئافرەت‌و یاسادانی کارکردن‌و کەرتی کشتوکاڵ‌و رێکخراوە نەقابی‌یەکان . وەسێ لیژنەی سەرەکی پێك هات بۆ لێکۆلینەوەی ئەم شەش بابەتە .

ئا.د.ع

فەرهەنگی زانیاری - پاشماوە

دەرکەوتوە لە بارەی « چوار راستیە پاك »ەکانەوە و « زنجیرەی نێوان هۆو هۆکاری - سبب وسبب‌ەوە .

بوذیگەری ، هەم ئایینەو هەم فەلسەفە کە هەردو لە ئاسیادا بڵاون . لە سەدەی شەشەمی پێش‌زایینیدا لە هندستانەوە بە رەو ناوەراست ورۆژهەلاتی خوارووی ئاسیاو چین‌و کوریاو ژاپۆن بلاوبوەتەوە و دەوریکی باڵای دیوە لە ژیانی گیانی‌ی رۆشن بیری‌و کومەڵایەتی دانیشتوانی رۆژهەلات .

لەم چەرخەشدا سرنجی گەلیکی لە دانیشتوانی رۆژ ئاواش بەرەو خۆی راکیشاوەو بگرە پەیڕەوکاریشی بو خۆی پەیدا کردوە تێ‌یاندا .

أ . ش . وەری‌گیراوە لەئینسایکلۆپیدیای بەریتانیاوە

: ● :

پاشماوەی مێژوی ماد

بەرلەزاینی‌یەوە کۆنتر نەبێ وە بەرای زوربە ئەڵین کۆنترە . خاوەنی ئەم وێنە کێشراوە هەڵکەندراوە نازناوی پادشایەتی نیە وەرەنگ بێ وەکو (گودەئا) ئەمیش سەرکردەیەکی سەربەخۆو یان یەکێ لە دەسەڵاتداران بووە . بەتەواوی ئەتوانین بڵێین خاوەنی ئەم نێگارە گوتی‌یە ، بەتایبەتی کە ناوی خاوەن نیگارەکە ناوێکی بێگانەیەو زمانی ئاکادی نیە ، هەرچەند بە ئاکادی‌لێك ئەدرێتەوە بەڵام هیچ پەیوەندی‌یەکی بەناوی تایبەتی ئاکادی‌یەوە نیە .

لەوە ئەچێ دووەمین پەیکەری سەری (برمرگلری) ئەویش نمونەی هونەری گوتیەکان بێت .

شوێنەواری باس لێوەکراو ، ئەگەر دەسکردی گوتیەکان بێت - ئەوە نیشان ئەدات کە ئەوان زۆر تەقەللایان‌داوە کە هونەری خۆیان سەربەخۆبکەن وە سود لە مامۆستا نێگارکێشە نەقاڕەکانی سومەری‌و ئاکاد وەرگرن . بەڵام لە نەخشەی گوتی‌یەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینی یەك کۆمەڵی چینایەتی تەواوە

- کۆمەڵێك کە لە سەر ئەساسی چینەکان پیك‌هاتبێت - نەبو وەئەوان لەناو چەرخ‌و چوارچێوەی کومەڵگای چینایەتی دو روبار (بین النهرین) دا نەگونجابون ، وە لە کێوەکانی زاگروسیشدا دیسان پیویستی پەیدابوونی کومەڵگایەکی بەم جۆرەیان نەبو .

زانیاری تری ئێمە لە بارەی گوتیەکانەوەو بەشێوەی گشتی لە بارەی هۆزەکانی دانیشتوی کێوەکانی زاگروسەوە بچڕپچڕو ناتەواو ، پادشایانی زنجیرەی سێیەمی (ئور) هەمیشە لە دامین کێوەکانی زاگروسەوە خەریکی شەڕو شۆربون . میژوی ئەم زنجیرەیەو زنجیرەکانی دواییش بەپێی (فورمولی‌میژو نویان) ئەزانین : لە بەر ئەوە چونکە سەرەتای میژووی تایبەتی لە بارەی ژماردنی ساڵەکانی میژووەوەلە سومەرو ئاکاددا نەبووە دانانی میژووی رووداوەکان گرنگ‌بوە .

ناوی هەریەکە لەو روداوانە بەساڵێك دانراوە کە روداوێکی تیادا قەوماوە وەیان بەناوی ساڵێك لە دوای ئەورووداوەوە . لە (فورمولی میژوو نوسان) زنجیرەی سێیەمی (ئور) زوربەی بە لە شکرکەشی دژی (ئوربیلو) (ئاربل - کە ئیستە پێی ئەڵین ئەربیل) ناونراوە . وە (سیموروم) بەقسەیەکی تر (زابان) کەئیستە پێی ئەڵین (ئالتین کوپرو) وە لەسەر زێی بچوکە . وە (شاشروم) یان (شا - ئاشوروم) (؟ - کە دوایی ئاشورو ئیستە قەلای - شرکات ؟) ناونراوە سەرنج ئەدەین . وە ئیتر لەشکرکەشی دژی (لولوبو) و (خارشی) و (کیماش) و (خومورتی) و (گانخار) کە زوربەیان لە شارەکانی هوریتی کۆهپایەنشینەکانی دورەدەستی زاگروس بوون قسەیان لێوە کراوە . شوێنی ناوچەی (لولوبو) ئیستە ئەزانین . (کیماش) لەوەئەچێ لە نزیك کەرکوکی ئیستاوە (خومورتی) لەنیوان (کیماش) و (خارشی) دابوبێت . ناوچەی ئەم دواییە باسمان‌کرد لەوە ئەچێ هەمان (کیوی خارسی) ئاشوری بێت کە لە سنوری ناوچەی ٤ (جەدوەلی میژوویی جوگرافیای خۆمان) و (ئارستیا) - ی ئورارتو - یی (کە لە نزیك « توز خورماتلی » ئیستاوەیە) بووە . لەم ناوچەیە یان نەختێك نزیکتر بە خاکی ئاشور ئەبێ (زابشالی) و (خوخونوری) وئەو شارانەی تر کە سەریان بۆ پادشایانی ئەم زنجیرەیەدا نەواندبوو هاتوچویان کردوە .

- ماوێتی -

دانانی بەردی بناغەی - پاشماوە

شارەکە . لە شەقڵاوەش شەقامە سەرەکی‌یەکە تەواو قیرتاو ئەکرێ .. هەروەها لە شاری سلێمانی مۆزەخانەی نوێی سلیمانی دروست ئەکرێ کە وەزارەتی راگەیاندن جێ‌بەجێی ئەکات‌و ٣٦٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت‌و بەرینی زەوی‌یەکەی (٤١٨٦) مەتری چوار گۆشە ئەبێ‌و هۆڵی نیشان دانی پاشماوەو وێنەی شوێنەوارو دۆزراوە گران بە هاوومێژوییەکان‌و عەماری کتێب‌و هۆڵی حەسانەو کتێبخانەی تیادا ئەبێ . وە لە شاری بەغداش زەوی‌و زار بەسەر ١٨٨ ماڵە جوتیار دا دابەش کرا .. وە لە پارێزگەکانی تری ولات دا چەندین پرۆژە کرانەوەو بەردی بناغەی پرۆژەی تر دانران .

: ● :

insititut kurde de paris

فەرهەنگی زانیاری

- بوزا -

لەقەبی کابرایەکە خۆی ناوی سید هارثا گاوتاما بووە لە ساڵی ٥٦٣ پێش زایینداا لە شاری کاپیلافاستو - شوێنەواری ئیستای شاری رومیندی لە نیپال- لەدایکبووە لە ساڵی ٦٨٣ی پێش زایندا لە شاری کوستیارا کۆچی دوایی کردوە (ئەم شارە ئیستا ناوی کاسیایەو ئەکەوێتە هندستانەوە ٠) بوذا داهێنەری بو ذیگەریە ، کە ئەوتایین وسیستەمەی کە بو بەسەر چاوەیەکی روشنبیریی زورگەورە ٠ وشەی بوذاش مانای « وریا » یاخو «روشن»ە بۆ ئەوەی و تەیک کە پشت بەپشت ئەگێرێتەوە ، بوذا لە نەوەی فەرمانڕەواکانی ولاتی ساکیاس بوە ، بەم جورە بە شازادەو خانەدان ئەژمێردێ ٠ گەلێ خەرافات لە بارەی لەدایک بوون وگەورە بوونیەوە ئەڵێنەوە ٠ لەبەمەنی شانزدە ساڵیدا ژنی هناوەو تا ماوەیەک ژیانێکی کامەرانی رابواردوە ٠ گوزرانی هەژدەسالەکی لە ژیانیدا لە زەمەنی ٢٩ ساڵیدا رووی داوە کاتێ بە بۆی دەرکەوتوە کە نادەمیزاد چۆی ، نەخۆشی و مردنی لە پێشە ، و ژیان هەموی زنجیرەیەکە لە ناخوشی ، لەبەرئەوە بڕیاری لە « خوبۆردنی مەزنی داوە تا بەم جۆرە پشت بکاتە ژیانی میرزادەیەتی وببیتە « زاهیدیکی گەورەک » ٠ بەم جۆرە لە میرزادەیەتیە کەی دەرپەڕیو ژن و منداڵەکانی بەجێ هێشتو رووە باشوملی نابۆ میرنشینی ماگادا بە ئارەزوی دیتنەوەی مامۆستایەک کە ڕێگای راستی بۆ دەست نیشان بکات لە دوای ئەوەی لە گەل ماموستایەکی ئەدەها بەیەک خەیاڵی گەیشتن بە جووتە چونە حاڵی « نەبوون »ەوە ، وە لە گەل یەکیکی تردا ماوەیەکی لە حاڵی « نەهوشیاریو نەبێ هوشی»دا رابوارد بەڵام دڵی بەمانەش پاراو نەبو « خولیای راستی » لە کەڵەیا هەر لە جوشانا بو٠ لەم کاتەدا لووتی تەقی بە لووتی چوار زاهیدی پاکیزە سروشتی وەکوخوی لە یەکیک لەو باخچەو نزارانەی نزیک بە وروفیلاو هەمو بە یەکەوە شەش مانگ خەلوەکیشیان کرد ٠ کاتیک کە لەبەر بێ تینی هاتە پلەی بووراندە دەستی لە ژیانی زاهیدانە هەڵگرتو بۆی نایە سەر ڕێگای راستی بۆ دەست نیشان بکات لە دوای ئەوەی لە گەل ماموستایەکی ئەدەها بەیەک خەیاڵی گەیشتن بە جووتە چونە حاڵی « نەبوون »ەوە ، وە لە گەل یەکیکی تردا ماوەیەکی لە حاڵی « نەهوشیاریو نەبێ هوشی»دا رابوارد بەڵام دڵی بەمانەش پاراو نەبو « خولیای راستی » لە کەڵەیا هەر لە جوشانا بو٠ لەم کاتەدا لووتی تەقی بە لووتی چوار زاهیدی پاکیزە سروشتی وەکوخوی لە یەکیک لەو باخچەو نزارانەی نزیک بە وروفیلاو هەمو بە یەکەوە شەش مانگ خەلوەکیشیان کرد ٠ کاتیک کە لەبەر بێ تینی هاتە پلەی بووراندە دەستی لە ژیانی زاهیدانە هەڵگرتو بۆی نایە سەر ڕێگای راستی بۆ دەست نیشان بکات لە دوای ئەوەی لە گەل ماموستایەک کە ڕێگای راستی بۆ دەست نیشان بکات لە دوای ئەوەی لە گەل ماموستایەکی ئەدەها بەیەک خەیاڵی گەیشتن بە جووتە چونە حاڵی « نەبوون »ەوە ، وە لە گەل یەکیکی تردا ماوەیەکی لە حاڵی « نەهوشیاریو نەبێ هوشی»دا رابوارد بەڵام دڵی بەمانەش پاراو نەبو « خولیای راستی » لە کەڵەیا هەر لە جوشانا بو٠ لەم کاتەدا لووتی تەقی بە لووتی چوار زاهیدی پاکیزە سروشتی وەکوخوی لە یەکیک لەو باخچەو نزارانەی نزیک بە وروفیلاو هەمو بە یەکەوە شەش مانگ خەلوەکیشیان کرد ٠ کاتیک کە لەبەر بێ تینی هاتە پلەی بووراندە دەستی لە ژیانی زاهیدانە هەڵگرتو بۆی نایە سەر